
## د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بۆ گوڵان:

# لەبەر ئەوەی سەرچاوەی بۆچوونەکانی سەرۆک بارزانی نەتەوەیی و عادیلانە بوو، گوشارەکان نەیانتوانی پۆستی سەرۆک کۆمار لەکورد وەربگرنەوە

بەڕێز د.ڕۆژ نوری شـــاوەیس ئێســـتا جێگری ســـەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵییە و ســـەرۆکی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردســـتانیەکانە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، هەروەها د.ڕۆژ یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینە مەیدانییەکانی کوردستان و لە ڕۆژانی بەرخودان و مقاوەمەتدا ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبووە، لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەساڵی ١٩٩٢ بۆتە جێگری سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا بۆتە سەرۆك وەزیرانی کوردستان و دوای ئەویش پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی پێدراوە، لەو کاتەوەشـــی چۆتە بەغدا نوێنەری سەرۆك بارزانی بووە لە پرۆسەی سیاسی عێراق و ماوەی ساڵێکیشە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقە، بەڕێز د.ڕۆژ نوری شـــاوەیس لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی مارتی ســـاڵی رابردوو ســـەرۆکایەتی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکانی لەوتووێژەکاندا کردووە، بۆیە دوای ئەوەی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی کۆتایی بەقەیرانی سیاسی عێراق هێنا، بەپێویســـتمان زانی سەبارەت بە گرنگی ئەم دەستپێشـــخەرییەو چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێزی ئەنجامدا، هەروەها بەجێگەی خۆی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم دیمانەیە دەبوو ڕۆژی ٢٠١٠ /١١/٥ لە نووســـینگەی بەڕێز د.ڕۆژ لە بەغدا بکرایە، بەڵام دیاربوو بەڕێز د.ڕۆژ لەبەر سەرقاڵی بە پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە و لەگەڵ ئەوەی کاتیشی بۆ گوڵان تەرخانکردبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە نەیتوانی پەیامنێرانی گوڵان لەبەغدا ببینێت، بۆیە بەسوپاسەوە کاتێکی تایبەتی دیکەی بۆ دیاریکردین، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیسە لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا.




گوڵان

**دەستپێشخەرییەكەی سەرۆك بارزانی گۆڕانكاریی درووستكردوو بووە هۆی ئەوەی ئەو حزبانە پێكەوە لەژێر ئاڵای دەستپێشخەرییەكە كۆببنەوە**

**گـــوڵان:** بینیمـــان دەستپێشـــخەرییەكەی جەنابـــی ســـەرۆك بارزانی هاوكێشـــەی سیاسیی عێراقی ڕێكخستەووە، عێراقی لە تەنگژەیەكی زۆر ترســـناك ڕزگاركرد. ئایا ئەو دەستپێشـــخەرییەی جەنابی سەرۆك چ گۆڕانێكی لە پرۆســـەی سیاسی عێراقدا دروســـتكرد؟ هەروەهـــا حەزدەكەیـــن ئەو مەترسییانەشمان بۆ ئاشكرابكەیت كە پێش دەستپێخەرییەكەی جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق هەبووە؟

**د.ڕۆژ:** ڕاســـتە پێـــش ئـــەوەی دەستپێشخەرییەكەی جەنابی سەرۆك دەست پێبكات و سەربكەوێت، شاندی هاوپەیمانی فراكسیۆنە كوردســـتانییەكان لە بەغدا بوو و وتووێژی دەكـــرد، بەڵام بارودۆخەكە بەو شـــێوەیە بوو، كە لەماوەی ٨ مانگدا هیچ گۆڕانكارییـــەك و بەرەو پێشـــەوەچوونێك ڕووینەدابوو و پرۆسەكە لەحاڵەتی چەقین و تەنگژەدا بوو. خاڵی لەهەمووی ئاستەنگتر ئەوە بـــوو، لایەنە عێراقییـــەكان هیچیان ئامادەنەبـــوون پێكەوە دانیشـــن. جاربەجار دوو لایەن پێكەوە دادەنیشـــتن، بەڵام هیچ ئەنجامێكی نەبوو، لە موجامەلە و قسەی خۆش زیاتر تێنەدەپـــەڕی، واتە بەو جۆرە نەبوو بگەنە ڕێككەوتن یان هەڵوێســـتێكی هاوبەش.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٨ مانگ بەســـەر ئـــەم بارودۆخە ســـەختەدا، هەڵوێســـت و دەستپێشـــخەرییەكەی ســـەرۆك بارزانـــی هاتە پێشـــەوە و گۆڕانكاریی دروستكرد. یەكەم شـــت، بووە هۆی ئەوەی ئەو حزبانە پـــاش ٨ مانـــگ هەموو پێكـــەوە لەژێر ئـــاڵای دەستپێشـــخەرییەكەی ســـەرۆك بارزانـــی كۆببنەوە. ئەمـــە خۆی لەخۆیدا ســـەركەوتنێكی گەورە بـــوو. ماوەیەكی زۆری نەبرد بەڕاســـتی گەیشـــتنە ئەوەی كۆبوونەوەی سەركردایەتی بە زووترین كات بكرێت، لەو كۆبوونەوەیەدا پرۆسەكە كەوتەوە سەر سكەی ڕاســـت. ئەو وتووێژانەی كە لەنێوان كوتلەكاندا لەبەغدا كرابوون، یەكێك لە ئاســـانكارییە دیارەكان بوو بۆ ئەو كارە، شاندی كوردســـتانی پێش ماوەیەكی زۆر لەبەغدا دەســـتی پێكردبوو، گەیشـــتبووە ڕێككەوتنێكـــی زۆر، ئەمەش نەك لەگەڵ هەموو كوتلەكان بـــە یەكەوە، بەڵكو كوتلە كوتلە. بۆیـــە ئەو ڕێككەوتنانـــە بوون بە میحـــوەری وتووێژكردن لەنێـــوان هەموو كوتلەكان پێكـــەوە. بۆیە پێش ئەوەی بێینە هەولێر، شتێك گەڵاڵە كرابوو، لە ئەسڵیشدا دەستپێشخەرییەكەی سەرۆك بارزانی بریتی بوو لەوەی ئەو كوتلانـــە پێكەوە كۆببنەوە، ئەو خاڵە هاوبەشـــانە دەستنیشان بكەین و هەوڵبدەین چارەســـەر بۆ خاڵە جیاوازەكان بدۆزینەوە، ئەگەر پێمان نەكرا پێشـــنیاری بۆ ئامادەبكەین بۆ چارەسەركردنی. پاشان بخرێتـــە بەردەم كۆبوونەوەی ســـەركردەكان بۆئەوەی بڕیاری كۆتایـــی لێبدرێت. ئەو كارەی ئێمـــە كردمان لە ماوەی هەفتەیەك تا هەشت ڕۆژ كارێكی زۆر بوو، گەیشتینە ئـــەو ئاكامەی كە توانیمـــان كۆبوونەوەی ســـەركردەكان بكەین و لـــەو كۆبوونەوەیەدا بتوانین هەموو ئیشـــەكان بگەیەنینە سەر سكەی ڕاســـت، وەكو پێشتریش باسمكرد. ئاكامی دەستپێشـــخەرییەكەی ســـەرۆك بارزانـــی ئەوە بـــوو لە هەولێـــر و بەغدا چەنـــد كۆبوونەوەیەكی ســـەركردەكان كرا، لـــەم كۆبوونەوەنەدا بڕیار لەســـەر ئەوە درا كاندیدی پۆستە ســـەروەرییەكان یەكلایی بكرێنەوە، پێش ئەوە لەســـەر دابەشكردنی پۆستە ســـەروەرییەكان ڕێككەوتن كرابوو، ئەمـــە لەڕووی فەنییـــەوە، بەڵام لەڕووی سیاســـییەوە، گۆڕانكارییەكـــی دیكەش هاتـــە ئـــاراوە، ئەویش ئەوەبـــوو بەهۆی دەستپێشـــخەریەكەی جەنابـــی ســـەرۆك گۆڕانكاری بەسەر پێگەو ڕۆڵی كورد هات و هەنگاوێكی گەورە چووە پێشەوە، شاراوە نییە لەو ماوەیەدا ڕۆڵی كورد لەپرۆســـەی سیاســـیی عێراقدا بـــووە جێگەی بایەخی ســـەرجەم میدیاكانی جیهـــان، بەجۆرێك ســـەیری كورد دەكرا كە كورد بەشـــێكە لە چارەسەركردنی كێشەكانی عێراق نەك خۆی بەشێك بێت لەكێشەكە. ئەمانە هەموو ئاكامە دیارەكانی دەستپێشـــخەرییەكەی ســـەرۆك بارزانی بوون. ســـەبارەت بەو مەترسیانەش كە پێش دەستپێشخەریەكە لەسەر پرۆسەكە هەبوو، بەڕاســـتی مەترســـی ئەوە هەبوو هێـــز و لایەنە عێراقییـــەكان هەر یەكی بە لایەك هەنـــگاو بنێت و كاریگەری دەوڵەتە ئیقلیمییەكان لەســـەر پرۆســـەی سیاسی زیاتـــر بێت و ئەو لایەنانـــە نەگەنە یەك و زیاتر لە یـــەك دووركەونەوە و ببێتە مایەی درووســـتبوونی شـــەڕی ناوخۆ و بەجارێ عێراق لەبەر یەك هەڵبوەشـــێ و باوەڕ بەو پرۆســـە سیاســـییەكە و بـــە عێراقی تازە نەمێنێ و گۆڕەپانەكە بۆ تیرۆریستان چۆڵ بێت و عێـــراق و بارودۆخی وڵاتەكە بەرەو تاریكییەكی ترســـناك بەرێت و داهاتووی دیارنەبێت عێراق چیی بەســـەر دێت. ئەمە بە واتای ئەوە دەستپێشخەرییەكەی بارزانی عێراقی لەو هەموو مەترسییانە ڕزگاركرد و خستیە بارودۆخێكی دیكەوە.

**دەستپێشخەرییەكەی سەرۆك بارزانی گۆڕانكاری بەسەر پێگەو ڕۆڵی كورد هێنا**

**گوڵان:** یەكلایـــی كردنەوەی ٣ پۆســـتە ســـەروەرییەكە و وەرگرتنـــەوەی پۆســـتی سەرۆك كۆمار بۆ كورد دوای گوشارێكی زۆر بـــوو كە خرایە ســـەر ســـەركردایەتی كوردســـتان و جەنابی ســـەرۆك بارزانی، جەنابی ســـەرۆك بارزانی لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەدا كە لەهەموو ژیانیدا گوشاری ئەوهای نەخراوەتە سەر. ئایا چـــۆن ئەمجارە كـــورد بەرگەی ئەو گوشـــارانەی گرت؟ ئایا بۆچی سەرۆك بارزانی سوور بوو لەسەر ئەوەی كە پۆستی سەرۆك كۆمار بۆ كورد بێت؟

**د.ڕۆژ:** پێش ئەوەی باسی ئەوە بكەین ئەو مەســـەلەیە چۆن بوو، دەبێـــت ئاماژە بەو ڕاســـتیە بكەین كورد پێكهاتەی سەرەكی دووەمـــە لە عێراقدا و بەپێی دەســـتووری عێراق دەبێت پێگە و ڕۆڵی شایستەی خۆی لەهەموو پرۆسەكەدا دیاربێت، بەتایبەتیش دەبێت پێگـــەی لە حكومەتـــی فیدراڵی عێراقدا دیاربێت، دیارە لێرەدا تەنیا مەبەستم ئەنجومەنـــی وەزیران نییـــە، بەڵكو هەموو دەزگاو دامەزراوەكانـــی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق. ئـــەم دەوڵەتە فیدراڵیـــە بەو جۆرە پێناسە كراوە كە دەوڵەتی هاوبەشی هەردوو پێكهاتە ســـەرەكیەكەیە كە ئەویش كورد و عەرەبە، ئەوجا عەرەب لە ناوخۆیاندا دابەش دەبن بۆ سوننە و شیعە، ئەوە مەسەلەیەكی دیكەیە، ئەگەر لەم دەوڵەتەدا پێگەی كورد دیار نەبێت، واتە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێكی فیدراڵـــی نییە و دەوڵەتێكـــی مەركەزی عەرەبییـــە، بۆ ئەوەی ســـیفەتی فیدراڵی بەعێراقەوە بمێنێتەوە، دەبێت كورد لە پۆستە ســـەروەرییەكاندا پێگـــەی دیـــاری خۆی هەبێت، لـــەدوای دامەزراندنەوەی عێراقی تازەوە لە ٢٠٠٣ـەوە تائێستا بەپێی دەستوور سەرۆك كۆمار هەڵبژێراوە و دراوە بەكورد، ئەگەر مەســـەلەكە وای لێهات پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران نەدرێت بەكورد و پۆستی ســـەرۆك كۆماریش لە كورد بســـەنرێتەوە، ئـــەوا ئەمە مانای ئەوەیـــە لەبری ئەوەی كورد هەنگاوێك بچێتە پێشـــەوە، گەڕایەوە بـــۆ دواوە و كورد دەبێتەوە بـــە هاووڵاتی پلە دوو و پلە ســـێی و ئەم داكشانەش خوا

**دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بەو جۆرە پێناسە كراوە كە دەوڵەتی هاوبەشی هەردوو پێكهاتەی كورد و عەرەبە**

دەزانێت وەزعی کورد لە عێراقدا بەرەو کوێ دەبات، مانای ئەوەیە وردە وردە رۆڵی کورد لەهەموو پرۆسە سیاسییەکەدا کەمدەبێتەوە، لەم روانگەیەوە سەرۆك بارزانی سەیری پۆستی سەرۆك کۆماری دەکرد، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئەگەر نەتوانرێت داوای زیاتر بکەین، ئەوەی هەیە بیپارێزین. بۆیە لەڕووی مەعنەوی و لەڕووی واقیعیشەوە زۆر زۆر گرنگە کە کورد مادام سەرۆکایەتی وەزیرانی بەرناکەوێت، هیچ نەبێ سەرۆکایەتی کۆماری بەربکەوێت. ئەمەش تێڕوانینێکی راست بوو، سەرکەوتنیشی نیشانەی بەهێزی کەسێتی سەرۆك بارزانی بوو، لەبەر ئەوەی راستە گوشارێکی زۆر و پلانێکی زۆر دارێژرابوو بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار بدرێتە پێکهاتەیەکی دیکە، بە تایبەتیش بیر لە عەرەبی سوننە دەکرایەوە، بیر لە عەللاوی دەکرایەوە وەك سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە، ئەم گوشار و پلانانە دەستێکی زۆری لەپشتەوە بوو، بە تایبەتی دەستی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان، کە بەداخەوە هەندێکیان بەمەبەستی شکاندن و کەمکردنەوەی پێگەی کورد ئەو پێشنیارانەیان دەخستەروو و گوشاریان بەکار دەهێنا، هەروەها لایەنی ئەمریکیش کە دۆستی کورد و دۆستی عێراقیشە، ئەویش گەیشتبووە ئەو قەناعەتە و وامەزندەی دەکرد ئەگەر پۆستی سەرۆك کۆمار بدرێتە لیستی ئەلعراقیە لەوانەیە کێشەکە چارەسەر دەبێت، بۆیە ئەویش لەسەر ئەو بنەمایە گوشاری دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆچوونەکەی بارزانی لەسەرچاوەیەکی راست و عادیلانەوە هەڵقوڵابوو، پێی لەسەر ئەو مەسەلەیە داگرت و بەرەنگاری هەموو ئەو گوشارانە بووەوە کە دەخرایە سەری، بەڕێزی هەستی بەوەکردبوو ئەو گوشارانە هەندێکیان لەسەرچاوەیەکی دوژمناکاریانەوە سەرچاوەی گرتووە و هەندێکیشیان پیشاندانی سۆزێکە بۆ لایەنێك، بەڵام بەسووربوونی سەرۆك بارزانی لەسەر هەڵوێستە راستەکەی خۆی، ئەوەبوو هەر بەرێگەی دەستپێشخەرییەکەی خۆی پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کورد مایەوە، بێگومان نوێنەری کوردیش بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە مام جەلال بوو، بۆیە بەخۆشحاڵییەوە مام جەلال بۆ چوار ساڵی داهاتوو سەرۆك کۆماری عێراق دەبێت، هەروەها هەندێك پێشنیاری دیکەش هەبوون، ئەگەر ئەو پۆستە بدرێتەوە بەکوردیش، با مام جەلال نەبێت کەسێکی تر بێت، بەڵام سەرۆك بارزانی جەختی کردەوە دەبێت شەخسی مام جەلال بێت، لەبەر ئەوەی لە سەرۆکایەتی کردنی عێراقدا رۆڵێکی دیاری هەبووە و پێویستە ئەو لەو پۆستە بمێنێتەوە، لەمەشیاندا وەك بینیمان بۆچوونەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی سەرکەوت.

**گولان:** بینیمان مالیکی راسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکومەت و بەپێی یاسا دەبێ لەماوەی مانگێکدا حکومەت پێکبێنێت. بەڕای جەنابت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت چۆن دەبێت؟ ئایا ئەوە تەحەددایانە چین کە لەکاتی وتووێژەکان و دابەشکردنی پۆستەکان بێنە پێشەوە؟

**د.رۆژ:** لەبەر ئەوەی پۆستە سەروەرییەکان دابەشکراون، کە بەپێی بۆچوونی من بەشی هەرەقورسی پێکهێنانی حکومەت بوو. بۆیە ئەوەی ئێستا ماوەتەوە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانە. ئەوەش کاتی خۆی بۆ دانراوە و ٣٠ رۆژی بۆ دیاریکراوە، لەو ٣٠ رۆژەدا دەبێت مالیکی حکومەتەکە پێك بهێنێ، گوشاری زۆریشی لەسەرە بۆ ئەوەی لەماوەی ٣٠ رۆژدا دەبێت پێکهێنانی حکومەتەکەی تەواو بکات، بۆ پێکهێنانی حکومەتیش دوو نەخشەی رێگە هەیە، یەکەمیان ئەوەیە بەپێی ژمارەی ئەو کورسیە پەرلەمانیانەی هەر لایەنێك لە پەرلەمانی عێراقدا هەیەتی، دووەمیان رێژەی پێکهاتەکانە لە عێراقدا، واتە رێژەی پێکهاتەکان بەرامبەر بەیەك چەندە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە لەیەکەم رۆژەوە باسی پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی دەکەین، دەبێت ئەوەش لە حکومەتدا رەنگدانەوەی هەبێت، دوای ئەمانە ئێستا باسی ئەو کەسایەتیانەش دەکرێت کە دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن، لەبەر پێکهاتەی مۆزائیکی عێراق وادەخوازێت جێگەی ئەو کەسایەتیانەش بکرێتەوە، بۆیە تەسەور دەکەم پێکهێنانی حکومەت دەبێتە پرۆسەیەك کۆمەڵێك تەکنیك بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی هاوسەنگیەکە رابگیرێت و هیچ لایەك بەسەر لایەنەکانی دیکەدا باڵادەست نەبێت. ئێستا هەموو لایەنەکان بیر لەوە دەکەنەوە پێگەیان لە حکومەتدا لاواز نەبێت و لە بارودۆخێکی وادابن شتیان بەسەردا فەرز نەکرێت، هەر بۆیە مەزندەی ئەوە دەکرێت کوتلەی هاوپەیمانی نیشتمانی هەوڵی ئەوەبدەن زۆرترین پۆستی وەزاریان بەربکەوێت بۆ ئەوەی هەمیشە بڕیار لەدەستی خۆیاندا بێت، لیستی ئەلعراقیە بەحکومی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کورسی پەرلەمانی هەیە هەوڵبدات چەند بۆی دەکرێت ژمارەیەکی زیاتر وەزارەتی بەربککەوێت، لانی کەم بۆ ئەوەی بتوانێت هەندێك لە بڕیارە گرنگەکان رابگرێت، یان دەستێکی باڵای هەبێت لە بڕیارە ستراتیژییەکاندا، ئێمە وەك کورد دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین بەبێ کورد هیچ لایەنێك نەتوانێت بڕیار وەربگرێت، هەروەها پێگەی کورد لەبەرچاو بگیرێت، ئێستا ئێمە لە رۆژی ٢٦ی تشرینی دووەم ئەم قسانە دەکەین، پێشبینی دەکەم لە هەفتەی داهاتوو دیدار و وتووێژەکان زیاتر چڕببنەوە، زیاتر کوتلەکان یەکتری ببینن و پێشنیاری هەمەجۆر بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو و چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان پێشکەش بکەن، بۆیە پێشبینی من ئەوەیە لە یەك دوو هەفتەی دادێ هەوڵەکان بەو ئاراستەیە دەبن، شێوازێك بۆ ئەوە بدۆزرێتەوە و ئەگەر بگەینە شێوازێك هەموو لایەنەکان پێی رازی بین، ئەوە پێی دەگوترێت شێوازێکی عادیلانە و وا مەزندە دەکەم لەماوەی ٣٠ رۆژەکەدا مالیکی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت.

**گولان:** ئەنجومەنی ستراتیژی بۆ سیاسەتی باڵا پێکهێنرا کە عەللاوی بۆ ئەم پۆستە دەستنیشانکراوە، ئایا دابەشکردنی پۆستەکانی دیکەی ئەم ئەنجومەنە چۆن دەبێت و کورد چ رۆڵێکی دەبێت لەنێو ئەم ئەنجومەنەدا؟

**د.رۆژ:** جاری ئەنجومەنەکە خۆی ئەنجومەنێکی گرنگە و وەکو دەزگایەك لەسەری رێککەوتووین کە دەزگایەکی هێنانەدی مەبدەئی شەراکەتی نیشتمانی بێت لە مەسەلەکانی بڕیارداندا، ئەویش بە رێگەی ئەوەی هەموو لایەکی تێدا بەشدارە، هەروەها ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی هەیە کە باسی هەموو کێشە ستراتیژییەکانی عێراق بکات و مافی ئەوەی هەیە باسی بکات و رێوشوێنیشی بۆ دابنێت، لە هەمان کاتدا ستراتیژیەتی وڵاتیش دابنێت، ئەمە جگە لەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان دابنێت و راو سەرنجی خۆیشی دەربڕێت، لە هەموویشی گرنگتر، ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی هەیە بە تێکڕای ٨٠٪ی دەنگەکان بڕیار بدات

**بۆ ئەوەی سیفەتی فیدرالی بەعێراقەوە بمێنێتەوە، دەبێت کورد لە پۆستە سەروەرییەکاندا پێگەی دیاری خۆی هەبێت**

**ئەمەریکییەکان پێش دەستپێشخەرییەکەی بارزانی گوشاری ئەوەیان دەکرد پۆستی سەرۆک کۆمار بدرێتە لیستی ئەلعراقیە**

**سەرۆک بارزانی جەختی کردەوە دەبێت شەخسی مام جەلال ببێت بەسەرۆک کۆمار لەبەر ئەوەی لە سەرۆکایەتی کردنی عێراقدا رۆڵێکی دیاری هەبووە**

**دەبێت پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی رەنگدانەوەی هەبێت**

و ئـــەوکات دەبێتە بڕیارێکـــی مولزەم بۆ هەموو دەزگاکانی دیکـــەی حکومەت و هەر لایەنێك بەپێی رێوشوێنی خۆی دەبێ جێبەجێی بکات و بەپێی دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی پێشـــنیاری ئەوە کراوە کە عەللاوی بکرێتە ســـەرۆکی ئەو دەزگایە، بەڵام تا ئێستا رەزامەندی خۆی دەرنەبڕیوە بـــۆ وەرگرتنی ئەم پۆســـتە و پێشـــبینی دەکرێت رەزامەندی لەســـەر بدات، چونکە ئەگەر وەری نەگرێت، ئەوا هیچ پۆستێکی دیکە وەرناگرێت و بۆ ماوەی چوار ســـاڵ لە گۆڕەپانی سیاســـی دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش کاریگەری لە پێگە و ناوبانگ و ئاستی جەماوەریی دەکات، هەروەها لەوانەیە لیستی ئەلعێراقییە هەمان پێك بەستوویی نەمێنێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم عەللاوی ئەو پۆســـتە وەربگرێت و رۆڵێکی گرنگی هەبێت لە پرۆسەی شەراکەتی نیشتمانی.

**ئێستا هەموو لایەنەکان بیر لەوە دەکەنەوە پێگەیان لە حکومەتدا لاواز نەبێت و لە بارودۆخێکی وادابن شتیان بەسەردا فەرز نەکرێت**

دەربـــارەی پێگەی کورد لـــەو ئەنجومەنە، ئەگەر جێگـــری هەبێـــت لەوانەیە یەکێك لە جێگرەکانی کـــورد دەبێت، هەروەها ئەو دەزگایە پێکدێت لە سەرۆکایەتی حکومەت و کۆمـــار و پەرلەمـــان و ســـەرۆکی ئەو کوتلانەی بەیەکەوە حکومەتیان پێکهێناوە، بۆیە ئەگەر بەو شـــێوەیە ســـەیری بکەین، ئـــەوا نزیکـــەی ٢٥- ٣٠٪ی کـــورد بن، بۆیە پێگەیەکی بەهێـــزی دەبێت و دەبێتە فاکتەرێکـــی یەکلاکـــەرەوەی دەبێـــت لە دەرکردنی بڕیـــار یان راگرتنـــی بڕیاری چارەنووســـاز، چونکە ئەو بڕیارانەی لەو دەزگایـــە دەردەچن بڕیاری ســـتراتیژی و چارەنووســـاز دەبن، لەبەر ئەوە پێویســـتە کورد ئەم ئەنجومەنە بە گرنگ بزانێت و بە هەندی وەربگرێت.

**پێش ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆک بارزانی مەترسی کەوتنەوەی شەڕی ناوخۆو دەستێوەردانی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان هەبوو**

**گوڵان:** ئێســـتا باس لەوە دەکرێت کە لەو پێنج پۆستە سیادییە دووانیان بۆ کەسانی سەربەخۆ و بێلایـــەن بن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا ســـێ پۆستی سیادی دەمینێتـــەوە، ئایا پێتانوایە لەم پۆســـتانە کامیان بۆ کورد دەبێت؟ واتا چەند راستە کە دەڵێن وەزارەتی دەرەوە بە کورد نادرێتەوە؟

**د.رۆژ:** بـــەڕای من دەبێ کورد هەوڵبدات وەزارەتـــی دەرەوە وەربگرێـــت، چونکـــە وەزارەتێکی گرنگە، ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە، بەپێی بۆچوونی خـــۆم و ئەوەی تێبینیم کردووە لەو بڕوایەدا نیم برا شیعەکان دەســـتبەرداری وەزارەتی نەوت بن و لای ئەوان لە هەموو وەزارەتێك گرنگتـــر دەبێت، ســـەبارەت بـــە وەزارەتی دارایی هەموو شـــتەکانی بەپێی بودجە و یاســـای بودجە دەبێت کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر داوە و پەیوەست دەبێت بەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنـــی نوێنەرانـــەوە دەردەچن و ناتوانێت جگـــە لەوەی بـــۆی دیاریکراوە هیچـــی تر بـــکات بەرامبـــەر بەهەرێمی کوردستان و شوێنەکانی تریش ئەوەی بۆی دەستنیشـــانکراوە دەبـــێ جێبەجێی بکات، ئەگەر جێبەجێی نەکرد دەتوانرێت دەســـتی پەنجەی بۆ رابکێشرێت و ناچار بکرێت لە ئەنجومەنی وەزیران و شوێنی دیکە کە ئەوەی بۆی دیاریکراوە جێبەجێی بـــکات، ئـــەوەی دەمێنێتەوە و رۆڵـــی هەیە لەسیاســـەتی ناوەوە و هەرێمـــی و دەرەوە و لە مامەڵـــە کردن لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەتوانێت نـــاوی کورد بەرز بکاتـــەوە لە کـــۆڕ و کۆبوونـــەوە نێودەوڵەتییەکان، ئەوا وەزارەتی دەرەوەیە، بۆیە پێویســـتە کورد ســـوور بێت لەسەری و کار بکات بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە بۆ کـــورد بێت و تا ئێســـتاش کە وەزیری دەرەوەی عێراق کورد بووە زۆر ســـەرکەوتوو بووە لە کارەکەی.

**گوڵان:** لە هەڵبژاردنی رابردوودا بینیمان کە سیستەمی لیســـتی کراوە پەیڕەو کرا، ئەمەش وایکرد کـــە لەنێو هاوپەیمانەکاندا بزانرێـــت کە هەر لایەنێك چەند کورســـی بەدەستهێناوە، ئایا دابەشکردنی پۆستەکان بەپێی دەنگـــی ئەو لایەنانـــە دەبێت یان بەپێی کۆی کورسییەکان هاوپەیمانییەکە دەستنیشان دەکرێ؟

**د.رۆژ:** جارێ ئێمە دەمانەوێ ســـەبارەت بە پۆســـتەکان بەشـــێوەیەك بێـــت بەپێی پێکهاتەکانی عێراق بێت نەك ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئێمەی کورد بە ئەنجامەکانی هەڵبـــژاردن رازی نین، چونکە ســـەرەتا یاسای هەڵبژاردن نادادپەروەرانە بوو، کورد نزیکەی دوو ملیۆن و ســـێ ســـەد هەزار دەنگـــی داوە بـــە ئیئتیلافی لیســـتە کوردستانیەکان ئەمـــەش واتـــە دەنگەکانی کورد نزیـــك دەنگی دەوڵەتـــی قانـــون و ئەلعێراقییەیە،



کەچی بەپێی کورسییەکانی پەرلەمان ئێمە نزیکەی ٣٠ ئەندامان لە هەر یەك لەم دوو لیستە کەمترە، بێگومان ئەمەش نادادپەروەرییە، بۆیە ئێمە دابەشکردنی وەزارەتەکان بەپێی کورسییەکان بە ناهەق دەزانین و بەڕای من دەبێ بەپێی پێکهاتەکان و سەنگی ئەم پێکهاتەیە بێت لەناو کۆمەڵگەی عێراق یان بەپێی ئەوەی چەند دەنگدەر دەنگیان داوە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین ڕێگەچارەیەك بدۆزینەوە کە ئەمان ڕەچاو بکرێت نەك هەروا بەشێوەیەکی رووکەشی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکرێتە پێوەر.

ئەگەرهاتوو لەسەر ژمارەی ئەندامەکان دابەشکرا دێتەوە سەر ژمارەی ئەندامان لەناو هەر کوتلەیەك خۆی، واتە هەر کوتلەیەك چەندی بەر دەکەوێت، ئەگەر دواتر لەنێو خۆیدا بەشی کردەوە بۆ نموونە لە لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی دیارە کە ئەنجومەنی باڵا چەندی هەیە یان لە دەوڵەتی قانون دەعوە چەند دەنگی هەیە و لەناو دەعوە سەربەخۆکان چەندیان هەیە، ئەوکاتە لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن، ناکرێ لایەنێك نیوەی ئەندامەکانی سەر بەو بیت و لەگەڵ لایەنێکی دیکە هەمان وەزارەتی هەبێت کە بە ژمارە سێ یەکی ئەوە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین بەسەر لیستەکاندا دابەش بکرێن و لەناو لیستەکەش خۆیدا هەر پێکهاتەیەك هێزی ڕاستەقینەی خۆی چەندە.

**گوڵان:** ئەی لەنێو لیستە ئیئتیلافە کوردستانییەکان پۆستەکان چۆن دابەش دەکرێن؟

**د.ڕۆژ:** بەڕای من لەوێش بەپێی نەخشەی ئەندامانی پەرلەمان دابەش بکرێت، ئەگەر سەیری ئەم نەخشەیە بکەین دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەی ئەندامانی ٣٠ی زیاتر هەیە بە کۆتاکانەوە، لەدوای ئەویش برادەرانی یەکێتی دێت ئینجا لە ئیئتیلافی لیستە کوردستانیەکان گۆڕان و لیستە ئیسلامییەکان دێن، ئەمانە هەموویان دەبێ جێگەیان هەبێت لە حکومەتی عێراقدا بەپێی سەنگی خۆی پۆستی بەربکەوێت، لە هەمان کاتدا دەبێ ڕەچاوی دەنگی دەنگدەرانی کورد بکرێت لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.

**گوڵان:** تا چەند دەتوانی خوێنەران دڵنیا بکەیتەوە لەوەی کارنامەی لیستی ئیئتیلافی کوردستانییەکان کە لە ١٩ خاڵ پێکهاتووە جێبەجێ دەکرێت؟

**د.ڕۆژ:** کاتێك ئەم کارنامەیە خرایە ڕوو کاردانەوەی جۆراوجۆری هەبوو و بەشی زۆری کاردانەوەکان سلبی بوون، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی دانوستاندنەکان لایەنەکان تێگەیشتن کە سێ لەسەر چواری داواکارییەکان بە مەبەستی گەیشتنە بە ڕێکەوتن و پێکهێنانی حکومەتی دیموکراتی فیدراڵییە لە عێراق بەپێی دەستوور، هەروەها بۆ نزیککردنەوەی لیستەکانە لە یەکتری، نەك داواکارییەکی بەرتەسکی نەتەوەیی، بەڵکو بەرژەوەندی گشتی ڕەچاو کراوە، ڕاستە ئەگەر بە وردی سەیری بکەین دەبینین هەندێك خاڵی تێدایە پێوەندی بە کێشەکانی نێوان کورد و حکومەتی فیدراڵییەوە هەیە وەك ماددەی ١٤٠ و یاسای نەوت و یاسای دابەشکردنی داهات و تا ڕاددەیەکیش کێشەی پێشمەرگە، بەڵام لە هەمان کاتدا داواکاری گشتییە، ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە بۆ داواکاری کورد بێت، دەبێت لەسەر ئەساسی دەستوور جێبەجێ بکرێت، کەواتە ئەرکی حکومەتی عێراقییە جێبەجێی بکات و نابێ بەو چاوە سەیر بکرێت کە داواکارییەکی کوردییە، بەڵکو داواکارییەکی عێراقییە و پێوەندی بە دەستوورەوە هەیە، سەبارەت بە یاسای نەوت، وڵاتێك کە دەیەوێ بەرەو بازاڕی ئازاد بکرێتەوە بەشێوەیەك بێت کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێ، نازانم چۆن پشت بە یاسایەك دەبەستێت کە لەسەردەمی سەدام نووسرا بێت، یاسای دەوڵەتێکی مەرکەزی کە دوورە لە هەموو پرەنسیپەکانی بازاڕی ئازاد، بۆیە ڕێککەوتن لەسەر ئەم مەسەلەیە و نووسینەوەی یاسایەکی نوێ لە بەرژەوەندی هەموو عێراقدایە بە گەلی کوردستانیشەوە، بەهەمان شێوە کێشەی پێشمەرگە و هەر کێشەیەکی تر، تۆ کێشەیەك چارەسەر بکەی و کێشەکانی کەم بکەیتەوە، ئەوا لە بەرژەوەندی هەموو میللەتدایە نەك لایەنێك یان چەند لایەنێك. وردە وردە لایەنەکانی دیکە لەمە تێگەیشتن ئینجا ئەم کارنامە ١٩ خاڵییە بوو بە تەوەری هەموو گفتوگۆکان لە ئەنجامیشدا ئەم ١٩ خاڵە هەموو لایەکانی کۆکردەوە و ئەم ڕێکەوتنەی ئێستای لێکەوتەوە.

سەبارەت بە جێبەجێکردن یان جێبەجێ نەکردنی، ئەوا بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لایەن لەسەر هەموویان ڕازین وەك ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، بەپێی ئەو ڕێککەوتن و دانوستاندنەی لەگەڵ دەوڵەتی قانوندا هەیە ئەوان لەسەر ١٨ خاڵی ڕازین تەنیا مەسەلەی گرەنتیەکان نەبێت ئەویش هێشتا بواری دانوستاندنی تێدا ماوە، چونکە هەر ڕێککەوتنێك ئەگەر گرەنتی جێبەجێ کردنی نەبێت، ئەوا لەوانەیە لە هەر کاتێکدا هەڵبوەشێتەوە و پشتگوێ بخرێت و وەکو گەلی کوردستان لەم بوارەیەوە تەجروبەمان زۆرە، سەبارەت بە ئەلعێراقییە کە ئەویش شەریك دەبێت لە حکومەتی داهاتوودا ئەویش لەسەر زۆر لە خاڵەکان ڕازییە، بەڵام شێوەی ڕێککەوتنەکە ناگاتە ئەو شێوەیەی لەگەڵ کوتلە شیعیەکان هەمانە، بۆیە سەیر دەکەین جیاوازی هەیە، ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین کە دەست بگرین بەو ڕێککەوتننانەی کردوومانە و ئەوانەی دەکرێت کە هەموویان لە بەرژەوەندی گەلی عێراقدان.

دوای دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی و دوای ئەوەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی گەیشتە سەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆی، ئەم چوار ساڵەی داهاتوو جیاوازییەکەی ئەوە دەبێت کە حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی پێکدەهێنرێت و ئەم حکومەتە بونیادنانی عێراقێکی تازەی دیموکراتی لەسەر شانە کە جێگیر بووە، ئێمە لەم قۆناغەدا ڕێکەوتنی زۆر باشمان ئەنجامداوە، بەڵام تەنیا ئیمزاکردنی بەس نییە، بەڵکو پێویستی بەوەیە کاری زۆری بۆ بکرێ و لە ڕێگەی هاوسەنگی هێزەوە جێبەجێ بکرێن، واتە ئەگەر هێز و توانات هەبێت دەتوانی جێبەجێیان بکەیت، هێز و توانات نەبێت کەمتر دەتوانی جێبەجێیان بکەیت، بە قەناعەتی هێز و سەنگی کورد لە گۆڕەپانی عێراقدا بە یەك هەڵوێستی دێتە ئاراوە، واتە دەبێ هێزە کوردییەکان لەبەغدا یەك هەڵوێست بن، دووەم پێویستە سیاسەتێکی ڕاست بگرێتە بەر، سێیەمیش ئەوەیە بەرپرسەکانی کورد لە بەغدا پێویستە بیر لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنانە بکەنەوە، چونکە ئەم ڕێککەوتنانە گرەنتی ئەوەن کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگات و عێراقێکی دیموکراتی دروست بێت.



**کورد نزیکەی دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار دەنگی داوە بە ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، ئەمەش واتە دەنگەکانی کورد نزیک دەنگی دەوڵەتی قانوون و ئەلعێراقییەیە**

**بەڕای من دابەشکردنی وەزارەتەکان دەبێ بەپێی پێکهاتەکان و سەنگی ئەم پێکهاتەیە بێت لەناو کۆمەڵگای عێراق، یان بەپێی ئەوەی چەند دەنگدەر دەنگیان داوە**

**بەرپرسەکانی کورد لە بەغدا پێویستە بیر لە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتنانە بکەنەوە، چونکە ئەم ڕێککەوتنانە گرەنتی ئەوەن کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگات**

# ئایا ئەمەریکا ملکەچی واقیعە سیاسییە ئاڵۆزەکەی عێراقە !!؟



**دکتور شێرزاد نەجار ***

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**

لە گێژاوێکی سیاسیی دەگمەن و بێ نموونەدا (مەگەر تەنیا هاوتای ئەو گێژاوانە بێت کە لە مێژووی هاوچەرخ روویانداوە لەوانە:

گێژاوەکەی بەریتانیا لە تەنگژەکەی نۆکەندی سوێس ١٩٥٦، گێژاوی رووسیا لە تەنگژە مووشەکیەکانی کوبا وگێژاوی تەنگژەی رۆچوونە ناو خاکی ئەفغانستانەوە ١٩٧٩) ئەمەریکاش لە عێراقدا پێی خلیسکاوەتە ناو هەمان هەڵەی ستراتیژیی مەترسیداری ئەوگێژاوانەی پێشوو ناومان هێنان، گێژاوێك کە بۆی بووتە بەڵایەکی وا نەتوانێت وەك دەوڵەتێکی تاك و تەنیاو مەزن نوێنەرایەتی لە دنیادا بنوێنێت ( بەو وەسفەی زانای بەناوبانگی دنیای سیاسەت هنتگتن وەسفی دەکرد ) بەڵکو ئەمەریکا لەبەردەم بەڕێوەبردنی تەنگژەی سیاسیی عێراق کە لە ٢٠٠٣ هەڵایساوە دەسەوسان بووە بە تایبەتی لەم هەڵبژاردنەی ٧ی ئازاری ساڵی ٢٠١٠ کە ئاسەوارو ئەنجامی ترسناکی لێ کەوتەوە و کاری کردۆتە سەر رێڕەوی پرۆسەی سیاسی عێراق و میسداقیەتی ئەمەریکا لە هاندانی ئەو وڵاتە بۆ پیادەکردنی دیموکراتییەت، لە حەقیقەتتدا ئەمەریکا لە دانانی کۆتاییەك بۆ ئەو تەنگژەیەی ٨ مانگی خایاند شکستی خوارد، سەرەڕای کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقی کە لە ٢٠١٠/١١/١١کە بۆ هەڵبژاردنی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق سازکرا بەڵام هێشتا بەتەواوی تەنگژەکە تەواو نەبووە، ئەمەش ئاماژەیە بە لاوازی کاریگەرێتی ئەمەریکا لە پێکهاتنی سیاسیی عێراقی نوێدا ..

بۆیە لێرەوە ئەم پرسیارە بەدەردەکەوێت:

ئەمەریکا چی بەسەردا هاتووە تا بەم لاوازییەی خۆی رازی بێت و جڵەوی کاروبارە سەرەکییەکانی لە بەغدا لە دەست بێتەوە ؟؟

خۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێت زۆربەی شیکارکاران و چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدا بوون کە بەڕێوەبەرایەتی سەرۆك ئۆباما بە کۆمەڵێ پرۆسەی گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەرێنیەوە سەرقاڵە کە لە دواجاردا دەبێتە هۆی گێڕانەوەی شوێن و هەیبەتی ئەمەریکا لە جیهاندا ( دوای ئەوەی بەهۆی رووداوەکانی ئەفغانستان و عێراق و رووداوی ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١ ئەو هەیبەتەی زیانی پێکەوتبوو) ئومێدیش وابوو ئەو بەڕێوبەرایەتیە نوێیە ئەکتیڤانەتر سەرکردایەتی سیستمی نوێی جیهانی بکات و باشتر پرۆسەکانی دیموکراتیی و رێبازەکانی مافی مرۆڤ و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بەڕێوە بەرێت ..

بەڵام کابینەی سەرۆك ئۆباما نەیتوانی ئەم ئاراستە کردنە وەدی بهێنێت و نەشیتوانی بەشێوەیەك کێشەی عێراق چارەسەربکات تا وەك یەکەمین هێزێکی کاریگەری لەو وڵاتەدا خۆی دەربخات، بۆیە ئەمەریکا رازی بوو بەوەی لە ئاڕاستە کردنی سیاسیانەی عێراقدا هێزی تر هاوبەشی بکەن ( لێرەدا تەرکیز لەسەر رۆڵی سەرەکی ئێرانییە).

بەم شێوەیە ئەمەریکا بەلاوازی دەرکەوت و بەهەرحاڵێك بێت وێڕای پەنابردنی بۆ شێوازی هەڕەشەو فشارهێنان هەندێ کاریگەری کەمی لەسەر رووداوە سیاسیەکانی عێراقدا خستەوە، ئەو شێوازە نامۆیەی سەرکردە عێراقیەکانیشی پێڕاهاتوون و هەڕشەو گوڕەشەکانیان تەنیا بە مورتاحکردنی ئێران نەبێت هیچی تریان لێ شین نابێتەوە، ئێرانێك کە مونافسی سەرەکی ئەمەریکایە لە عێراقدا !

بۆیە پرسیار ئەوەیە : ئەمە چییە لە ئەمەریکا روودەدات، ئەم گێژاوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای تێیدا دەژی چییە ؟ ئایا ئەمە کرداری دەوڵەتێکە کە بە تەنیاهێزی مەزنی جیهان ناسراوە وکەچی ئەم زەبرە کوشندانەی لە عێراق و ئەفغانستان و کۆریای باکوور و ئیسرائیل پێ دەکەوێت ..؟ ئەمەریکا چی لەسەرە تا ئەنجامی بدات و رۆڵی سەرکردایەتی کردنی خۆی لە جیهان بە گشتی و عێراق بە تایبەت بۆ بگێڕێتەوە ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە (جۆ بایدن) ی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە وتارێکی گرنگیدا کە لە رۆژنامەی ( نیۆیۆرك تایمس) لە ٢٠١٠/١١/٢٠ بەناونیشانی ( ئەوەی ئێستا پێویستە لە پێناوی عێراقدا ئەنجام بدرێت ) بڵاوکردۆتەوەو راو بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە تێدا پەخش کردوە .

بایدن وتارەکەی خۆی بەوە دەست پێکردووە کە ئیدارەی ئەمەریکا هەر لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئازاری ٢٠١٠ وای دەبینێت (( گەلانی عێراق شایانی حکومەتێکن رەنگدانەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی پێوە دیار بێت ))
ئەم وتەیە چەند پرسیارێ دەوروژێنێت لەوانە :ئایا ئیدارەی ئەمەریکا هەر لەسەرەتای هەڵبژاردنەکانەوە بەو ئاڕاستەیەدا کاری کردووە ؟ یان حاڵەتێکی وای خولقاندوە زۆر بایەخی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەداوە و تەنیا مەسەلەی ڕازی کردنی لایەنە بەشداربووەکانی لا پەسەندبووە بەبێ بایەخدان بە رای گەل کە لە رێی ئەو هەڵبژاردنەوە رای خۆیان دەر بڕیبوو ؟؟

هەر لە پاش هەڵبژاردنەوە تا ئێستا کە زیاتر لە ٨ مانگە واقیعی شێواوی ئاڵۆزو نائارامی ناو عێراق ئاماژەیە بۆ شکاندنی بەندە دەستوورییەکان چ بە دانانی تەفسیری سیاسیانە بۆ دادگای باڵای ناوەندیی کە لە مادەی ٧٦ ی دەستووردا ئاماژە بە بابەتی (ئەو کوتلە پەرلەمانیەی کە زۆرترین ژمارەی هەبێت )دراوە کەچی ئاراستەی سیاسەتی عێراقیان گۆڕی بۆ حەقپێنەدان بە لیستە براوەکە لە پێکهێنانی حکومەتتدا، بەمەش واقیعی سیاسی عێراقیان شێواند و سەرەڕای سەردانەکانی گەورە بەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکایش بۆ عێراق لە ناویشیاندا خودی ( بایدن ) نەیانتوانی ئەم بارە شێواوە راست بکەنەوە ..

بە هەموو سەردانەکان ئەنجامی چاوەڕوانکراوی لێ نەکەوتەوە بۆیە بایدن دەنووسێت :

(( لە کاتێکدا سەرۆك ئۆباما و من و تیپێکی دیاری بەرپرسانی ئەمریکایی لە

واشنتۆن و بەغداوە بۆ پشتگیری ئەرکەکان ڕۆڵی چالاکمان دەگێڕا، هەنگاوی لەمە گرنگتر لە لای سەرکردەی حزبە سیاسیە سەرەکییەکانی عێراقەوە دەنرا، دواتر ئەم بەرهەمەی پێی گەیشتن بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر ئەو پەرەسەندنە گرنگانەی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە عێراقدا روویان داوە، کە سیاسەت وەك ئامرازێکی هەژموونهێنەر بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان دەردەکەوت ))

بەڵام ئەم چالاکیانە بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوون وەك بایدن خۆیشی دەڵێت (لەم مانگانەی پێشوودا سەرکردایەتیەکانی عێراق بۆ گەیشتن بە چارەسەری چەند کێشەیەکی ئاڵۆزکاو هەوڵی بێوچانیان داوە، لەوانەش گرفتی ناکۆکبوونیان لەسەر ئەوەی کێ مافی خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی یان ماف بە کێ بدرێت بۆ هاوبەشیکردن لە حکومەتی نوێدا یان چۆنیەتی مامەڵەکردن لەبەرامبەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و کاروباروی دابەشکردنی دەسەڵات بەبێ گەڕانەوەی بۆ توندوتیژی، ئەم هەوڵانە بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوون..).

ئەم بەربەستە گەورانە تاکو ئێستا ماون، لێرەدا پرسیارێك دێتە بەرزەینمان، ئیدارەی ئەمەریکا وەك دەوڵەتێك کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و بریارەکانی UN بەرامبەر بە عێراق بەرپرسیارە.

بەڕای بایدن عێراق رووبەڕووی کۆسپی زۆر بۆتەوە کە بوونەتە هۆی وەدینەهاتنی ئاسایش و پەرەپێدان لەو وڵاتەدا، بەڕای وی هەنگاوی دواتر ئەوەیە حکومەتی عێراقی لەبەرامبەر پابەندبوونە مێژووییەکەی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات وەفا بنوێنێ.

ئەمە واتای چییە؟

بەڕای بایدن ئەم واتایە دەگەیەنێ «دروستکردنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی نوێ بۆ سیاسەتە باڵاکان»

ئەم ئاراستەیەش واتا بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا لە میانەی وتوویژەکانیەوە نەیتوانیوە رای خۆی بچەسپێنێت لە چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەڵاتەکانی عێراق و چۆنیەتی هاوبەشیکردنی لایەنەکان لەو دەسەڵاتەدا، بۆیە ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی عێراق ئەنجام دراوە، کە بەر لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقی ١١/١١ مۆرکراوە و تێیدا ئاماژەدراوە بە دروستکردنی ئەنجومەنی ناوبراو، کە ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ لاوازی کاریگەری ئەمەریکا لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بەراورد بە تۆکمەیی و بەهێزیی لایەنە نێودەوڵەتییەکانی دیکە بەتایبەتیش ئێران.

بەم شێوەیە ئیدارەی ئەمەریکا لە هەوڵدایە ئەم واقیعە سیاسییە ئاڵۆزکاوەی عێراق بخاتە ئەستۆی عێراقییەکان خۆیان تا بۆ چارەسەرکردنی واقیعەکە خۆیان بەرپرسیار بکات لەبەرامبەر بارودۆخێك کە ئیدارەی ئەمەریکا خۆی هۆکاری شێواندن و خراپکردنیەتی وەك ئێستا لەم بارودۆخە سامناکەی عێراقدا دەبیندرێت.

لەمەوە ئەو پرسیارەی دەردەکەوێت پێوەندی بە بەرپرسیارێتی ئەمەریکاوە هەیە لە عێراقدا کە پێویستە بە چ کارێك هەستێت؟

کۆمەڵێ ئەرك و کار لە پێشدا هەن کە بایدن ئاماژەیان پێ دەدات و لەم خاڵانەدا کورتیان دەکاتەوە.

١- پێویستە لەسەر ئەمەریکا بەردەوام بێ لە رۆڵگێڕانی خۆی بۆ تۆکمەکردنی پایەی عێراق ئەم رۆڵەش سروشتی عێراق لە سروشتێکی سەربازییەوە دەگۆڕێت بۆ سروشتێکی مەدەنی.

٢- پێشکەشکردنی راوێژ و هاوکاری لۆجیستی بۆ عێراق لە پێناوی نەهێشتنی تیرۆردا.

٣- پارێزگاریکردن لە بوونی دیبلۆماسی بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی نێوان عێراق و ئەمەریکا کە وا دەخوازێت لە رووی دیبلۆماسییەوە پرس و را بەیەکتر بکەن.

٤- دروستکردنی هاوپەیمانێتی دینامیکی لەگەڵ کەرتەگشتیەکانی حکومەتی عێراقیدا بۆ بابەتە پەیوەستدارەکانی خوێندن و وزە و بازرگانی و تەندروستی و کەڵچەر و تەکنەلۆژیای زانیاری و ئاسایش و دادوەری.

٥- بەردەوام بوون لە پاڵپشتیکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق چونکە هێشتا ساز و ئامادەنیین بۆ کارکردن.

٦- یارمەتیدانی سەرکردە عێراقییەکان بۆ رووبەڕوونەوەی کۆمەڵێك کۆسپ کە لە چاوەڕوانییان دایە لەوانە

أ- ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتووان

ب- خێراترکردنی تێکەڵکردنەوەی هێزەکانی ئاسایشی کوردی لەناو هێزەکانی ئاسایشی عێراقیدا.

ت- پابەندبوون لەبەرامبەر حەق نەفەوتاندنی سوننەکانی عێراق.

ث- چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی لەسەر دەستنیشانکردنی داهاتووی شاری کەرکوك هەن.

ج- بڕیاردان لەسەر چەسپاندنی یاسایەك بۆ نەوت و غاز لە عێراقدا تا بودجەی عێراق ئاستی خۆی لە وەدیهێنانی دادوەری بۆ هەموو عێراقییەکان وەربگرێتەوە.

ح- ئەنجامدانی سەقامگیری ئابووری لە رێی کردنەوەی دەرگا بەڕووی وەبەرهێنی بیانی و بووژانەوەی کەرتی تایبەت.

خ- بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی.

د- کۆتایی هێنان بە پابەندبوونەکانی عێراق لەبەرامبەر UN بەتایبەت ئەو خاڵانەی پێوەندیان بە جەنگی کەنداوەوە هەیە.

٧- داواکردن لە کۆنگرێس تا رازییان بکات لەسەر رانەگرتنی بودجەی تایبەت بە پشتگیری کردنی ئەمەریکا لە عێراق.

٨- کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ساڵانە ١٥ ملیار دۆلار دەگەڕێنێتەوە و تەرخانکردنی تەنیا ٥ ملیار لەو پارەیە بۆ پاڵپشتیکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق.

لەم چوارچێوە گشتییەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ ماوەکانی داهاتوو جەخت دەکرێتەوە لەسەر بابەتی خزمەتگوزاری و ئابووری و فێرکردن بەڵام زۆر بە وریایی ئاوڕدەدرێتەوە لە سیاسەتی گشتی کە تێیدا پرۆسەی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ لەسەوو خانەکانی ترەوەن.

ئەم ئاراستە نوێیەی سیاسەتی ئەمەریکا کە بڕێك کۆن باوە بوارێکی زیاتر بۆ چەند پرسیارێك دەکاتەوە کە پێوەندیان بە پابەندبوونی ئیدارەی ئەمەریکاوەیە لەبەرامبەر پرۆسەی بونیاتنانەوەی دیموکراتییەت کە لە بنەڕەتدا بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد و شەفاف، هەروەها پابەندبوونی تەواوی دەستووری بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، چونکە ئەوە سەرەتاییەکی راستەقینەیە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێی هاوچەرخ لە دوای چەند قۆناغێکی حوکمی دیکتاتۆری، بەبێ ئەم پابەندبوونە ئیدارەی ئەمەریکا بەو واقیعەی سیاسییە ئاڵۆزییەی ناو عێراق تەسلیم دەبێت کە واقیعێکە پێچەوانەی بیرۆکە بنەڕەتییەکانی ئیدارەی ئێستا ئەمەریکایە لە بوونیادنان و پەرەپێدانی دیموکراتییەت و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤدا.

ئەمەش ئەو بابەتە بنەڕەتی و جەوهەرییە کە ئەمەریکا بۆ ئەنجامدانی کار دەکات، گەر سەر نەگرێت ئەگەری نسکۆی ئەمەریکا لە عێراقدا زیاتر دەبێت، هەروەها ئەگەری نسکۆی لە ئەفغانستانیشەوە دێتەسەر، دواجارئەم نسکۆیانە پێکەوە کار لە پێگەی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی دەکات، ئەو پێگەیەی بەچەند بنەمایەك سەرۆك ئۆباما لە مایسی ٢٠١٠ رایگەیاندبوو..

# پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و چۆنیـــ



# ئایا مالیکی لە ماوەی 30 رۆژدا

رۆژی پێنج شەممەی رابردوو ٢٠١٠/١١/٢٥ بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق، نوری مالیکی کاندیدی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی راسپارد کە بە فەرمی دەست بکات بەوتوویژ بۆ ئەوەی لەماوەی ٣٠ رۆژی داهاتوودا پێکهێنانی کابینەکەی تەواو بکات و پێشکەشی پەرلەمانی عێراقی بکات تا متمانەی پێبدرێت، پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش بە پێی ئەو رێککەوتنەی لە ژێر رۆشنایی دەست پێشخەریەکەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزاکراوە، دەبێت حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانی بێت و بێجگە لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسیەکانی هەر لایەنێك، دەبێت رەچاوی رێژەی هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق ( کورد و شیعە و سونە ) بکرێت و میکانزمێك بدۆزرێتەوە کە پێکهاتەکانی دیکەش لەو حکومەتەدا بەشدار بوون و حکومەتی داهاتوو رەنگدانەوەی مۆزاییك و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێت، هاوکات لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ئێستا پەرلەمانی عێراق سەرقاڵی ئەوەیە یاسایەك بۆ ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکان دەربکات، ئەم ئەنجومەنە کە تایبەتە بەم خولەی هەڵبژاردنی عێراق و بەمەبەستی راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق و چەسپاندنی پرانسیپی شەراکەتی نیشتمانی لە دارشتنی بڕیار و سیاسەتی ستراتیژی دامەزراوە، دامەزراوەیەکی نوێیەو ئەویش رەنگدانەوەی خۆی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق دەبێت، سەبارەت بەم باردۆخەی ئێستای عێراق و هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بەرێز عەلی دەباغ وتەبێژی فەرمی حکومەتی ئێستای عێراق لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان لێمان پرسی ئایا بەرێزتان وەك کەسێکی زۆر نزیك لە بەرێز مالکیی تا چەند مالیکی لە پێکهێنانی حکومەت رووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە؟ دەباغ بەجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی:

( بارودۆخی سیاسی لە عێراق بەپێی پێویست بەهێز نییە. هەربۆیە، بێگومان زەحمەتی و ئاستەنگی دێتە سەر رێ، بەڵام من پێموایە کە ئێمە قۆناغە زەحمەتەکانمان تێپەڕاندووە بەهۆی ئەو رێککەوتنە سیاسیەی کە روویدا. بەڕای من زەحمەتییەکان پەیوەست دەبێت بە کێشەی هونەری و زیاتر دەکەوێتە چوارچێوەی رکابەری و ململانێ لەسەر دابەشکردنی وەزارەتە گرنگەکان، یان کە بەلای هەندێ کەسەوە گرنگە، کێشەکان لەم چوارچێوەیەدا دەبێت و هاوکات ئەم ململانێیە لەسەر وەزارەتەکان شتێکی سروشتیە.

بۆیە ئەگەر باسی ئاستەنگ بکرێت ئەوا بێگومان دەڵێم، بەڵێ، زەحمەتی هەیە، بەڵام جەخت لەوە دەکەمەوە کە چارەسەر بۆ کێشەکان هەیە. دۆزینەوەی چارەسەر

# ـەتی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان



# حکومەتەکەی پێکدەهێنێت؟

بۆ ئەم زەحمەتییانە کارێکی مەحاڵ نییە بەڵام ئەگەری دۆزینەوەی هەیە. ئەویش لەبەرئەوەی رێککەوتن دێتەکایەوە بەشێوەیەك کە لەلایەن هەموو لایەنە جیاوازەکانەوە پەسەند بێت، هەروەها بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن بۆ هەر قەوارەیەك.))

سەبارەت بەهەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ کە بڕیارە بدرێتە دووکەسی بێلایەن و تەکنۆکرات، عەلی دەباغ لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی : ( هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ دەدرێنە کەسانێك کە پێوەندییان بە حزب و قەوارە سیاسییەکانەوە نەبێت، بەڵکو کەسانێکی گرنگن و ئەرکەکانیان بریتییە لە پاراستنی ئاسایش و بەڵێن دەدەن کە پێوەندییان بەهیچ کێبڕکێیەکی هەڵبژاردن نییە، بەمەبەستی دڵنیابوون لەو بارەیەی کە سۆزیان بۆ هیچ کام لە قەوارە سیاسییە رکابەرەکاندا نییە، بۆئەوەی سۆز و وەلائیان تەنیا بۆ وڵاتەکە هەبێت.ئەمەش مانای ئەوەیە لە دەرەوەی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنە و ناکەوێتە چوارچێوەی ئیستحقاقاتەکان.))

سەبارەت بەشداریکردنی لیستی ئەلعراقیە لە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانیش دەباغ جەختی کردەوە(هەموو لیستی «عێراقیە» رێککەوتووە لەسەر بەشداربوون لە حکومەتی هاوبەش، هەربۆیە هەموو لایەنێك خوازیارە بەشداری لە حکومەت بکات و ئەمڕۆ هیچ لایەنێکی سیاسی نییە کە خوازیارنەبێت بۆ بەشداریکردن لە حکومەت، بەڵکو پێویستە هەموو لایەنەکان بەشداری لە حکومەتەکە بکەن، وێڕای ئەوەی کە ئەمە کارێکە کە زەحمەتیی تێدا هەیە بەڵام هاوکات شتێکی باشە. بەڕای من پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی شتێکی زۆر باشە.)) هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە پێگەی کورد لە حکومەتی داهاتوو ئاماژەی بەوەکرد (لەڕاستیدا کوردەکان بەشێکی کاران لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام بەڕای من هەندێ لایەنی مشتومڕ لەسەرکراو هەیە لەبارەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی ژمارەی خاڵەکان ژمارەیەکی دیاریکراو و سنووردارە. هاوکات هەموو لایەنێك سوورە لەسەر پشك و بەش و مافەکانی و هەرگیز رێگەنادات بەفیرۆبڕوات. هەربۆیە، بە رۆحیەتێکی پڕ یەکسانی و عەدالەت مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دەکرێت.)) سەبارەت بە دروست بوونی ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران و کارابوونی پەرلەمانێکی باشتر لە خولی پێشوو دەباغ بەم راشکاوییەوە رای خۆی بۆ گوڵان ئاشکرا کردو وتی : ((من هاوڕام لەگەڵ پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە. بەڕای من پێویست ناکات بڕۆینە ناو باسی ئەوەی کە ئەم ئەنجومەنە راوێژکارییە یان هەر شتێکی تر، لەبەرئەوەی خۆی هەڵگری ئەم خەسڵەتەیە. ئەم ئەنجومەنە باس لە



ئەیاد سامەرائی سەرکردەی تەحالوفی وەسەت بۆ گوڵان:

# ئەگەر لایەنەکان پابەند بن بە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی حکومەتی داهاتوو سەرکەوتوو دەبێت

بە تێروانینی خۆی وەك وتەبێژی ئەم لیستە کە خاوەنی ٩١ کورسی پەرلەمانییە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: ((بێگومان زەحمەتی هەر دەبێت. خواست لەنێوان قەوارە سیاسییە جیاوازەکاندا هەیە لەپێناو خولْقاندنی ئەم جۆرە گونجاندنە. هەروەها هەڵبەتە زەحمەتی دەبێت. هەربۆیە، لە ئەنجامی رێککەوتنە سیاسییەکان کە لە سێبەری دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز «مەسعود بارزانی» روویدا ئێمە لەو بڕوایەداین کە بەسە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی.)) سەبارەت بە دامەزراندنی وەزارەتی نوێ لە حکومەتی داهاتووی عێراق یان زیاترکردنی ژمارەی وەزارەتەکانیش حەیدەر مولا بە گوڵانی راگەیاند: ((دامەزراندنی هەندێ سیاسەتە باڵاکانی وڵات دەکات بەبێ چوونە سەر وردەکارییەکانی، ئەگەریش هات و بڕیاردرا لەسەر پێکهێنانی، ئەوکات بەڵێ دەبێتە ئەنجومەنێکی جێبەجێکاری لەبەرئەوەی بۆ لایەنەکانی تر پابەند دەبێت بەڵام دەستێوەردانی وردەکارییەکان نابێت و لەئاکامیشدا هەڵدەستێت بە پێشکەکردنی بۆچوونێك بۆ حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران، بەواتایەکی تر هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی تێڕوانینێك و پاش دەنگدان و پەسەندکردن ئەو بۆچوونە مایەی جێبەجێکردن دەبێت. بەڵام لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کە پێویست ناکات بڕۆینە سەر ئەم جۆرە باسانە، لەبەرئەوەی واتای وشەی «جێبەجێکاری» مانای دەرکردنی بڕیارە و ئەویش لەخۆیدا وانییە. بەڵکو زیاتر دەڕواتە سەر باسکردنی سیاسەتێکی باڵا و گشتیی پێوەندار بە وڵات و پاش پەسەندکردنی پێشنیارەکانی کاری پێ دەکرێت.هەربۆیە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران هەرگیز قبووڵ ناکرێت. ئەمە شتێکە کە هیچ کەسێك و بەهیچ شێوەیەك هەرسی ناکات. ئەمانە بریتین لە دەسەڵاتی دەستووری و کە ناکرێ دەستی لێ بدرێت، هاوکات هیچ کەسێك لەگەڵ ئەوەدانییە کە دەست لە دەسەڵاتی دەستووری بدرێت. بەڵکو دەتوانین باس لە هەندێ سیاسەت بکەین کە هەمووان بەشداریی تێدا بکەن، سیاسەتەکانیش لە دەسەڵاتی هیچ کەسێك کەم ناکاتەوە و لەگەڵ هیچ کەسێك مایەی پێکدادان نابێت. سەبارەت بە رۆڵی پەرلەمانیش بێگومان گۆڕانکارییەکی روون و بەرچاو هەیە لەگەڵ پەرلەمانی پێشوو و پێدەچێت پەرلەمانی ئێستا پەرلەمانێکی کارا بێت و لە بەراوردکردنی لەگەڵ پەرلەمانی پێشوودا هەست دەکرێت پەرلەمانێکی بەهێزی لێ دەرچێت. پەرلەمانی پێشوو لە زۆر لایەنەوە قۆڵبەست کرابوو. هیواداریین پەرلەمان ئاوێنەیەکی رەنگدانەوە بێت بۆ حکومەت و هەڵەکانی حکومەت راست بکاتەوە و نەك بکەوێتە قەیرانی سیاسییەوە.)) بەڵام حەیدەر مولا وتەبێژی لیستی ئەلعراقیە سەبارەت وەزارەت پێویستە. بۆ نموونە لیستی «عێراقیە» پێشنیارێکی پێشکەش کرد بۆ دامەزراندنی وەزارەتێك بۆ پەرەپێدانی مرۆیی، لەبەرئەوەی ئێمە لەو بڕوایەداین کە پڕۆسەی سیاسیی ئەمڕۆمان پێویستیی بەم جۆرە وەزارەتانە هەیە. هاوکات گۆڕینی دەستەی وەبەرهێنان بۆ وەزارەت یەکێکە لە پێویستیەکان، لەبەرئەوەی وڵات پێویستیی بە هەوڵێکی گەورە هەیە لەبواری وەبەرهێنان لەسەر ئاستی ژێرخانەکان و خزمەتگوزارییەکان. ئەم وەزارەتانەش بەپێی پێویستییەکانی ئەم قۆناغەدا دامەزرێن. هەربۆیە، لیستی «عێراقیە» لەم بارەیەوە هاوڕایە و ئاڕاستەکان بەو شێوەیە کە کابینەی حکومەت لە ٣٧ یان زیاتر لە ٣٩ وەزارەت حکومەتێکی لاوازی لێ دەرچێت، ئێمەیش هیواداربووین کابینەی حکومەت فراوانتر بێت بۆئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی فراوانتر بێت، بەڵام ئەمەیە واقعی هزری سیاسی و پڕۆسەی سیاسیی. تاکو ئەمڕۆ هیچ پێشنیارێك نییە لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی هەر وەزارەتێکی دیاریکراو.)) سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان و وتوێژکردن بۆ دابەشکردنی ئەم پۆستە وەزرایانە لەنێوان پێکهاتە بەشداربووەکاندا، وتەبێژی لیستی ئەلعراقیە بەمجۆرە رای خۆی پێی راگەیاندین و وتی:(تاکو ئێستاش لەو بارەیەوە دەکۆڵینەوە. «عێراقیە» پێشنیارێکی پێشکەشکرد لەبارەی میکانیزمی ژماردنی خاڵەکان و ئەم مەسەلەیە هێشتا وتوێژی لەسەر دەکرێت و هاوکات برایانمان لە «دەوڵەتی یاسا» میکانیزمێکیان پێشکەش کردوە و ئەویش کەوتۆتە تاوتۆکردن و هێشتا یەکلانەکراوەتەوە.بۆ مەسەلەی پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکانیش پڕۆژەی یاسایەکمان تەواو کردووە و لە رۆژانی داهاتوودا پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت و دەخرێتە دەنگدانەوە.)

## حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی و وەزیرە بێلایەنەکانی بەرگری و ناوخۆ

پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی ئەو دەستەواژەیەیە کە هەموو

**دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی دەستوورین و بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت دەسەڵاتەکانی کەمبکرێتەوە**

**پێشنیاری ئێمە بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق ئەوەیە ژمارەیەک وەزارەت زیاد بکرێت و لەبەر ئەوەی باری سیاسیی ئەمڕۆمان پێویستی بە وەزارەتی زیاتر هەیە لە حکومەتدا..**

**ئێمە قۆناغە زەحمەتەکانمان تێپەڕاندووە بەهۆی ئەو رێککەوتنە سیاسیەی کە روویدا**



عەلی دەباغ وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق بۆ گوڵان:

# دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی دەستوورین و بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت دەسەڵاتەکانی کەمبکرێتەوە

پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵام لە پێکهێنانی حکومەتی عێراق و دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان بەگشتی و هەردوو پۆستی سەروەری وەزارەتی ناوخۆو بەرگری جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە ئەم دووپۆستە بدرێتە کەسانێکی بێ لایەن لە دەرەوەی پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق، واتە ئەو کەسانەی ئەو دوو پۆستە وەردەگرن لەدەرەوەی لایەنە سیاسەکان سەبارەت بەم پرسە و یەکگرتنەوەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ پرانسیپی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی بەرێز ئەیاد سامەرائی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق و یەکێك لەسەرکردەکانی ئێستای تەحالوفی وەسەت لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخافتن و وتی : (ئەوەی پێشبینی دەکرێت بریتیە لەوەی کە هەموو هێزە سیاسییەکان بەشداری لە حکومەتی داهاتوو دەکەن، ئەمە خاڵێك. خاڵی دووەم، بارودۆخەکە پێویستیی بە جۆرە هاوسەنگییەك هەیە لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکان، بەشێوەیەك کە باڵانسێك لەناو حکومەت وەدی بهێنرێت، لەسەر ئاستی هێزە سیاسیەکان و هەروەها لەسەر ئاستی پێکهاتە سەرەکییەکانی گەلی عێراقی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ. تەنیا چەند وردەکاریەك دەمێنێت لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان هێزە سیاسیەکان و پێویستە لەسەر سەرۆك وەزیران بەجۆرێك لە جۆرەکان لەم بارەیەوە هاوسەنگییەك بخولقێنێت. بەڵام سەبارەت بەوەی هەر دوو پۆستی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری بدرێتە دوو کەسی بێ لایەن، من راشکاوانە دەڵێم و دڵنیام ئەمە هەمان رای ئەو قەوارەیەیە کە نوێنەرایەتیی دەکەم، ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاورانین. لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین کە دەڵێت وەزیری بێلایەن بۆ وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ بێنین. لەبەرئەوەی کاتێك ناونرا لە حکومەتی داهاتوو بە ناوی «حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی» مەبەست لە بەشداربوونی هەموو لایەنە سیاسییەکان بوو. هەروەها لەبەرئەوەی سەرۆك وەزیران نوێنەرایەتیی پارتێکی سیاسی دەکات و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارییەکانە، هەربۆیە، پێویستە چوارچێوەی وێنەکە تەواوبکرێ بەو شێوەیەی کە وەزیری ئەم ٢ وەزارەتە بکەوێتە چوارچێوەی پارت و لایەنە سیاسییەکان، نەك بدرێت بە کەسانێکی دیکە لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزە سیاسییەکان. مەبەستم لەوەیە پێویستە ئەو کەسانە کەسانێکی بەناوبانگ و ناسراوبن، هاوکات لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە پەسەند بکرێن و جۆرە بێلایەنییەکیان هەبێت لە رەفتار و مامەڵەکردن، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ئەم ٢ وەزارەتە لە وەزارەتە گرنگەکانە، هەروەها وەزیرەکان پێویستییان بەوە هەیە کە بەهێز بن، بۆئەوەی بەهێزیش بن پێویستە وەزیرەکان لەبەردەم هێزە سیاسییەکان بەرپرسیار بن. بەڵام ئەمڕۆ بێین و ئەفسەرێك بکەین بە وەزیر، بەڕای من ئەمە کارێکی نادروستە، لەبەرئەوەی ئەزموونەکانی رابردوو سەلماندی کە ئەفسەر کەسانێکی شیاونین بۆ وەرگرتنی پۆست لە حکومەتێکی سیاسی. لەوانەیە ئەو لایەنە پەسەند بێت کە ئەو کەسە کەسێکی حزبی نەبێت، مەبەستم کە لە ریزی هیچ پارتێك نەبێت، بەڵام ناتوانین رێگەی لێ بگرین کە پێوەندیی نەبێت لەگەڵ هیچ رەوتێکی سیاسی لەو رەوتە سیاسییە جیاوازانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کرد. بەڵام گەر بێینە سەر وشەی «بێلایەن»، لە هەموو قەوارە سیاسییەکاندا پارتی سیاسی هەیە و هەروەها کەسانی بێلایەنیش. بەڕای من پێویستە کەسە کاندیدکراوەکان لە چوارچێوەی قەوارە سیاسییەکان هەڵبژێردرێن و لەگەڵ پەسەند کردنیان لەلایەن هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکان. بەڵام نەك کەسانێك بێنین کە هیچ پێوەندییەکیان بە پرۆسەی سیاسییەوە نەبێت و یان بەهیچ شێوەیەك بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا نەکردبێت، لەبەرئەوەی من لەو بڕوایەدام کە ئەو جۆرە کەسانە ناتوانن وەك پێویست ئەم ٢ وەزارەتە بەڕێوەببەن.))

هەر لەهەمان چوارچێوەدا و سەبارەت بەوەی ئایا ئەم ئیشکالیەتە تاچەند ئاستەنگ بۆ حکومەتی داهاتوو دروست دەکات، سامەرائی پێی راگەیاندین: (بەڕای من جارێ پێویست بە پەلەکردن ناکات. هەڵبەتە کاتێك کە حکومەت ئەم ئەرکە قورسەی لەسەر شانە، گەیشتن بە رێککەوتن کارێك نییە بەو ئاسانیە ئەنجام بدرێت. مەسەلەکە پێویستیی بە هەڵوێستێك هەیە کە دوور بێت لەو نەرم و نیانیەی کە سەرۆك وەزیران پەیڕەوی دەکات لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و داواکارییە جیاوازەکان. هەربۆیە، من پێموایە باشترین شت بۆ سەرۆك وەزیران ئەوەیە کە ئەو بەرپرسیارەتییە لە ئەستۆی خۆی نەگرێت، بەڵکو لەگەڵ هێزە سیاسییەکان هەوڵبدات بۆ گەیشتن بە تەوافوق و دڵنیام لەرێگەی توافوقدا دەتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێت.))

هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ دەدرێنە کەسانێک کە پێوەندییان بە حزب و قەوارە سیاییەکانەوە نەبێت

کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران هەرگیز قبوڵ ناکرێت، ئەمە بریتین لە دەسەڵاتی دەستووری و کە ناکرێ دەستی لێ بدرێت

ئێستا لەقۆناغی دووبارە رێکخستنەوەی سیستەمی ناوخۆیی و گۆڕینی رێککەوتنە سیاسییەکانین بۆ «تەشریعات»

### پەرلەمانێکی کارا توانای لێپرسینەوەی وەزیرەکانی هەبێت

بوونی پەرلەمانێکی کارا بۆ حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی پێویستە، سەبارەت بەم پرسە لە سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراقمان پرسی ئایا چاروەڕێی دەکرێت پەرلەمانی ئێستا بتوانێت رۆڵێکی کارا بگێڕێت؟ لەوەڵامدا ئەیاد سەمەرائی پێی



حەیدەر مولا وتەبێژی لیستی ئەلعراقیە بۆ گوڵان:

# لیستی «عێراقیە» پێشنیارێکی پێشکەش کرد بۆ دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ پەرەپێدانی مرۆیی

وتین: ((تاکو ئێستا نیشانەکانی نێوان لایەنەکان پۆزەتیڤانەیە و ئەم قۆناغە بریتیە لە قۆناغێکی ئامادەکاری. بەواتای، قۆناغی دووبارە رێکخستنەوەی سیستەمی ناوخۆیی و گۆڕینی رێککەوتنە سیاسییەکان بۆ «تەشریعات» لەگەڵ پێکهێنانی لێژنەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە. جگە لە پێکهێنانی لیژنەکانی تر. هەربۆیە، لەڕاستیدا تاکو ئێستا شێوازی ئەدائەکان باشە و برایانەش کاردەکەن بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ قۆناغی داهاتوو. بەڕای من گرنگترین خاڵ کە جەختی لەسەر بکرێت و بخرێتەڕوو بەتایبەتی لەبارەی قۆناغی رابردوو ئەوەیە کە پێویستە وەزیرەکان راپۆرتی خۆیان پێشکەشی پەرلەمان بکەن لەبارەی ئەو شتانەی کە لەمیانی ئەو قۆناغەدا ئەنجامدراوە، لەبارەی کارەکان و دەسکەوتەکان و کێشە و گرفتەکان و هەروەها هەڵسەنگاندنەکان، هاوکات ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن لەبەرئەوەی لە قۆناغی رابردوودا ئەنجومەنی نوێنەران چاودێریی لەسەر وەزیرەکاندا نەبووە. هەربۆیە، بەڕای من ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەر یەك لە وەزیرەکانی حکومەتی ئێستا هەڵسن بە پێشکەشکردنی راپۆرتێك لەسەر وەزارەتەکەیان، لەگەڵ تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی بۆ ئایندە. بەڕای من ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە زۆر گرنگترە لەو جۆرە وتوێژانەی کە ئەنجامی دەدات و کە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە. ئەمڕۆ رێککەوتنێك هەیە لەبارەی بانگکردنی ژمارەیەك لە وەزیرەکان بۆ مەبەستی پێشکەش کردنی راپۆرتەکانیان و هیوادارم لەماوەی داهاتوودا هەموو وەزیرەکان بانگ بکرێن بۆئەوەی راپۆرتەکانیان پێشکەش بکەن، کەمترین شت لەپێناو هەڵسەنگاندنی قۆناغی داهاتوو ئەوەیە لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیرەکان بکرێت و ئەگەر مەسەلەکان پێوەندییان بە لایەنەکانی «نەزاهەت» هەبێت، ئەوە «دەستەی نەزاهە» مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەڵام ئەگەر هات و مەسەلەکە پێوەندیی بە کەمتەرخەمییەوە هەبوو، ئەوە ئەوکات ئەنجومەن لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو وەزیرە دەکات کە کەمتەرخەم بووە. بەڵام حاڵەتێکی دیکە هەیە، ئەویش ئەگەر هات و زانرا کە وەزیرێك شایستەی ئەو متمانەییە نییە ئەوکات ئەنجومەن متمانەیی لەو وەزیرە دەکێشێتەوە، بەڵام تازە کێشانەوەی متمانەیی لە وەزیرەکان ناکرێت لەبەرئەوەی وەزارەتەکان بەرەو ساتەکانی کۆتایی دەڕۆن و وەزیری نوێ دێنە سەر پۆستەکان. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێدا کە ئێستا گرنگترین شت



ئەوەیە هەڵسەنگاندنێك بۆ شێوازی ئەدائی وەزارەتەكان بكەین، بەڕای من ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كە هەر وەزیرێك راپۆرتی خۆی پێشكەش بكات سەبارەت بەو كارانەی كە لە وەزارەتەكانیان لەماوەی ٤ ساڵی رابردوودا ئەنجامیـــان داوە و لەگەڵ چەند مانگی رابردوو، هەروەها تێڕوانین و پێشنیارەكانیان بۆ ئایندە، لەبەرئـــەوەی وەزیرەكان مایەی گۆڕینن بەڵام هیچ گومانێك لەوەدا نییە كە هەر وەزارەتێك خاوەن كۆمەڵێك بەرنامە و پرۆژەی ئایندەییە.))

## دەستپێشخەریەكەی بارزانی خاڵەبەندی پیتەكانی كردووە

قۆناخی ســـەخت و ناخۆشـــی پرۆسەی پێكهێنانـــی حكومەت، بەســـەركەوتنی دەســـت پێشـــخەریەكەی بەڕێز مســـعود بارزانی ســـەرۆكی هەرێمی كوردســـتان كۆتایی هات و ئێســـتا ئەو ئاستەنگ و توێژانەی دەكرێت لەسەر لایەنە فەنیەكانی پرۆســـەكان، ســـەبارەت بەم پرسە د.ئەیاد سامەرائی بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی خســـتەروو: (لەمیانـــی وتوێژەكانی نێوان قەوارە سیاســـییەكاندا، دەستپێشخەرییەكی ســـەرۆك «بارزانی» خاڵەكانی لەســـەر پیتەكان دانـــا لەبارەی قۆناغی داهاتوو و لەبارەی ئەو شـــتانەی كە پێویستە ئەنجام بدرێت. هەربۆیە، ئەگـــەر هات و هەموو لایەنەكان پاپەندبوون بە چەمكی هاوبەشی و پرەنسیپی خوڵقاندنی هاوسەنگی لەگەڵ پرەنســـیپەكانی تری دەستپێشخەرییەكە كە فەخامەتی سەرۆك «بارزانی» پێشكەشی كردبوو، من پێموایە كە ئەوكات حكومەت دەتوانێت لە ئەركەكانیدا ســـەركەوتوو بێت. بەڵام ئەگەر هات و لایەنە سیاســـییەكان دەســـتیانكرد بـــە خۆدزینـــەوە و هەوڵدان بۆ ســـەپاندنی هەندێ لایەنـــی دەرەوەی چوارچێـــوەی رێككەوتنەكان، بەڕای من ئەوكات كێشـــە دروست دەبێت.سەبارەت بە دابەشكردنی پۆستە وەزارییەكانیش ئەوەی تائێستا زانراوە تەنیا ناوی شەش وەزارەتمان لا ئاشـــكرایە و ئێمـــە وەك تەحالوفـــی وەســـەت، خوازیارین یەكێك لـــە وەزارەتە خزمەتگوزارییـــەكان بـــە «تەحالوفـــی وەســـەت» بدرێت بۆئەوەی لەرێگەی ئەو وەزارەتانەدا بتوانین خزمەت بە هاووڵاتیان بگەیەنین.)).




پێشبینی دەكرێت لەوەی كە هەموو هێزە سیاسییەكان بەشداری لە حكومەتی داهاتوو بكەن

لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین كە دەڵێت وەزیری بێلایەن بۆ وەزارەتەكانی بەرگری و ناوخۆ بێنین.

«عێراقیە» پێشنیارێكی پێشكەشكرد لەبارەی میكانیزمی ژماردنی خاڵەكان و ئەم مەسەلەیە هێشتا وتووێژی لەسەر دەكرێت، لە «دەوڵەتی یاسا»ش میكانیزمێك پێشكەش كراوەو كەوتۆتە تاوتۆكردن

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبێکی نوێی دەنیز نەتالی

# نیمچە دەوڵەتی کوردستان بەرەوپێشچوون و سەربەخۆیی لە عێراقی دوای جەنگی کەنداودا

بیرۆکەی نەتالی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا نیمچەدەوڵەتە و سەربەخۆیی بەدەست ناهێنێت، ڕەنگە لە کتێبی داهاتوویدا ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت




**((حاڵی حازر ڕووداوەکان و هەلومەرجەکە بوونەتەهۆی ئەوەی تەجاوزی ئەم وەسفکردنەی هەرێمی کوردستان وەک نیمچە دەوڵەت بکرێت، لەبەر ئەوەی تورکیا کونسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردۆتەوە، مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەناسێنێت و بانگهێشتی کرد بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات. ڕەنگە بیرۆکەکەی نەتالی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا نیمچەدەوڵەتە و سەربەخۆیی بەدەست ناهێنێت لە کتێبی داهاتوویدا ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت)).**

ئەو هاوکاری و یارمەتیە دەرەکیەی کوردەکانی عێراق بەدەستیان هێناوە، ئەوە دیاری دەکات کە کوردەکان چ قەوارەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بنیاد بنێن

دەنیز نەتالی شیکردنەوەیەکی کورت و وردبینانەمان دەداتێ دەربارەی بەرەوپێشچوونی پڕ لە گەشەکردنی ئەوەی ئەو پێی دەڵێت نیمچە دەوڵەتی کوردی لەباکووری عێراق، کە بە ڕەسمی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناسراوە. نەتالی دەستەواژەی نیمچە دەوڵەت بەم شێوەیە وەسفدەکات کە بریتییە لەو «قەوارە سیاسییانەی خاوەنی سەروەری ناوخۆیی نەك دەرەکین و هەوڵی بەدەستهێنانی شێوەیەك لە ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی دەدەن. ئەم قەوارانەش بەشێکن لە دەوڵەتێکی شکستخواردو یان دەرئەنجامی سنوورکێشانە ناڕەواکانی دوای ڕۆژگاری ئیمپریالیـن»(ل XXi)، بیرۆکە سەرەکیەکەی بریتییە لەوەی ئەو هاوکاری و یارمەتیە دەرەکیەی کوردەکانی عێراق بەدەستیان هێناوە، ئەوە دیاری دەکات کە کوردەکان چ قەوارەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بنیاد بنێن.» ئەم کتێبە.. هەوڵدەدات ئەوە بخاتەڕوو لە کاتێکدا بونیادە دێرینەکان و تەقلیدە ئیتنییەکان کە لەرووی مێژووییەوە پێوەندی نێوان کوردەکان و حکومەتی مەرکەزیان دارشتووە، ئەوا هاوکاریە دەرەکییەکان سەربەخۆیی گەلێکی نوێی و پشتبەیەك بەستنێکی نوێیان خوڵقاندووە، لەهەمان کاتدا ڕێگەیان بۆ ناکۆکی و هاوکاری کردنیش لەگەڵدا یەکدا کردۆتەوە». (لاXX)

کتێبەکەی نەتالی شایستەی سەرنجدانە، لەبەر ئەوەی خۆی لە ناوچەکەدا ژیاوە و کاری کردووە، سەرەتا لەگەڵ فریاگوزاری بۆ لێقەوماوانی کارەساتەکان و دواتر لە بەرنامەی دووبارە بنیادنانەوەی کۆمەڵگەی دوای شەڕ و ناکۆکی کاری کردووە و لە کۆتاییدا وەك پرۆفیسۆرێك کە لەساڵی ١٩٩٢ـەوە لە زانکۆ جۆراوجۆرەکاندا وانەی وتۆتەوە. ئەم کارانە بوونەتەهۆی ئەوەی دەرفەتێکی دەگمەن بۆ نەتالی بڕەخسێت بۆ ئەوەی پەرە بە پێوەندییەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکەدا بدات و بکەوێتە کاری مەیدانی لەگەڵ دەسەڵاتێکدا، کە دروستکردنی پێوەندیەکی لەمجۆرە بۆ چاودێرێکی دەرەکی یان ئەو کەسانەی ناو بەناو سەردانی ناوچەکە دەکەن، کارێکی زەحمەتە. هەروەها نەتالی خاوەن وزە و

قۆناغی
فریاگوزاری و
یارمەتی دەرەکی
هانی پێکهێنانی
دەوڵەتی نیمچە
سەربەخۆی دا




قۆناغی بەرنامەی
نەوت بەرامبەر
بە خۆراک
(١٩٩٦–٢٠٠٣)
بووهۆی ئەوەی
نیمچەدەوڵەت لە
«فریاگوزارییەوە
بگۆڕێت بۆ دووبارە
بنیادنانەوە»

## نووسینی پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر تایبەت بەگوڵان

توانایەکی خێرا و روانینێکی پەرۆشانەیە کە سوودێکی باشی پێدەگەیەنێت. ئەو شیکردنەوەکانی بە بناغەگەلێکی پتەو لەنێو ئەدەبیاتە ئەکادیمیە پێوەندیدارەکاندا پشتڕاستدەکاتەوە، ئەگەرچی ئەو هەندێ کاری گرنگی لەم رووەوە لەبەرچاو نەگرتووە کە لەم دواییانەدا بڵاوکرانەوە، وەك کارەکانی براندن ئۆلێری و ئەوانی دیکە. داهاتووی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، و دەیڤید رۆمانۆ، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی، دەرفەت، خۆسازدان و ناسنامە، ٢٠٠٦.

دوای دەروازیەکی پڕ لە وردەکای کە تێیدا هەڵدەستێت بە روونکردنەوە و خستنەڕووی بیرۆکەکانی، نەتالی هەڵدەستێت بە دابەشکردنی شیکردنەوەکەی بۆ پێنج بەش لەگەڵ بەشی دەرئەنجامەکاندا. چاپتەری یەکەم تاوتوێی ئەوە دەکات چۆن پاشماوە مێژووییەکان و دامەزراوە بونیادییەکان لەپێش جەنگی یەکەمی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ ئاستەنگ بوون لەبەردەم بەرەوپێشچووندا. لە میانەی ئەم قۆناغەدا، کۆمەکی دەرەکی بە هەرێمی کوردستانی عێراق» لە راستیدا بوونی نەبوو» (لا١). « لە کاتێکدا ئابووری عێراق سوودی لە گۆڕانە داینامیکییەکان وەرگرت کە بوونە پاڵنەری بەرەوپێشچوون......، ئەمەش دەرفەتی بۆ دروستکرد سەرمایەی دەرەکی بەدەست بهێنێت و بگاتە بازاڕە جیهانییەکان، ئەویش بەهۆی داهاتی نەوتەوە، هەرێمی کوردستان دابڕواو بوو لە سیاسەت و بازاڕە جیهانییەکان» (لا٢٨). « سرووشتی کۆمەکە دەرەکییەکان بە چەشنێك بوون، بووونە مایەی بەدەستهێنانی ئیعتیرافی نێودەوڵەتی، نەبوونە هۆی بەدەستهێنانی سەروەری ناوخۆیی بۆ هەرێمی گوندنشینی کوردستان، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەوەی گۆشەگیری، ناسەقامگیری و دواکەوتوویی باڵادەست بێت» (لا٤٠).

چوار چاپتەرەکەی دیکەی کتێبەکەی، بەرنامە جیاوازەکانی کۆمەکی دەرەکی لەدوای جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ شیدەکەنەوە، لەگەڵ خستنەڕووی کاریگەرییەکانی ئەم بەرنامانە لەسەر بەرەوپێشچوونی حکومەتی هەرێمی

هاوکارییە دەرەکییەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی شەرعی دەناسێنێت لە عێراقی فیدراڵیدا

کوردستان. چاپتەری دووەم کە ناونیشانەکەی بریتییــە لــە «قۆناغـــی فریاگـــوزاری (١٩٩١-١٩٩٦).» ئەوە پیشان دەدات چۆن یارمەتی دەرەکی هانی پێکهێنانی دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆی دا. « هەرچۆنێك بێت، ئەم کۆششـــانە بۆ بەهێزکردنی ئۆتۆنۆمی کوردی، بەهـــۆی سرووشـــتی بەرنامەی هاوکاریکردنەوە چاودێری کرا، کە زەمانەتی لەیەکپارچەیـــی خاکـــی عێراقی کرد نەك هەرێمی کوردســـتانێك کە ئیکتیفای زاتی هەبێت،واتـــە بتوانێت خۆی ســـەرچاوە و داهاتی بەردەوامبوونی خۆی دابین بکات» (لا٢٩). « بیرۆکـــەی دەوڵەتـــی عێراقی خاوەن ســـەروەری وەك بیرۆکەیەکی پیرۆز مایەوە»(لا xxii).

قۆناغـــی بەرنامەی نـــەوت بەرامبەر بە خـــۆراك (١٩٩٦-٢٠٠٣) بووهۆی ئەوەی نیمچەدەوڵـــەت لـــە «فریاگوزارییـــەوە بگۆڕێت بـــۆ دووبارە بنیادنانـــەوە»، کە ئەمـــە ناونیشـــانی چاپتەری ســـێیەمە. «لەگەڵ ئەوەشدا، مەرجەکانی بەرنامەی یارمەتی، کە پەیوەســـت بوون بە سیاسەتی عێراقێکی یەکگرتـــووەوە، بەردەوام بوون لە ســـنووردارکردنی توانای نیمچە دەوڵەتی کـــوردی و هەوڵەکانی بۆ بەدەســـتهێنانی ئیکتیفـــای زاتـــی- واتـــە بتوانێت خۆی ســـەرچاوە و داهاتی بەردەوامبوونی خۆی دابین بکات-» (لا ٧٤). چاپتەری چوارەم «ئەرکی دیموکراسی (لە ٢٠٠٣ەوە تاوەکو ئەم ساتەوەختە)» ئەوە روون دەکاتەوە چۆن هـــاوکاری دەرەکی بە شـــێوەیەکی گرنگ ئاڵوگـــۆڕی بەســـەرداهاتووە. کە «چیتر تەوەری ئـــەم هاوکاریانە بریتـــی نییە لە دابینکردنـــی کەلوپـــەل و خزمەتگوزاری تەقلیدی، بەڵکو پتر جەخت لەسەر بنیادنانی توانا و بەرەوپێشچوونی درێژخایەن دەکاتەوە. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی شەرعی دەناسێنێت لە عێراقی فیدراڵیدا، کە بەپێی دەســـتووری عێراق مـــاف و داهاتـــی تایبەت بەخۆی هەیـــە» (ل٧٥). وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا جەختی لەســـەر کۆنترۆڵکردنی نەوتـــی عێراق، تێکشـــکاندنی تیرۆریزم و بنیادنانی عێراقێکی دیموکراتی، لیبراڵی و دۆست بە رۆژئاوای کردەوە. دەوڵەتی نیمچە ســـەربەخۆی کوردی بوو بـــە میانگیری دابەشکردنی دەسەڵات لە بەغدا. لە لایەکی

دیکەوە، دەرئەنجامـــی نەخوازراو لەنێوياندا کەلێن و دابەشبوونی نێو ئەم دەوڵەتە نیمچە ســـەربەخۆیە بەهۆی ئابووریە سیاســـییە نوێیەکەوە هاتنە ئاراوە.

«نیمچەدەوڵەتی پشتبەست و- پشتبەست و بە لایەنێکی دیکە، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ناتوانێت ســـەربەخۆبێت» بابەتی چاپتەری پێنجەمە. بەلەرچاوگرتنی ناسەقامگیری سیاســـی و ئەو ســـتبوونە ئابووریەی لە ئەنجامی ئەم ناســـەقامگیریەوە کەوتۆتەوە لە بەشـــەکانی دیکەی عێراقدا، حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان وەك «عێراقەکەی دیکە» گەشەی کرد، «ئەوا هەلومەرجی ئەم نیمچە دەوڵەتە کە دەبێت پشتبەستوویێت بـــە لایەنێکی دیکـــە، ئەمـــەش لەرووی ئابوورییەوە بە ســـوود شـــکاوەتەوە، هاوشان بە کـــۆت و قەیـــدە بونیادییـــە ناوخۆییە بەردەوامەکان، بوونەهۆی خولقاندنی پاڵنەر و داواکاری بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەشـــێك لە دەوڵەتی عێراق بمێنێتەوە» (لا١٠٣).

دوایین بەشی شـــیکردنەوەکەی نەتالی لە «دەرئەنجامـــەکان»دا وردەکاری ئـــەوە لە خۆدەگرێت چۆن بناغەکانی ئابووری نیمچە دەوڵەتی کوردی ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهاتووە لە پشتەبەســـتن بە کاری قاچاغ بردنەوە بۆ بازرگانی لە ســـنوورەکانی هەرێمەکەوە کە بڕەکەی دەگاتـــە چەندەها ملیۆن دۆلار» (لا١٢٨). تورکیـــا رۆڵێکـــی ســـەرەکی بینیوە لەم ســـیناریۆ بازرگانییەدا. «ئێستا ژمارەیەکی کەمی کوردەکان لە گوندەکاندا ژیان بەســـەر دەبەن، یان فـــەرش دەچنن، یاخـــود ســـەرقاڵی کاری کشـــتوکاڵین بە چەشنی ئەوەی باب و باپیرانیان دەیانکرد» لەگەڵ ئەوەشـــدا، پرۆسەی بەرەوپێشچوون بۆتەهۆی دروستبوونی «گرژی نوێ لەنێو کۆمەڵگـــە و ژیانی سیاســـی کوردەکاندا. جیاوازی گەورە هەیە لەرووی ســـەروەت و سامانەوە....هەروەها شێوەی نوێ ناڕەزایی دەربڕین دروســـت بووە. هەروەهـــا نەتالی چەند راســـپاردەیەکی گرنـــگ دەخاتەڕوو لە پێوەندیدا بە «شـــێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسی کەرکوکدا، کە مامەڵەیەکی کورتبینانەیە» (لا١٣٤) لەگەڵ زەرورەتی رووبەڕووبوونەوەی چەندین کێشەدا لەنێوياندا کێشەکانی گەندەڵی.

نووســـەر قەناعەتی وایـــە «تەنانەت دوای پابەندبوون بە بنیادنانی تواناکانەوە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، رێکخراوە کۆمەکبەخشەکان، یاســـای نێودەوڵەتی و سیاسەتی ئیقلیمی بەردەوامـــن لەســـەر جەختکردنەوە لەســـەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، نەك دابینکردنی ئیکتیفـــای زاتی_واتـــە بتوانێـــت خۆی ســـەرچاوە و داهاتی بەردەوامبوونی خۆی دابین بکات بـــۆ هەرێمی کوردســـتان-» (١٣٠). ئـــەو پێوەنـــدی نێـــوان تورکیا و نیمچە دەوڵەتـــی کوردی بۆ روونکردنەوەی قەناعەتەکەی بەکاردەهێنێت» ســـەرەڕای پێوەندیە ئابووریە بەربـــڵاو و بەرفراوانەکان و پێوەندیـــە سیاســـییە بەرەوپێشـــچووەکان لەگەڵ هەولێـــردا (حکومەتـــی هەرێمی کوردستان)، ئەوا حکومەتی تورکیا «»بە (ئیـــدارەی محەلی لە باکـــووری عێراق) ئاماژە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان»» (ل١٣٠). هەرچەندە، حاڵی حازر رووداوەکان و هەلومەرجـــەکان بوونەتەهـــۆی ئـــەوەی تەجاوزی ئـــەم وەســـفکردنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بکرێت، لەبەر ئەوەی تورکیا کونسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردۆتەوە، مســـعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەناسێنێت و بانگهێشتی کرد بۆ ئـــەوەی ســـەردانی تورکیا بکات. رەنگە بیرۆکەکـــەی نەتالی کە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان تەنیا نیمچەدەوڵەتە و ســـەربەخۆیی بەدەســـت ناهێنێت لە کتێبی داهاتوویدا ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت.

هەروەهـــا لێکۆڵینەوەکـــەی نەتالـــی روونکردنەوە، خشـــتە و لیستی کورتکراوەی ناوەکان، فەرهەنگ، سەرچاوە و پاشکۆ لە خۆدەگرێت. کارەکەی ئیزافەیەکی بەهادارە بۆ مەعریفەی ئێمە و هەر کەســـێك بایەخ بە کـــورد و داهاتووی پێوەنـــدی کوردەکان بە عێراقەوە بـــدات دەبێت ئەم لێکۆڵینەوەیە بخوێنێتـــەوە. ئـــەو راســـتیەی ناوەنـــدی ئەکادیمـــی نێودەوڵەتی بایەخ بە کتێبەکانی چەشـــنی کتێبەکەی نەتالـــی دەدات، ئەوە روون دەکاتـــەوە تا چ ئاســـت و ئەندازەیەك حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان گرنگ و ســـەرکەوتوو بووە. لـــەم روانگەیەوە، ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی کوردەکانی عێراق بەشـــێوەیەکی ژیرانە ئەم ئـــازادی و پێگە گرنگەی تازە بەدەستیان هێناوە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بە چەشـــنی ئەوەی لە رابردوودا روویدا، لە دەستی نەدەن.

کتێبەکەی نەتالی ئەوە روون دەکاتەوە تا چ ئاست و ئەندازەیەک حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگ و سەرکەوتوو بووە

# ئۆتۆنۆمیی مەسیحییان

نکوڵی لەوە ناکرێ، کە خەڵکی مەسیحی (دیان، فەلە، گاور) لە عێراق لە رووی نەتەوەییەوە بە هەر چ ناوێکەوە بناسرێن یان خۆیان بناسێنن (کلدان سریان ئاشووری)، خەڵکێکی لەمێژینەو رەسەنزادە و خۆجێی ناوچەی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو زێ)ن و بەشداریشیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا کردووە، بە دەیان شەهیدیان داوە، لەتەك کورددا، گوند و موڵك و ماڵیان ئەنفالکراوە.

بەپێی هەندێ سەرچاوە، لەوانە سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٩٨٧، ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق لە ملیۆنێك زێتر بووە، ئێستا ئەم ژمارەیە یەکجار زۆر کەمبووەتەوە. لەکاتێکدا چاوەڕوان دەکرا دوای ٢٠٠٣، بەرە-بەرە ئەوانەی لەبەر ستەموزۆری رژێمی بەعس چووبوونە دەرێ، بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و بەشێوەیەکی کارا بەشداریی لە پرۆسەی سیاسی و بنیاتنانەوەی عێراقدا بکەن، لێ مخابن دوای ئەم مێژووە، کاروکردەی بە کۆمەڵکوشتن، چەوساندنەوەو تەقاندنەوەی و مزگەفت و کلێسا و تیرۆرکردنی پیاوانی ئایینی و بە زۆر جێگەو رێگە پێ چۆڵکردن لە موسڵ و بەغداو کەرکووك لەبەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی و تایەفی و پاشان بەناچاری وڵات جێهێشتن بەردەوام و خێراتر بووە.

راستە بەرپرسیارەتیی ئەنجامدانی ئەو کاروکردانە دەکەوێتە ئەستۆی رێکخراوی قاعیدە، هاوشێوە تیرۆریست و پاشماوەکانی بەعسەوە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ بەشێکی ئەو بەرپرسیارەتییەش دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی ئیتیحادییەوە کە نەشیاوە گیان و سەرو ماڵی هاوولاتیان بەگشتی بە مەسیحییەکانیشەوە بپارێزێ. جێگەی بەبیرهێنانەوەیە، بەردەوام لە سنووری پارێزگای موسڵ، هەمان کاروکردە دەرهەق بە شوێنکەوتووانی ئایینی ئێزدی و شەبەکەکان دەکرێ. حاڵ و باری سابیئەی مەنداییش لەهی مەسیحییان باشتر نییەو ئاگەر کار وا بڕوا لە عێراقێ ئاسەواریان دەبڕێتەوە!

لەم نێوەدا، هەرێمی کوردستان بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ پێکەوەژیانی بەئاشتییانەی هەموو پێکهاتەکان (کورد، عەرەب، تورکمان، مەسیحی، ئەرمەن، ئێزدی، ئەرمەن...) و خەڵکێکی زۆر بەناچاری روویان تێکردووە و حەواونەتەوە.

پرسیار ئەوەیە چ بکرێ باشە؟ داخوا چارەسەری ئەو ئاریشەیە بەوە دەکرێ بەلێشاو لە ناوچەکانی ترەوە روو لە کوردستان بکەن و بەشێوەیەکی کاتی لێرەو لەوێ کامپیان بۆ بکرێتەوە (هەرچەندە لە رووی ئینسانییەوە، ئەوە کارێکی پیرۆزو بەتەنگەوەهاتنێکی برایانەیە)؟ ئەی ژیان و گوزەران و خوێندن و وەزیفەو...؟ یان ئایا ماڵ و حاڵ و جێهێشتن و سەرهەڵگرتن بۆ هەندەران بەتایبەتی بۆ وڵاتانی رۆژئاوا چارەسەرە؟ ئایا سەرهەڵگرتن بۆ دەرەوەی وڵات، ئامانج و مەبەستێکی تەکفیرییەکان و شۆڤینیستەکان نییە؟

لەم رۆژانەدا، وەفدێکی فیدراسیۆنی (کلدانی سریانی ئاشووری)ی ئەمریکی لە کوردستان بوون و سەری پەرلەمانیشیان داو بەندەش لەوێ بوو. ئەلهەق ئەو وەفدە، وڵات جێهێشتنیان پێ چارەسەر نییە و دوو فیکرەی بنەڕەتییان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشەیە خستە روو: کورد لە بەغدا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لە هێنانەگۆڕێی فیکرەی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییان، پشتەوانییان لێ بکات و لێرەش کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان، بۆ وتووێژکردن لەسەر ئاریشەو پرسی مەسیحییەکان، تەرخان بکرێ.

دیارە کورد لە هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ مەسیحییەکان و غەیری ئەوانیشدا هیچ گرفتێکی نییە، بەڵکە براو داڵدەدەر و هاریکارو پشتەوانی ئەوانە، پێویست ناکات لێرە من بەڵگەو دەلیلی بۆ بهێنمەوە. ئەوەتا لیژنەیەکی باڵای حکوومی بە راسپاردەی سەرۆك بارزانی بۆ بەهاناوەهاتنی خەڵکی لێقەوماوی مەسیحی پێکهێنراوە. ئەگەر ئەوان و وڵاتانی بیانی کە قونسڵگەری و نوێنەرایەتییان لە هەولێر هەیە، خۆیان لە خودا نەکەن، دەزانن لێرە تا چەند ئەمن و ئەمانەت بۆ هەمووان دابینکراوەو تا کوێ ماف و بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکان دەستەبەرکراون. هەر بۆ نموونە لە کۆی ٣٢٥ی پەرلەمەنتاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، تەنیا (٥)یان مەسیحیین، کەچی لە کۆی (١١١)ی پەرلەمەنتاری پەرلەمانی کوردستان (٥) یان مەسیحیین، لەکاتێکدا زۆرینەی مەسیحییەکان دەکەونە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە، هەمان شت سەبارەت بە تورکمان-یش راستە.

لێرەدا سەبارەت بە نەتەوەکانی تری کوردستان پێویست دەکات ئاماژە بۆ (فەسڵی سێیەم-ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق) بکەم کە (٨) ماددە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە کە ئەگەر بە دەستووری عێراق بەراورد بکرێ، دانپیانێکی خۆیا و ئاشکراترە بە مافی نەتەوەکانی دیکەو لە ماددە (٣٥)دا دەڵێ «ئەم دەستوورە، مافی نەتەوەیی و رۆشنبیری و کارگێڕی دەستەبەر دەکات بۆ تورکمان، عەرەب، کلدان سریان ئاشووری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ هەر پێکهاتەیەك کە لەهەر شوێنێك زۆرینەی دانیشتووانی هەبێت». کەواتە، لە کوردستان، کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە کە مافی نەتەوەکانی تر بە ئۆتۆنۆمیشەوە دەستەبەر بکرێ لەهەر جێگەیەکی کوردستاندا کە ئەو پێکهاتەیە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو جێگەیەبێت.

حاڵی حازر، ئەگەر بە سەهوو نەچووبم، لە سنووری قەڵەمڕەوی هەنووکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، ناو شارۆچکەی عەنکاوەی لێبترازێت، جێیەکی تر شك نابەم کە مەسیحییەکان زۆرینەی دانیشتوان بن، لە سۆنگەی ئەمەوە بارێکی تایبەت بەو شارۆچکەیە دراوەو راستەوخۆ بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەستراوەتەوەو بەگوێرەی ماددە (٣٢ بڕگەی ٢ی پرۆژەی دەستوور) بۆ ئەوەی رێژەی دانیشتوانی




ئاسۆ کەریم

Aso2karim@yahoo.com


ئەو شارۆچکە مەسیحینشینە نەگۆڕێ، بۆ خەڵکی تر نییە لەوێ (زەویوزارو خانوبەرە- عقارات) بکڕن. کەواتە، لە چ بارێکدا مادەی ٣٥ بەکردەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟

ئاشکرایە، بەگوێرەی مادە ١٤٠ی دەستووری عێراق، دەبێ دەسەڵاتی تەنفیزیی هەڵبژێردراو (مەبەست حکوومەتی ئیتیحادییە) پرسی کەرکووك و ناوچەکانی تری کێشەلەسەر بە سێ قۆناخ (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، ریفراندۆم) چارەسەر بکات. لەو ناوچە کێشە لەسەرانە، تێکەڵەیەکی ئیتنی، ئایینی و تەنانەت تایەفیش هەیە. بەبڕوای من لەباری جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠دا وەکو خۆی، ئەگەری پراکتیزەکردنی مادە (٣٥ی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان) کە باس لە ئۆتۆنۆمی دەکات، دێتە گۆڕێ کە ئەودەمە حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لەبەرانبەر بەرپرسیارەتیدا دەبینێتەوە. شتێکی زۆر ئاساییە، لەناو یەکەیەکی فیدراڵیدا وەکو هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی دەستووردا، (یەکەی بچووکتری خۆبەڕێوەبەر) بۆ ئەم یان ئەو پێکهاتەیە دابمەزرێ، بۆ نموونە لە هەندێ ناوچەی دەشتی موسڵ.

لێ تا ئەو رۆژە چ بکرێ باشە؟ هەقە لێرەدا، پێکهاتەکانی تر، بە تەجرەبە بۆیان ساغ بووبێتەوە کە هەرێمی کوردستان ئاسۆیەکی پێشکەوتویان لەبەردەمدا دەکاتەوە، لێرە بەدواوە بەتایبەتی لە حکوومەتی دادێی عێراقدا، هاوئاهەنگ و هاریکار بن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناوچە کێشەلەسەرانەو هەموو وزەو توانایەکیان لەگەڵ کورددا یەکخەن، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی وڵاتدا، بۆ هەرچی زووتری کۆتاییهێنان بەو ئێشوئازارو مەینەتییەی ساڵانێکی دووردرێژە هەموومان دیومانەو تا هەنووکەش دەیچێژین...


# دەبێت خۆمان رابهێنین لەسەر ئەوەی بزانین داواکاری خەڵک چییە و پێشنیاریان چییە؟ بۆ ئەوەی خواست و ویستی خەڵک وەربگرین و بیکەینە بناغەی کارکردنی حزب

**کاروان ئاکرەیی وەك کەسایەتییەکی سیاسی و رووناکبیرێك بەتێڕوانینە واقیعییەکانی و وردبوونەوەی لەسەر پرسە تیۆرییەکان دەناسرێتەوە، کاروان ئاکرەیی لەگەڵ ئەوەی خاوەنی مێژوویەکی درێژی خەباتی پێشمەرگانەیە، یەکێکە لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی کوردستان و ئێستا بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی سەتەلایتی کوردستانە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان ئەمجارەیان ئاکرەیمان لەسەر پرسێکی گرنگی تیۆری و پراکتیکی هێنایە ئاخاوتن، ئەویش پێوەندی نێوان حزب و کۆمەڵگەی دیموکراتییە، یان بەواتەیەکی دیکە حزب وەك پێداویستیەك بۆ بونیادی دیموکراتی لەکۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان و هەروەها لە کۆمەڵگە پێشکەتووەکانیشدا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وتووێژە هاوکاتە لەگەڵ ئامادەسازی پارتی بۆ کۆنگرەی ١٣، بەرنامەیەکی تازە لەبەردەستە کە وەك رەشنووس ئامادەکراوە بۆ ئەوەی پارتی وەك حزبێکی سەردەمیانە خۆی نوێ بکاتەوە و خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادەبکاتەوە، بۆیە لەزۆر شوێندا ئاراستەی هەڵسەنگاندن و رەخنەکان لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمە وەك بەشداریکردنێك لە دەربڕینی بۆچوون و رای دیکە سەبارەت بە کۆنگرەی پارتی، ئەمە دەقی وتووێژەکەی گوڵانە لەگەڵ کاروان ئاکرەیی.**

**گوڵان:** ئەگەر لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین ئایا پێوەندی نێوان حزب و کۆمەڵگە چییە؟ یان ئایا پێوەندی نێوان حزب و پرۆسەی دیموکراتی چییە؟

**کاروان ئاکرەیی:** بەدرێژایی مێژوو جۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بەپێی پێداویستی کۆمەڵگە لەشوێنە جیاجیاکانی دنیا بوونی هەبووە، بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە خاوەنی بەرنامەیەك بن بۆ باشترکردنی ژیانی خۆیان، ئەمە وەك پێناسەیەکی سادەو ساکار، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا حزب بۆچی پێویستییەکە؟ جاری واش هەیە کە لەکۆمەڵگە زۆر پێشکەتووەکان زیاتر ورد دەبینەوە، دەبینین پرسیارەکە زیاتر خۆی زەق دەکاتەوەو دەبێتە ئەوەی باشە خۆ کۆمەڵگە خۆی رێکخستووە و لایەنی سیڤیلی کۆمەڵگەش تارادەیەك رۆڵی خۆی دەگێڕێت، ئایا لەمجۆرە کۆمەڵگایەندا کاتێك حزب دروست دەکرێت شێوەیەکی مەدەنی وەردەگرێت، یان حزب خۆی لە کۆمەڵگە مەدەنیەکە جیادەکاتەوە؟ بەتێڕوانینی من کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی بگاتە هەر ئاستی پێشکەوتنێك جۆرێك لە رێنمایی و میکانیزمی بزاوتی خۆی دەوێت بەرەو ژیانێکی باشتر و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووتر، بۆیە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە و کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمە جارێ زۆر زووە باسی ئەوە بکەین کە حزب پێویستی نییە یان راشکاوانەتر بڵێم زەرورەتە یان نە. هەر بۆیە وای دەبینم لە کۆمەڵگەی ئێمە حزب یەکێکە لە پێداویستییەکان و جۆرە رێکخستنێکە کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی، بۆ ئەوەی ئەم رێکخستنە جڵەوی بزاوتی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە بگرێت و بتوانێت دەربڕی ویست و خواست و داواکارییەکانی خەڵك بێت، هەروەها بتوانێت بەرنامەیەك بۆ ئەو ویست و خواستانەی خەڵك دابڕێژێت بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا ئەو ئامانجانە بەدیبهێنێت کە خەڵك مەبەستێتی.

ئەگەر لە دیدگای پرۆسەی دیموکراسیشەوە سەیری حزب بکەین، دیسان لەو کۆمەڵگایەنەی





**ململانێ و كێبركێی نێوان حزبەكانیش، پێویستی بە نەفەسێكی دیموكراتیانە هەیە بۆ ئەوەی یەكتری ڕەتنەكەنەوە و بە جیاوازییەكانی خۆیانەوە بتوانن لەگەڵ یەكتری بژین**

**بوونی حزب پێویستیە، بەڵام بێگومان تاكە حزبی نا، لەبەرئەوەی كۆمەڵگەی كوردستان خەریكە بنەمای جیاوازی كۆمەڵایەتی دەخولقێنێت**

**لە قۆناخی پێش گەیشتن بەدیموكراتین، دەستمان پێكردووەو هێشتا نەگەیشتووینە ئەوەی پێی بڵێین دیموكراتی**

كولتووری دیموكراسیان تێدا قووڵبۆتەوە، لە ئاكامی پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی و سیاسی بیربۆچوونی جیاواز سەرهەڵدەدەن و ئەم بیربۆچوونە جیاوازانەش پێویستیان بەدەربڕین هەیە و هەر یەك لەم بیربۆچوونە جیاوازانەش هەوڵی دەوڵەمەندكردنی خۆی و سەلماندنی بوونی خۆی دەدات، بۆیە لێرەشەوە بوونی حزب دێتە پێشەوە و دەبێتە ئەو پێداویستیەی كە وەك چوارچێوەیەك ئەو ویست و خواست و بۆچوونە جیاوازانە لەخۆی بگرێت و ئەمەش واتە جۆرە فرە بیروبۆچوونێك دێتە ئاراوە كە خۆی لە بوونی دووحزب یان زیاتر بەرجەستە دەكات، هەر یەك لەم حزبانەش بەرنامەی جیاواز بەرهەمدەهێنێت بۆ جێبەجێكردنی ئەو ویست و خواستانە، دەكەونە ململانێكردن لەگەڵ یەكتری بۆ ئەوەی خەڵك متمانە بە بەرنامەكانیان بكات و دەسەڵات بگرنە دەست و حكومڕانی وڵات بكەن. لێرەوە دەبێت ئاماژە بەوە بكەین كە ململانێ و كێبركێی نێوان حزبەكانیش، پێویستی بە نەفەسێكی دیموكراتیانە هەیە بۆ ئەوەی یەكتری ڕەتنەكەنەوە و بە جیاوازییەكانی خۆیانەوە بتوانن لەگەڵ یەكتری بژین، لەم حاڵەتەدا حزب خۆی دەبێتە ئامرازی قووڵكردنەوەی ئەو ململانێ و پێشبركێ دیمواكراتیانە لە كۆمەڵگەدا، بەڵام لە كۆمەڵگەی ئێمە و كۆمەڵگەكانی هاوشێوەی ئێمە كە لەسەرەتای بونیادی ئەم پرۆسەیەدان، دەبینن دیدوبۆچوونی جیاواز بەشێوەیەكی زەق سەریهەڵنەداوە، بە تایبەتیش ئەگەر ئێمە لە قۆناغی ئێستای خۆمانەوە سەیر بكەین، دەبینن هەندێك ئەركی گشتگیر هەیە ڕووبەڕووی هەموو كۆمەڵگە بۆتەوە، كە بەندە بەچارەنووسی میللەتەكەوە، ئەم ئەركانە لەوانەیە تارادەیەك بواری ئەوەی نەدابێت لەم قۆناغەدا لە دیدیگای جیاوازەوە سەیری پرۆسەی كۆمەڵایەتی بكرێت، لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا ئێستا لەكۆمەڵگەی ئێمە هەست بەسەرەتاكانی سەرهەڵدانی بیربۆچوونی جیاواز لەمەڕ پرۆسەی كۆمەڵایەتی دەكەین و خەریكە ئەو دیدوبۆچوونە جیاوازانە سەرهەڵدەدەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا زەرورەتی ئەو قەوارانەیە كە تەعبیر لەو بیربۆچوونە جیاوازانە دەكات و سەرەتایەكی دڵخۆشكەرەو مانای وایە كۆمەڵگە لە حاڵەتی چەقبەستوویی دەردەچێت و لەهەموو بوارەكاندا پێدەنێتە حاڵەتێكی جموجۆڵی بەردەوامەوە. ئەم جموجۆڵە بەردەوامەش پێویستی بە ئامرازێكە لە كۆمەڵگە بوونی هەبێت، بە تێڕوانینی من ئەو ئامرازەش حزبە، حزبیش دەرهاویشتەی ئەو واقیعە كۆمەڵایەتیەی كۆمەڵگەیە، بۆیە مەرج نییە سەرهەڵدانی حزب یان ژمارەی حزب لەهەموو كۆمەڵگەكاندا وەك یەك بێت، یان بڵێین لەبەر ئەوەی لە فەرەنسا بۆ نموونە پێنج حزب هەیە دەبێت لەكوردستانیش پێنج حزب هەبێت یان لە ئەمریكا دوو حزب هەیە دەبێت لێرەش دوو حزب هەبێت، بۆیە هەر كۆمەڵگەیە لەم پرۆسەیەدا ئەزموونی خۆی پێشكەش دەكات، ئەو ئەزموونەش ڕەنگدانەوەی قۆناغی خۆی و پێشینەی مێژوویی خۆی و ریزبەندی كۆمەڵایەتی ئەو كۆمەڵگەیە، بۆ ئێستای كوردستانیش دیسان دووپاتی دەكەمەوە بوونی حزب پێویستییە، بەڵام بێگومان تاكە حزب نابێت لەبەر ئەوەی كۆمەڵگەی كوردستان خەریكە بنەمای جیاوازی كۆمەڵایەتی دەخولقێنێت، ئەو بنەما جیاوازانەش دەربڕینی خۆی دەوێت و ئامرازی دەربڕینیش لەوانەیە دوو حزب بێت یان سێ یان چوار و زیاتریش، هەریەكە لە دیدو بۆچوونی خۆیەوە هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ ڕەوتێكی كۆمەڵایەتی جیاواز بگونجێنێت و تەعبیر لەخواستی ئەو ڕەوتە كۆمەڵایەتیە بكات.

**گوڵان:** كاتێك لەواقیعی كوردستان باسی ڕۆڵی حزب دەكەین، بێگومان ئەوانەی بەتەمەنن لە دوو قۆناغی جیاواز ڕۆڵی حزبیان بینیووە یان لە دوو قۆناغی جیاوازدا كاریان لە حزبدا كردووە، یەكەمیان قۆناغی بەرەنگاربوونەوەو مقاوەمەت، دووەمیشان بارودۆخی دەسپێكی پرۆسەی دیموكراتی، پرسیار ئەوەیە ئایا جیاوازی نێوان ئەركی حزب لەو دوو قۆناغەدا چییە؟

**كاروان ئاكرەیی:** پێش هەموو شت پێموانییە ئێمە لە قۆناغی دیموكراتیدابین، ئێمە لەقۆناغی پێش گەیشتن بەدیموكراتین، مەبەستم ئەوەیە دەستمان پێكردووە هێشتا نەگەیشتووینە ئەوەی پێی بڵێین دیموكراتی تەواو، بۆیە ڕەنگە زیاتر بەم قۆناغە بڵێین قۆناغی فرەیی، ئەوجا ئەمەش واتە فرەیی لە حزب، فرەیی لە بیروبۆچوون، یان فرەیی لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی، ئەمەش پێویستی بەجۆرە كاركردن و كولتوورێك هەیە بۆ ئەوەی ئەم فرەییانە بەشێوەیەكی ئاشتیانە وەك كولتووری كۆمەڵگە بچەسپێت، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم كولتوورە دیموكراسیەت وەك پێداویستییەكی ژیان ڕێگەی بۆ بكرێتەوە، وەك میكانیزمێك بۆ ڕێكخستنی ژیانی هەر كۆمەڵگەیەك پیادەبكرێت، بێگومان پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەكانی ئێستای كوردستان بەشێوەیەكی گشتی ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانكاریانە نین كە لەسەر ئاستی جیهان و كوردستان ڕوویانداوە، بەڵام لە كوردستان ریزبەندی كۆمەڵایەتی دەستی پێكردووە، واتە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو ریزبەندییە بە ئاراستەیەكدا دەڕوات، كە حزبێك ناتوانێت، هەموو ئەو چین و توێژە جیاوازە كۆمەڵایەتیانە لە باوەش بگرێت و ببێتە دەربڕی ویست و خواستی هەموو ئەو چین و توێژانە، هەر بۆیە ئێستا هەست دەكرێت وردە وردە جیاوازی كۆمەڵایەتیش بەرەو بەرفراوانبوون هەنگاو هەڵدەگرێت، لەوانەیە ئەو حزبەی ڕۆڵێكی گرنگی لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی هەبووە و تائاستێك توانیوویەتی بۆ دەیان ساڵ خەڵك بگەیەنێتە جۆش و خرۆشێك، وەك پێویست ئەو مەرجانەی تیدانەبێت كە بۆ قۆناغی ئێستا پێویستن، بۆیە پێداچوونەوەی حزبەكان بە خۆیاندا ئەمڕۆ وەك پێویستیەك خۆی دەنوێنێت، ئەگەر ئەو حزبە بیەوێت لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوون و ئەو گۆڕانكاریانەی لەكۆمەڵگە ڕوویانداوە، ئەویش هاوشان بچێتە پێشەوە، وامەزندە دەكەم حزبەكان تێكڕا هەست دەكەن ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بوونەتەوە بەوەی ئایا پێویستە چی بكەن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی دانەبڕێن؟ هەر بۆیە وەك دەبینن حزبەكان خۆیان كەوتوونەتە كێبڕكێ لەوەی چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوەو ئامرازی كاریگەری جێهیشتنی دەستی خۆیان بەسەر گۆڕانكارییەكاندا و ئەو پرۆسەی ئێستا لە كوردستاندا هەیە بەجێبهێڵن. لەم ئاستەدا كاتێك حزب بیر لەوە بكاتەوە چۆن دەستی بگاتە ئەو گۆڕانكارییە كۆمەڵایتیانەی ڕوویانداوە، چۆن ڕۆڵی تیا بگێڕیت، چۆن ڕێگە نەدات ببێتە ئاژاوەیەك و سبەی جڵەوی بارودۆخەكەی لەدەست دەربچێت؟ یان حزب بیر لەوەبكاتەوە خۆی نوێنەرایەتی ئەو گۆڕانكارییانە بكات و خۆی ببێتە هێزی بزوێنەری ئەو گۆڕانكاریانە، بە تێگەیشتنی من ئەمانە هەمووی جۆرێك لە وەرچەرخان بەرەو دیموكراتی بوونی حزب و نەفەسێكی دیموكراتیانە هەستی پێدەكرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا ئەركە نیشتمانییەكان زۆریان ماون بەدیبێن، دەبێت حزب هەوڵبدات خەڵك ئەركە نیشتمانییەكانی لەبیر نەچێتەوە، ئەمەش واتە حزب بەرنامەیەكی وای هەبێت ئەركە نیشتمانییەكانی خۆی تێدا ببینێتەوە و نیشتمانیش ببێتە ئەو نیشتمانەی خەڵك هەست بە ئینتیما بكات و بوونی خۆی تیا ببینێتەوە و گۆڕانكاری بەسەر ژیانی تاكەكەسدا هاتبێت و تاكەكەس گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی ئەم نیشتمانە خێری بۆ ژیانی ئەویش هەیە. هەربۆیە ئەگەر ئەو ئامانجە نیشتمانیەش بەدی بێت كە سەربەخۆیی كوردستانە، ئەوا ئەم سەربەخۆبوونە تەكانێكیش بەژیانی تاك

دەدات.

**گوڵان:** بەڵام لە واقیعی ئێستای کوردستاندا دیاردەیەك بوونی هەیە و بەئاشکرا ئۆباڵی هەموو کێشە و کەموکورتییەکانی کۆمەڵگە دەخرێتە ئەستۆی حزب و خەڵك حزب بە بەرپرسیار و هۆکاری ئەو کێشانە دەزانێت، ئەمەش جۆرە بێ متمانەیەکی لەنێوان خەڵك و حزب دروستکردووە، لەبەرامبەر ئەم واقیعە بۆچوونێکی زانستیش هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەو بۆچوونە رەتناکاتەوە کە حزب هۆکاری کێشەکانە، بەڵام حزب بەهۆکاری چارەسەری کێشەکانیش دەزانن، ئایا بە تێڕوانینی تۆ چۆن حزب دەتوانێت خۆی بکات بە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟

**کاروان ئاکرەیی:** پێموایە سەبارەت بەم پرسە جۆرە تێکەڵاوییەك لەناو کۆمەڵگەی کوردستان هەیە، کە رەنگە هەندێکیان پێشینەیەکی هەبێت و لە رابردووەوە مابێتەوە، هەتا ئێستاش ئاسەوارەکانی دیارن، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە بەشێکین لەوڵاتێکی گەورەتر کە ناوی کوردستانە، هەروەها دۆزێکمان هەیە بەناوی دۆزی نەتەوایەتی، دۆزی نەتەوایەتیش رەنگە پاڵی بەخەڵکێکی هێجگار زۆرەوە نابێت کەبیر لە سیاسەت بکەنەوە، ئەمەش واتە ئەو تێکەڵاوییەی کەمرۆڤ خۆی مرۆڤێکی نەتەوەخواز و نیشتمانپەروەر ببینێت، لەنێوان ئەوەی سیاسەتمەدار بێت، بێگومان جیاوازییەك هەیە، بەڵام بەداخەوە لەکوردستان ئەوەی نەتەوەخواز و نیشتمانپەروەر بووبێت، ناچار پەنای بۆ حزبێك و بۆ سیاسەت بردووە، هەر بۆیە ئەم حاڵەتە لەکوردستان نەتەوەخوازیی و سیاسەتمەداری هاوتای یەکتری کردووە، ئەمەش کێشەیەکە، هێشتا وای لێنەهاتووە کە سیاسەت وەك پیشەیەك خۆی نیشانبدات، لەوانەیە خەڵکانێك هەبن خەریکی ئەو پیشەیە بن و خۆیان حەزبکەن، بچنە ناو وردەکارییەکانی سیاسەت، بەڵام خەڵکانێکی هێجگار زۆریش هەن نیشتمانپەروەرن و نەتەوەخوازن مەرج نییە لە ریزی حزب بن، مەرج نییە بچن لەو یارییە سیاسییەدا بەشداری بکەن، ئەمە لایەنێك، لایەنی دووەم ئەوەیە ئەگەر حزبێك بیەوێت جڵەوی داهاتووی بەدەستەوە بێت و پەراوێز نەخرێت و نەبێتە بەشێك لە رابردوو، دەبێت ئەو حزبە بەزیندوویی مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و کولتوورییەکان بکات، بێگومان ئەگەر ئەم حزبە ئەمەی بۆ بکرێت، ئەوە رۆڵی ئیجابیانەی خۆی دەگێڕێت لە بەدەستەوە گرتنی جڵەوی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشخستنی کۆمەڵگە، بەپێچەوانەی ئەمەوە دوادەکەوێت، کە دواشکەوت چەقبەستوو دەبێت، ئەو چەقبەستوویییەش لەرەفتاری حزب و لە پێگەی حزب بەدیار دەکەوێت، پێچەوانەی ئەمەش حزب دەبێتە ئامرازێکی ئیجابی بەدەست خەڵکەوە بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم حزبەوە بگەن بە ئامانجەکانی خۆیان، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، ئایا ئەم حزبە چۆن دەتوانێت جڵەوی ئەم پرۆسەیە بەدەستەوە بگرێت؟ لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بێینە سەر دیموکراسی وەك کولتوور و رۆحییەتی ئەم سەردەمە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم حزبە چەند دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسی خۆی بگونجێنێت؟ بێگومان رەنگە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی سیاسی کوردستان جۆرێك کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم خواست و ویستی دیموکراسیانەی هەر حزبێك دروست کردبێت، کە بیەوێت لەرووی پراکتیك و لەرووی مەیدانییەوە دیموکراسیەت پراکتیزە بکات، جۆرێك لە خولیای ئەمنی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی حزبەکاندا، جۆرێك لە گومان لە پراکتیزەکردن و رەفتاری حزبەکاندا دیارە، ئەمەش پێچەوانەی رۆحییەت و خولیایی دیموکراتیەتە، بەڵام ئەم قۆناغە تێپەڕدەبێت، وای لێدێت سیاسەت وەك پیشەیەك خۆی دەنوێنێت، تەنیا ئەو کەسانە دەچنە ناو حزبەکان کە بەڕاستی بیانەوێت رۆڵی کارا و پێشەنگ لە حزبەکەدا بگێڕن بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵگە بجووڵێنن، هەر بۆیە ئەو هەزاران هەزار کەسەی ئێستا بەدوای حزب دەکەوێت، ئەوە حاڵەتێکی راگوزاریی کاتییە و تێدەپەڕێت، ئیدی خەڵك پێوەری بۆ نیشتمانپەروەری خۆی ئەوە نابێت بچێتە ناو حزبێکەوە، بەپێچەوانەوە تاك دەتوانێت بەرێگەی راپەڕاندنی دڵسۆزانەی کاری ئاسایی خۆی نیشتمانپەروەری خۆی بسەلمێنێت.

**گوڵان:** حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی نوێنەرایەتی گەل دەکات، کێشەکە ئەوەنییە حزب نوێنەری خۆی دەنێرێت بۆ پەرلەمان، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئەو نوێنەرە لە ئاستی ئەو تموحانەدانییە کە گەل متمانەی پێیداوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت حزب بکەینە کارگەی بەرهەمهێنانی کادیری دیموکراتی، دەبێت چ گۆڕانکاریەك لەخۆیدا بکات و ئەو کادرانە چۆن پەروەردە بکات؟

**کاروان ئاکرەیی:** شێوازی هەڵبژاردنی گشتی ئەم مەسەلەیە یەکلادەکاتەوە، واتە هەڵبژاردنی گشتی ئەوە دیاری دەکات ئەو پاڵێوراوە راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێدراوە، یاخود بەناوی حزبەوە هەڵبژێدراوە، ئەو شێوازەی تا ئێستا لە کوردستاندا پیادە کراوە ئەوەبووە نوێنەری حزب هەڵبژێدراوە، نەك کاندیدەکان وەك تاکەکەس خۆیان لە بەردەم خەڵکدا بینیبێتەوە و راستەوخۆ خەڵك دەنگی پێدابن. ئەمە جۆرێك لە مەرکەزیەت و جۆرێك لە ئاڕاستە دیارکردنی تێدایە، بەڵام ئەگەر وردتر سەیری بکەین، حزب خۆی نوێنەری خەڵکە، هەربۆیە کاتێك نوێنەری خۆی دەنێرێت بۆ هەڵبژاردنی گشتی، ئەمە شتێکی زۆر نامۆ نییە، ئەگەر پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا شێوازی لەوە دیموکراتیتر هەیە، ئایا شێوازی لەوە کراوەتر هەیە، وەڵامەکە ئەوەیە بەڵێ هەیە.

**گوڵان:** مەبەستم لە دەستنیشانکردنی پاڵێوراو بۆ ناو جەماوەر ئەوەیە، واتە کە حزب کەسێك دەپاڵێوێت دەبێت ئەندامانی ئەو حزبە رەزامەندی لەسەر پاڵاوتنی ئەو کەسە بدەن؟ وردتر بڵێین حزب چۆن دیموکراتی لەناو خۆیدا پیادە دەکات بۆ ئەوەی دواتر لە کۆمەڵگەدا دیموکراتیانە رەفتار بکات، چونکە ئەگەر حزب خۆی دیموکراتی نەبێت، ناتوانێت دیموکراسی بەرهەم بهێنێت؟

**کاروان ئاکرەیی:** هەروەك ئاماژەم پێکرد دەسنیشانکردنی کاندید لەلایەن حزبەوە، شێوازێکە لە شێوازەکانی دیموکراسی و ئاستێك لە ئاڕاستەگەری تێدایە، دەتوانم بڵێم دیموکراتیەتێکی ئاراستەکراوە، ئەگەر ئەم کاندید کردنە بۆ دەرەوەی حزب بێت، ئەوا بێگومان رەنگدانەوەی ناخۆی حزبەکەشە، واتە لە ژیانی ناوەوەی حزبیش جۆرێك لە ئاڕاستەکراوی هەیە، هەروەها دەکرێت بڵێین هەندێ جار دەستنیشانکردنی پاڵێوراوێك بۆ ئەوەی بچێتە مەیدانەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی خەڵك بدات، بە شێوەیەکی مەرکەزی دەکرێت و هەندێ جاریش رەنگدانەوەی خواست و ویستی ناوەوەی حزبەکە دەبێت و ئەندامانی حزب ئەو کەسە هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیان بکات و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵك بکات. ئەمەش دوو رووی یەك پرۆسەن و ناکرێت لە یەك جیابکرێنەوە، لەناو پارتیدا هەردوو شێوازەکە بەدی دەکرێت و کاریان پێدەکرێت. ئومێدی ئەوە دەکرێت کە لە ماوەی داهاتوودا بتوانرێت زیاتر پەرە بە ئاڕاستەی دیموکراتی و کرانەوەکە بدرێت کە ئێستا ئاماژەی ئەوە لە ئارادان کە نیازی زۆربەی خەڵکانی ناو پارتی و سەرکردایەتی پارتی ئەوەبێت پتر شێوازی لامەرکەزیەت لەژیانی حزبایەتیدا پەیڕەو بکرێت. رەنگە ئەمە دەرگا بە رووی قۆناغێکی نوێدا بکاتەوە، قۆناغێك تێیدا گوڕ و تینێکی زیاتر بە ژیانی ناوخۆیی حزب بدرێت، دەرفەتی زیاتر بدرێتە کادر و ئەندامانی حزب بۆ ئەوەی بەشداربن لە گەڵاڵەکردنی بڕیاری سیاسی حزب، لە

**ئەمڕۆ پێداچوونەوەی حزبەکان بەخۆیاندا وەک پێویستیەک خۆی دەنوێنێت، ئەگەر ئەو حزبە بیەوێت لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشوون و ئەو گۆڕانکاریانەی لەکۆمەڵگە روویانداوە ئەویش هاوشان بچێتە پێشەوە**

**خەڵکانێکی هێجگار زۆریش هەن نیشتمانپەروەرن و نەتەوەخوازن مەرج نییە لە ریزی حزب بن، مەرج نییە بچن لە یارییە سیاسیەکەدا بەشداری بکەن**

**دەبێ تێڕوانینی حزب بۆ کەسی رۆشنبیر جیابێ لە تێڕوانینی بۆ کادری حزب. تێڕوانینی جیابێ لە تێڕوانینی بۆ راگەیاندکارێک کە لە راگەیاندنی حزبدا ئیش دەکات**

**ئەم قۆناخە تێپەڕدەبێت، وای لێ دێت سیاسەت وەک پیشەیەک خۆی دەنوێنێت، تەنیا ئەو کەسانە دەچنە ناو حزبەکان کە بەراستی بیانەوێت ڕۆڵی کارا و پێشەنگ لە حزبەکەدا بگێڕن بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵگە بجووڵێنن**

**ئێستا ئاماژەی ئەوە لە ئارادان کە نیازی زۆربەی خەڵکانی ناو پارتی و سەرکردایەتی پارتی ئەوەبێت پتر شێوازی لامەرکەزیەت لە ژیانی حزبایەتیدا پەیڕەو بکرێت**

**نابێت کادر یان ئەندامی حزب خۆی بە مامۆستا و مەوسوعە بزانێت و وا خۆی پیشانبدات لەبری خەڵک بیردەکاتەوە و هەموو شتێک دەزانێت و پێویستی بەوە نییە خەڵکی ڕێنمایی بکات**

گەڵاڵەگردنی راوبۆرچوونی جەماوەر و تەرجومەکردنیان بۆ پڕۆژەی رۆژانە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کادر کەسایەتیەکی بەهێزی هەبێت، ئەگەر کادریش کەسایەتی بەهێزی هەبوو، داوای مافی خۆی دەکات، داوای ئەوە دەکات مافی بڕیاردان و بەرزکردنی پێشنیار و رەخنەگرتنی هەبێت، بەشداربێت لە بڕیار و پڕۆژەکانی حزبدا. ئەگەر ئەم پێشینیەیە بچێتەپێش و بە کردەوە پیادە بکرێت، ئەوا ئومێد دەکەین ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لە هەڵبژاردنەکانیشدا رەنگدانەوەی هەبێت.

**گوڵان:** پرسیارەکەی ئێمە راشکاوانە ئەوەیە چۆن بتوانین حزب بکەین بە ناوەندێك بۆ راهێنانی کادر لەسەر رەفتارکردن بە شێوازی دیموکراتی و ئامادەی گوێگرتن بێت بۆ خواست و داوکارییەکانی خەڵك و دواتر بێت ئەم پێشبینی و چاوەڕوانیانەی خەڵك بهێنێت بۆ ناو حزبەکە بۆ ئەوەی موناقەشەیان لەسەر بکات؟

**کاروان ئاکرەیی:** ئەم پرسەش دوو دیوی هەیە، یەکەم حزب خۆی بە پێشەنگ دەزانێت و بە ئەرکی خۆی دەزانێت خەڵکی خۆی ئاگادار بکاتەوە لە پێشهاتی تازە و لە هەر بوارێك کە بچێت قسە بۆ خەڵك بکات و ئەوەیان پێبلێت کە ئەمە وێنەیەکە لە پێشهاتی نوێ و وردەکارییەکانی بۆ بخاتەڕوو. دیوەکەی دیکە ئەوەیە خۆمان رابهێنین لەسەر ئەوەی گوێ بگرین بۆ ئەوەی بزانین خەڵك چی دەڵێت، داواکاری خەڵك چییە و خەڵك چی دەکات و پێشنیاری چییە و تا چەند ئامادەین بۆ ئەوەی خواست و ویستی خەڵك وەربگرین بۆ ئەوەی بیکەینە بناغەی کارکردنی حزب لەرووی کۆمەڵایەتیەوە. ئەمە نەفەسێکی دیموکراتیانەی دەوێت، نابێت لەم بوارەدا کادر یان ئەندامی حزب خۆی بە مامۆستا و مەوسوعە بزانێت و وا خۆی پیشانبدات لەبری خەڵك بیردەکاتەوە و هەموو شتێك دەزانێت و پێویستی بەوە نییە خەڵکی ڕێنمایی بکات. زیرەکی کادر لەوەدایە ئەو دید و بۆچوون و پێشنیارانە گەڵاڵە بکات کە بەشێوەیەکی جوان و رێکوپێك و بیخاتە بەردەستی حزبەکەی خۆی، ئەمە خۆی لە خۆیدا رەفتارێکی دیموکراسیانەیە.

**گوڵان:** راستە ئەمە دیموکراتیە، بەڵام ئەم وەرچەرخانە کە بڕیار دەدەیت ئەوەی خەڵك بە گرنگی بزانێت بەلای حزبیشەوە گرنگ بێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین جۆری ئەم بیرکردنەوەیە بگۆڕین و پێچەوانەی بکەینەوە؟ واتە ئەو خواست و ویستانەی بە پەرش و بڵاوی لەناو خەڵکدا بوونیان هەیە هەڵبستین بە رێکخستنەوەیان، بیێین لەناو سەرکردایەتی حزبدا بیکەینە سیاسەتی بەدیل، بیکەینە پڕۆژە و بەرنامە بۆ ئەوەی خەڵك سوودی لێوەرگرن؟

**کاروان ئاکرەیی:** بە بۆچونی من حزبە ئایدلۆژیستیەکان بەو شێوەیە بیردەکەنەوە کە هەموو راستی لای ئەوانە، مەعریفە لای ئەوانە، ئەوان باشتر بەرژەوەندی خەڵك دەزانن، لەم روانگەیەوە پێیانوایە ئەوەی ئەوان دەیڵێن دەبێت خەڵکی گوێڕایەڵیان بێت، ئەوەی ئەوان پێیان باشە دەبێت خەڵکی بە باشی بزانن، ئەمە ناسنامە و مۆرکی حزبی ئایدلۆژیستەکانە. کە زۆرجار راگرتنی دەقەکانی ئەو ئایدلۆژیایە، لە ریزی پێشەوەی ئەرکەکانی حزبەکە دەبێت، واتە لەو حزبانەدا ئایدلۆژیەت ئەولەویەتی لە پێشتری هەیە لە خزمەتکردن بە خەڵك، بەڵام لەناو حزبە نائایدۆلۆژیستەکان، یان کراوەکان، یان ئەو حزبانەی پێکهاتەی فیکری جۆراجۆر و دەوڵەمەندیان هەیە، نزیکترن و ئاسانتر دەتوانن ئەو بنەمایە پیادە بکەن کە هەموو راستیەکان لای حزب نییە و حزب تێکەڵە لەگەڵ خەڵکدا و دەربڕی داواکاری و خواستی خەڵکە، رەنگە لەم حاڵەتەدا حزب بتوانێت رێنمایی خەڵك بکات، بەڵام باوەڕی وانییە هەموو راستییەکان لای کۆببنەوە. پێموایە پارتی یەکێکە لەو حزبانەی کە بنەمای ئامادەی گوێگرتنی لە خواست و ویستی خەڵك تێدایە، روانگەی پارتی بۆ ئەو پرۆسەیە کراوەتر و پراگماتیزەترە و خوێندنەوەی واقیعیانەتری هەیە کە هەوڵدەدەن لەژێر رۆشنایی ئەو خوێندنەوە واقیعیانە باشتر بەرنامەی خۆی دابڕێژێت، کە دەڵێم لەبەرچاوگرتنی واقیع واتە خەڵك خۆی بەشداربێت لە داڕشتنی بەرنامە و پڕۆژەکانی حزب.

**گوڵان:** لەسەردەمی شۆڕشدا پرۆسەی بڕیارسازی جۆرێك لە نهێنی تێدابوو، واتە بازنەی بڕیار دروستکردن و بڕیاردان بازنەیەکی زۆر بەرتەسك و بچووك بوو، ئێستا دوای تێپەڕبوونی ئەو قۆناغە ئەم بازنەیە بەرفراوان بووە یاخود دەبێت بەفراوان بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حزبەکان بتوانن ئەم بازنەیە بە چەشنێك فراوان بکەن کە خەڵك بتوانن بەشداری لە پرۆسەی بڕیاردانیشدا بکەن؟

**کاروان ئاکرەیی:** ئەگەر باس لە قۆناغی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بکەین، ئەوا جۆرێك لە ئالیەتی کارکردن و لە عەقڵیەت هەبووە کە رەنگدانەوەی پێدوایستی ئەو قۆناغە بووە، رەنگدانەوەی جۆری ئەو خەبات و تێکۆشانە بوو کە لە ئارادابووە، بۆ ئەوکات ئەو جۆرە کارکردنە شێوازێکی راست بوو، ماوەیەکی زۆریشی خایاندووە، رەنگە نەوە دوای نەوە لەسەر ئەم شێوازە و ئەم کولتوورە و ئەم عەقڵیەتە پەروەردەکرابن، راستە ئێستا قۆناغەکە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، ناڵێم لایەنە ئەمنیەکە بەشێوەیەکی بنبڕ کۆتایی هاتووە، چونکە زەرورەتێك هەیە، بەڵام ئەو زەرورەتە وەك جاران بەرجەستە ناکرێت کە پێشمەرگە نهێنیەکانی خۆی نەدرکێنێت و بەپێی بنەما ئەمنی و عەسکەرییەکان کاربکات، ئەم بوارە دەزگای تایبەتمەندی بۆ دامەزراوە، مەبەستم ئەوەیە دەکرێت حزب گۆڕانکاری بەسەر شێوازی کارکردن و عەقڵیەتی سەردەمی شۆڕشدا بهێنێت و دەست بە کرانەوە بکات، کرانەوە بەسەر خۆی و کرانەوە بە رووی خەڵکدا. هەست دەکەم ئێستا لە کوردستان ئەم سەرەتایە باش گەڵاڵە بووە، ئێستا لە قۆناغی بنیادنانەوەی وڵاتین و ئەو بوارانە لێکجیاکراونەتەوە و هەر بوارێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەم نێوەندەشدا خەریکە حزب سەر و سیمای دامەزراوەیەکی سیاسی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، کەواتە ئێستا ئەرکی حزب بە بەراورد بە سەردەمی شاخ گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، گۆڕانکاریە هەرە سەرەکی و بنەڕەتیشەکەش ئەوەیە دەتوانێت خەڵکانێك بۆ هەر بڕیارێك بەشداری پێبکەیت، ئێستا هەلومەرجەکە رەخساوە بۆ ئەوەی حزب بە نەفەسێکی دیموکراتیانە کاربکات و بچێتە ناو خەڵك. بەڵام کێشەیەك هەیە پارتیش تێیکەوتووە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ئەم واقیعە بێت پرسیارەکە ئەوەیە، لەژێر سایەی ژیانی پەرلەمانی، حزب چۆن خۆی بینا بکات، حزب چۆن تێکەڵاوی خەڵك بێت؟ ئەم تێکەڵابوونە چ رەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر پەیڕەو و پرۆگرامی حزب؟ حزب بە چ ئالیەتێکی رێکخستن ئیش دەکات؟ ئایا چ جیاوازییەك هەیە لەتێڕوانینی حزب بۆ خەڵك و بۆ ئەندامانی خۆی؟ بێگومان سیمای ژیانی ژێر سایەی سیستمی پەرلەمانی ئەوەنییە تۆ هەوڵ و کۆششت تەنیا بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی حزب بێت، ئەم شێوازە شێوازێکی سەردەمی رابردووە، ئێستا سەردەمی ئەوەیە تۆ کادری بەتوانا و کارا و بەرچاوڕونت هەبێت و بە نەفەسێکی دیموکراتی و کراوە و کاربکات و بچێتە ناو خەڵك دۆست بۆ حزبەکەی خۆی پەیدا بکات، مەرج نییە تێکڕای ئەو دۆستانە ببن بەئەندامی حزب، ئەمە قەتیسکردنی تواناکانە. ئەگەر حزب بتوانێت پێوەندیەکی بەهێز لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵك دروست بکات، خەڵکەکەش رای خۆی دەبێت. ئەوەی دەبێت پارتی لەمەودوا کاری بۆ بکات ئەوەیە هەوڵبدات سنووری نێوان رێکخستنی

حزبی و خەڵك كاڵ بكاتەوە. ئەم كارە بۆ پارتی قورس نییە، لەبەر ئەوەی ئەمە خەسڵەتێكی مێژوویی پارتییە، كە ڕەنگە كادرە كۆنەكانی پارتی باشتر لەمن ئاگاداری ئەم پرسە بن كە هەمیشە خەسڵەتی میللی بوونی پارتی بە شێوەیەك بووە كە زۆرجار نەتدەتوانی جیاوازی بكەیت یاخود ئەوە لێكجیابكەیتەوە كە كێ ئەندامی حزبەكەیە و كێ لایەنگری پارتیە و كێ دۆستی پارتییە، كەواتە دەبێت ئەم سنوورە كاڵبكرێتەوە و مرونەتی تێدابێت و دیوار لەبەردەم خەڵكدا دروست نەكرێت، بەڵكو دەبێت بە شێوەیەك بێت خەڵكی بتوانن لە دەرەوەڕا پارتی ببینن، ببینن پارتی چۆن كاردەكات و چۆن بیردەكاتەوە، ئەمەش پێدوایستی ئەم قۆناغەیە.

**گوڵان:** ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەكەن لە كاڵكردنەوەی سنووری حزبایەتیكردن، پێویستی بە هەڵگرتنی هەنگاوی عەمەلی هەیە، تۆ چەند گەشبینیت كە پارتی دوای كۆنگرە ئیتر بەم شێوەیە كاربكات، چۆن دەتوانرێت ئەم قەناعەتە لەناو پارتیدا دروست بكرێت و چۆن دەتوانرێت لەسەر ئەساسی ئەم قەناعەتە كاربكرێت؟

**كاروان ئاكرەیی:** ئەوە ئومێدێكە و ڕەنگە داواكاریەكیش بێت كە پارتی بەكردەوە كار بۆ ئەوە بكات، حزب ئامانج نەبێت، بەڵكو ئامراز بێت، زۆرجار ئەو پرسە تاوتوێ كراوە ئایا حزب ئامانجە یان ئامراز؟ بە قسە و بە تیۆری باس لەوە كراوە حزب ئامرازە، بەڵام بە داخەوە زۆرجار ئەوەی بینراوە حزب بۆتە ئامانج، كە حزبیش بووە ئامانج، ئەوا دەبێت بیپارێزێت، ئایدلۆژیایەكەی پاك ڕابگیرێت، كادرەكانی خاوەنی كۆمەڵێك مواسەفاتی دیاریكراوبن، ئەو كاتە حزب دوور لەژیانی سرووشتی و ئاسایی خەڵك كاروبارەكانی خۆی بەڕێوەببات، كە ئەمە كارێكی خراپە و زیانێكی زۆریشی دەبێت بۆ خودی حزبەكە. ئێستا ئێمە لە قۆناغێكین دەبێت واقیعیانە سەیری ئەو قۆناغە بكەین و هەروەها دەبێت بە هۆشیاریەوە باس لەم قۆناغە بكەین، پێموایە تا سەر ئەم قۆناغە بەردەوام نابێت. هێزی حزب لە گەورەیی و زۆری ژمارەی ئەندامەكانیدا نییە، هێزی حزب لە چۆنیەتی چالاككردنی ئەندامەكانێتی، لە پتەوكردنی پێوەندی ئەندامەكانیەتی بەخەڵكەوە، لە ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك لە دەوری حزب كۆ ببێتەوە. ئومێد دەكەم چیتر خەڵك دوور لەخۆی و جیا لەخۆی سەیری حزب نەكات، بەڵكو وا سەیری بكات دەربڕی ویستی ئەوە، نزیكە لە هەست و نەستی ئەوەوە، واتە تێكەڵە لەگەڵ خەڵك و نامۆ نییە بە خەڵك، كاتێك ئەم هەستە دروست دەبێت، ئەوا حزب ڕووی لە پێشكەوتنە و دەتوانێت باشتر ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

**گوڵان:** یەكێك لە مەسەلەكانی دیكە بریتییە لە گرنگیپێدانی ئافرەت، كە دەتوانین بڵێین ئێمە لەدوای ڕووخانی سەددامەوە ئەوە بەسەرماندا سەپێنرا كە دەبێت ڕێژەیەكی دیاریكراوی ئافرەتان لە پەرلەماندا هەبێت، كە ڕێژەكە لەنێوان لە سەدا ٢٥-٣٠دایە، لێرەدا پرسیاری ئەوە دەكەین ئایا پارتی وەك حزبی ژمارەی یەك لە كوردستان هەڵگری هەنگاوی یەكەم دەبێت لەم بوارەدا بۆ گرنگیدان بە ئافرەتان، ئایا پێتوانیە پارتی لەم ڕووەو خەمساردە و دەبێت بایەخی زیاتری پێبدات و دەبێت لە كۆنگرەدا چاو بەم پرسەدا بخشێنێتەوە؟

**كاروان ئاكرەیی:** پرسیارەكە ئەوەیە نەك هەر بە تەنیا پارتی، بەڵام ئایا تێكڕای حزبەكان وەك پرسێكی سەربەخۆ سەیری پرسی ئافرەتان دەكەن یاخود تیڕوانینیان وایە ئافرەت پاشكۆی حزبەكەیە؟ پێموایە خودی ئەو تیڕوانینە سەقەتە كە حزبێك سەیری پرسی ئافرەت بكات لەهەر بوارێكی ژیاندا كە بەناو هاوكارە یاخود پەرژینی حزبەكەیە، كە لە ئەنجامدا بە پاشكۆی حزبی وەردەگرێت، كێشەكە لەوێوە دەست پێدەكات. ئەگەر پێشتر پارتی وا كاری كردبێت یاخود لەمەودا وا كاربكات كە وەك خۆی سەیری پرسی ئافرەت بكات و ڕۆڵی خۆی وەك هاوكار وێنا بكات بۆ پێدوایستییەكانی پێشكەوتن و بەهێزكردنی كەسایەتی و ڕۆڵی ئافرەت لە كۆمەڵگەدا كاربكات، ئەوا تابلۆكە دەگۆڕێت. بەڕای من تا ئێستا پارتی و حزبەكانی دیكەش نەیانتوانیوە ئەو واقیعە قبووڵ بكەن، ئەوەیان یەكلانەكردۆتەوە ئایا ئافرەتیان دەوێت بۆ ئەوەی ژمارەی ئەندامانی خۆیان لەناو ئافرەتاندا زیاد بكەن یاخود پێگەی ئافرەت و هەلومەرجی ئافرەتان بەرەوپێشەوەببەن؟ پرسیارەكە ئەوەیە ئایا حزب دەیەوێت ڕۆڵی هاوكار و ڕێنماییكار و پشتیوان ببینێت بۆ ئەم پرسە هەستیار و گرنگە؟ ئەم كێشەیە ڕەگ و ریشەی مێژوویی هەیە، ئەم واقیعە بەسەر توێژی قوتابیان و لاوانیشدا جێبەجێ دەبێت. ئایا تایبەتمەندی و نیمچە سەربەخۆیی ئەم ناوەندانە بپارێزرێت و پەرەی پێبدرێت، پێموایە دەبێت لەمەودوا بۆ ئەم ناوەندانە پارتی ڕۆڵی ڕێنماییكارو پشتیوان بگێڕێت.

**گوڵان:** لێرەشدا باس لە ڕۆشنبیر ناكەین، بەڵكو باس لە سەرچاوەی مەعریفە دەكەین، ئەگەر سەیرێكی ئاماری زانكۆ پێشكەوتووەكانی جیهان بكەین دەبینین هەموویان كەوتوونەتە وڵاتە دیموكراسییەكان. وڵاتانی دیموكراسیش زەمینەیەكی لەبارە بۆ درووستبونی دامەزراوەی زانستی. بەڵام هەست ناكەیت پارتی ئەم لایەنەی فەرامۆش كردووە؟ مەبەستم، بەجۆرێك لە جۆرەكان هۆكارێكە بۆ ئەوەی كە زانكۆش نەتوانێت ببێتە ژینگەی بەرهەمهێنانی مەعریفە؟ ئایا پێتوانییە كە پێویستە پارتی لەم لایەنە چاوێك بەخۆیدا بگێڕێتەوە و بوار بۆ كەفائاتەكانی كوردستان بڕەخسێنێت؟

**كاروان ئاكرەیی:** بەڕای من ئەم ئەركە دوو لایەنەیە. پارتی لەو حزبانە بووە كە گرنگییەكی یەكجار زۆری بە زانكۆ داوە. ڕەنگە توانایەكی زۆریشی بۆ تەرخان كردبێت. جەنابی سەرۆك بارزانی بەپەرۆشەوە و وەك كەسێكی خەمخۆر گرنگی بە زانكۆ دەدا و خەمی لێ دەخوارد و هەوڵی دەدا سەكۆیەكی مەعریفە و ڕۆشنایی و ڕۆشنكردنەوەی كۆمەڵگە بێت، زانكۆ بەهێزبێ و توانای بۆ بڕەخسێ. بەدیدی من پارتی لەوەوە دەستپێشخەریش بووە. بەڵام خودی زانكۆكە چیی كردووە؟ دوایی حزب چۆن ڕەفتاری كردووە لەگەڵ زانكۆ؟ ئەگەر هەڵوێستی ڕەسمی حزبەكەش نەبێت، بەڵام منێكی حزبی چۆن مامەڵەم لەگەڵ زانكۆكە كردووە و زانكۆكە خۆی چەند توانای ئەوەی هەیە كە كەسێتی خۆی و ڕۆڵی خۆی لەناو كۆمەڵگەدا دەستنیشان بكات و ئیش لەسەر مەعریفە بكات؟ بەجۆرێك كە مەعریفە لە چوار دیواری زانكۆدا بە مەبەستێكی وشكی ئەكادیمی قەتیس نەدرێت؟ بە بینینی من، زانكۆ نەیتوانیوە ببێتە ئەو سەكۆیە، وای لێبێت كە ببێتە كەناڵی ڕێنمایی و كەناڵی دانانی بەرنامە و پڕۆژە لە بوارە جیاجیاكاندا بۆ پێشخستنی خودی كۆمەڵگە و لەهەمان كاتیشدا بۆ ڕاستكردنەوەی هەڵەكانی حزبیش. ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ بۆ ئەو بێتواناییە لە زانكۆكانی ئێمەدا هەیە؟ بەڕای من ئەمەشیان قۆناغێكە و ئەم قۆناغە بەسەر دەچێت. ئێستا ڕەنگە ئەگەر بەراوردێك بكەین لە بەینی زانكۆكانی كوردستان لەم سەردەمە و پێش ١٠ - ١٥ ساڵ، جیاوازییەكی باشی تێكەوتووە. بەڵام لەمڕۆوە كە زانكۆ بووەتە سەرچاوەی مەعریفەی كۆمەڵایەتی، سوود بە كۆمەڵگە بگەیەنێ، بەلای من هێشتا كز و لاوازە.

**گوڵان:** هەر سەبارەت بە دەستێوەردانی حزب لە زانكۆ، جەنابی سەرۆك بارزانی دەڵێت پێم خۆشە پاسەوانی زانكۆ بم، بەڵام ئێستا كادرەكانی حزب دەچنە ناو زانكۆ و دەستێوەردان دەكەن. ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە كە ئەو پەیامەی سەرۆك جێبەجێ بكەن و پاسەوانی زانكۆ بە ئەركی سەرشانی خۆیان بزانن؟

**كاروان ئاكرەیی:** ئەمەش لەو بۆچوونەوە هاتووە

**پارتی یەكێكە لەو حزبانەی كە بنەمای ئامادەی گوێگرتنی لە خواست و ویستی خەڵک تێدایە، ڕوانگەی پارتی بۆ ئەو پرۆسەیە كراوەتر و پراگماتیزەترە و خوێندنەوەی واقیعیانەتری هەیە**

**خەریكە حزب سەرو سیمای دامەزراوەیەكی سیاسی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی وەردەگرێت، كەواتە ئێستا ئەركی حزب بە بەروارد بە سەردەمی شاخ گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە**

**پارتی لەمەودوا هەوڵبدات سنووری نێوان ڕێكخستنی حزبی و خەڵک كاڵ بكاتەوە. ئەم كارە بۆ پارتی قورس نییە، لەبەر ئەوەی ئەمە خەسڵەتێكی مێژوویی پارتی یە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی بەپەرۆشەوە و وەک کەسێکی خەمخۆر گرنگی بە زانکۆ دەدا و خەمی لێ دەخوارد و هەوڵی دەدا سەکۆیەکی مەعریفە و رۆشنایی و رۆشنکردنەوەی کۆمەڵگە بێت، زانکۆ بەهێزبێ و توانای بۆ برەخسێ**

**ئەگەر پارتی لەمەودا وا کاربکات کە وەک خۆی سەیری پرسی ئافرەت بکات و رۆڵی خۆی وەک هاوکار وێنا بکات بۆ پێدوایستیەکانی پێشکەوتن و بەهێزکردنی کەسایەتی و رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، ئەوا تابلۆکە دەگۆڕێت**

کەپێشتر ئاماژەم پێکرد، ئایا تۆ ئافرەتت قبووڵە کار بۆ توێژی خۆی و بۆ پێشخستن و گەشەسەندنی ژیانی ئافرەت و بەهێزکردنی کەسایەتی ئافرەت بکات؟ ئەگەر ئەوەت قبووڵ بێت، بێگومان ئەوەشت قبووڵ دەبێت کە ئەکادیمییەك لەجیاتی ئەوەی فشاری بۆ ببەیت و بێتە ریزی حزب، فشاری بۆ ببە لە کارەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت، لەکاری خۆیدا بتوانێت باشتر سوود بە نەوەکان بگەیەنێ، هەوڵ بدا بنەماکانی پێشکەوتن بەردەوام لە شەخسییەتی خۆیدا بەدی بکات و هەوڵی بۆ بدات. بەداخەوە رەنگە ئەمەش هەر بەندە بەو تێڕوانینەی کە تارمایی سیاسی باڵی کێشابێ بەسەر هەموو ئەو توێژانە، لەوانە زانکۆش. مەرج نییە کەسی ئەکادیمی سیاسی بێ. مەرج نییە کەسی ئەکادیمی حزبی بێ. بەڵکو کەسی ئەکادیمی دەبێ هانبدرێ و دەبێ هەست بە فشارێکیش بکا لە کۆمەڵگەی خۆیەوە لە حزبیشەوە، کە ئەگەر لە کاری خۆی سەرکەوتوو نەبێ، لەوانەیە سبەی بکەوێتە بەر ئەو بەرپرسیارێتییە. نەك بەپێچەوانەوە.

**گـوڵان:** دیاردەیەکی تر هەیە و هەستی پێ دەکەین، ئەویش بریتییە لە دوژمنایەتیی نێوان کەسی رۆشنبیر و حزب. مەبەستم ئەوەیە، ئێستا بۆتە پێوانەیەك بۆ ئەو کەسەی کە دژی حزب نەبێ رۆشنبیر نییە. لەکاتێکدا ئەگەر بێت و ئامانجی حزب دیموکراتی کۆمەڵگە بێت و کەسی رۆشنبیریش هەمان ئامانجی هەبێت، ئەوە لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە. ئایا ئێمە چۆن دەتوانین پێوەندی نێوان رۆشنبیر و حزب لە کۆمەڵگە. بابڵێین ئاشتبوونەوەیەك لەنێوانیاندا دروست بکەین؟

**کاروان ئاکرەیی:** بەڕاستی ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگ و ئاڵۆزیشە، بۆچوونی هەڵەش لەم رووەوە لە ئارادایە کە دووری لە حزب یان لە حکومەت مەرجە بۆ رۆشنبیری و سەربەخۆیی ئەو کەسە، واتە رۆشنبیری خۆی بە خۆ دوور راگرتن بسەلمێنێت. بەڕای من ئەم بۆچوونانە راست نین و رۆڵی رۆشنبیریش لەو بەینەدا ون دەکات. بۆیە ئەمەشیان دوو دیوی هەیە، یەکیان خودی رۆشنبیرە و گوتارە رۆشنبیرەکەیەتی. ئەوی دیکەیان تێڕوانینی حزبە بۆ ئەو رۆشنبیر. پرسیار ئەوەیە کە حزب چۆن سەیری ئەو توێژە دەکات. ئایا ئەوەی لێدەوێت وەك ئەندامێکی خۆی رەفتار بکا؟ یان وەك ئەندامێکی خۆی بیر بکاتەوە؟ یان وەك ئەندامێکی خۆی پەرۆشی حزبەکە بێ؟ یان هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی حزبەکە بدات؟ یان ئەوەی قبووڵە کە رۆشنبیر نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە و دوور لە پێوەری حزبی و سیاسی سەیری ئەو رۆشنبیرە دەکات.

ئەمە لایەنی حزبە، پێموایە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە هەم رۆشنبیران و هەمیش حزب و حوکمڕانی، بیر لەو دەرفەتە بکەنەوە. ناکرێ بزووتنەوەیەکی سیاسی بیەوێت بە نەفەسێکی کراوە و دیموکراسییانە گەشە بکات و کاری خۆی بکا بێئەوەی بنەمایەکی مەعریفی رۆشنبیریی هەبێت. یان بێبەشکردنی بزووتنەوەی سیاسی لەو ژێرخانەیە مەعریفییە رۆشنبیرییە چ ئاکامێکی دەبێ؟ ئەمە ئەرکی حزبە کە دەبێ ئەوە دەستەبەر بکا.

**گوڵان:** چۆن دەستەبەری بکات؟

**کاروان ئاکرەیی:** دەستەبەرکردنەکەی لەوەدایە دەبێ تێڕوانینی حزب بۆ کەسی رۆشنبیر جیابێ لە تێڕوانینی بۆ کادری حزب. تێڕوانینی جیابێ لە تێڕوانینی بۆ راگەیاندکارێك کە لە راگەیاندنی حزبدا ئیش دەکات. کەسی رۆشنبیر دەبێ ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێت کە لە دەربڕینی خۆی و لە داهێنانی خۆی شتی جیاوازی خۆی لەگەڵ من بەرهەم بهێنێت، ئەم جیاوازییە نابێ ببێتە هۆکاری دابڕان لەنێوان حزب و رۆشنبیردا، بەڵکو دەبێت بە دیاردەیەکی ئاسایی وەربگیرێت. حزب دەبێ رێگە خۆشبکات و کەناڵبکاتەوە لەنێوان خۆی و رۆشنبیراندا، کاتێکیش رۆشنبیران روو لە حزبەکە دەکەن و لێی نزیك دەبنەوە، دەبێت بواری ئەوەشیان بۆ بڕەخسێنرێت بە حزبەکە بڵێ ئەمەیانت چەوتە. ئەم جۆرە رەخنەیە دەبێ حزب قبووڵی بکات، ئەگەر بیەوێت سوود لە ژێرخانە مەعریفیی و سەقافییەکەی یان داهێنانی ئەو رۆشنبیرە وەربگرێت. دیوەکەی دیکە رۆشنبیرەکە خۆیەتی، ئەگەر رۆشنبیر پێیوایە ئەو کارێك دەکات بەرپرسە لەبەردەم کۆمەڵگەیەك، لەبەردەم میللەتێك، لەبەردەم قۆناغە مێژووییەکە، ئەبێ ئەم رۆشنبیرە حوکمی سیاسی پێشوەختەی بۆ هیچ رەفتار و لایەنێك نەبێت. ئەگەر پێوەرەی رۆشنبیر، پێوەرێکی تێر و دەوڵەمەند بێ و لەوێوە بتوانێت رۆڵی رێنمایی و چاودێر و رەخنەگر بگێڕێ و شەخسییەت و هەیبەتی خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگە و بەسەر حزبیشدا، خۆی دووربگرێ لە حوکمدانێکی سیاسی پێشوەختە، ئەوا رۆشنبیر دەتوانێت رۆڵە مێژووییەکەی خۆی ئەدا بکات. ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی ژیانکردی بەردەوامە، ناکرێ رۆشنبیر پێشوەختە کەس بە دوژمن دابنێت. هەربۆیە دەکرێت رۆشنبیر دیدێکی سیاسییانەی خۆی هەبێ، ئەو سنوورە دەستکردەی کە هەمیشە گوێمان لێدەبێت کە رۆشنبیرێك ناتوانێ لەناو حزبێك بێ، هەمیشە رۆشنبیر دەبێ لە دەرەوەی حزب بێت، ئەمە شتێکی دەستکردە، شتێکە کە لەوانەیە لەژێر کاریگەری دیدێکی سیاسییەوە دروست بووبێت.

**گـوڵان:** لایەنێکی تر هەیە، مەسەلەی راگەیاندنی حزبە، ئایا بەڕای تۆ میدیای حزبی دەبێ چۆن بێ؟ ئایا حزب چۆن دەبێ مامەڵە لەگەڵ میدیا بکا؟ دەبێت میدیای حزبێکی دیموکراتی چۆن چۆنی بێت؟

**کاروان ئاکرەیی:** بە بڕوای من، کێشەکە لەوەدا نییە کە حزب خاوەنی میدیا بێت یان نە. لەوڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیاش رەنگە ئەم دیاردەیە هەبێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە حزب بۆ چ مەبەستێك میدیای هەبێت؟ چۆن بەکاری دێنێت؟ ئایا حزب دەزانێ کە میدیا بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتی گشتگیریی هەیە؟ مەرج نییە میدیای حزبی رەنگدانەوەی ئەو رستە حزبییە بێ کە لەناو ژیانی حزبەکەدا خۆی هەیە. بۆ نموونە پارتی ئێستا بەرەو کۆنگرە دەڕوا، بەرنامەیەکی هەیە بۆ داهاتوو. میدیای حزبی دەتوانێت، بەرنامەی کۆنگرەی پارتی بخاتە بەردەم موناقەشە و گفتوگۆ و راگۆڕینەوە و رەخنەگرتن و بە هەندێ راو بۆچوون و پێشنیاری زۆر بەکەڵك دەوڵەمەندی بکات کە خودی حزبەکە سوودی لێوەردەگرێ. ئەمە لایەنێك. لایەنی دووەم، دەمینێتەوە ئەو میدیا حزبییە چەند کراوەیە؟ چەند هەست دەکات ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی کە لەسەر شانێتی بەجێ بگەیەنێ؟ بێگومان، بەر لەهەموو شتێك دانی زانیارییە. رەنگە رادەی کرانەوەی هەر میدیایەك، هەر دامەزراوەیەکی راگەیاندن بەوە قیاس بکرێ کە چەند زانیاری بە خەڵك دەدا. لەبەر ئەوەی پێدانی زانیاری بە خەڵك ئەمڕۆ وەك پێداویستییەکی ژیانە. نەك وەك شتێکی با بڵێین لاوەکییە، ئەگەر واش بێ، دەبێت میدیا ئەم حاڵەتە بگۆڕێ بەوەی کە خەڵك بەئاگا بێنێ و بڵێ «خەڵکینە، ئێوە زانیاریتان پێویستە، رۆژانە دەبێ ئاگاتان لە پێشهاتی تازە بێ و لە رووداو و لە چالاکی و دیاردەکان بێ کە سوودی هەبێت بۆ چۆنیەتی باشترکردنی ژیانی خۆتان». ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی دیموکراسییانەیە. ئەوە یەکێك لە ئەرکەکانی میدیایە. بۆیە حزبیبوونی میدیا بە رێگر نازانم لەبەردەم کرانەوەی میدیا، لەبەردەم هەستکردن بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی. ئێمە ئێستاش لە قۆناغی گەڵاڵەکردنی کەسێتی نیشتمانی خۆمانین، ئەمە ئەرکێکە دەبێ میدیای کوردستان رووبەڕووی ئەمە بێتەوە، نەك گەڵاڵەکردنی کەسایەتی حزبیمان، بەڵکو کەسایەتی نیشتمانیمان، گەڵاڵەکردنی کەسایەتی نەتەوەییمان. ئەمە وەك دوو ئەرکی گشتگیر و رەنگە پێوەندیی بە ژیانی هەموو خەڵکەوە هەبێت. لەم حاڵەتە میدیای حزبی دەبێتە ئامرازێکی هاوکار و ئامرازێکی کاریگەر بۆ پشتگیریکردنی خودی حزبەکە،

لــه دەستنیشــانکردنی هەڵــە و کەموکوڕیی حوکمڕانی.

**گوڵان:** ئایــا دەزگاکانــی راگەیاندنی حزب ســەربەخۆ بن، چۆن حــزب ڕێنماییان پێبدات، چۆن تەمویلیان بۆ دابین بکرێت؟

**کاروان ئاکرەیی:** بــۆ نموونــە دەکرێــت هەر میدیایەکی حزبی لە هێڵە گشتییەکاندا تەعبیر لە سیاسەتی ستراتیژی پارتی بکات، بەڵام لە هەڵسوکەوتی رۆژانە و لە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانــی ناوخۆی کوردســتان و دەرەوە، دەکرێت بەدیدێکی رۆژنامەنووســانە چارەسەر بکرێت و بەدیدێکی پیشەگەرانە رووماڵی هەواڵ و رووداوەکان بکرێــت، نابێــت پارتی چاوی لە رستیەکی راستەوخۆی ســتایش و پیاهەڵدان و بــاش ناوهێنانی خۆی بێت، بەڵکو هێزی خۆی لەوەدا ببینێتەوە، کە ئەم میدیایە خزمەتی حزب دەکات بەرێگــەی چاودێریکردنی حکومڕانی و بەدیارخستنی هەموو ئەو هەڵەو کەموکوڕیانەی لە حکومڕانیدا دەیبینێت، هەروەها ئەو دیاردە و کەموکورتیانــەی کە لەبەردەمی خەڵکدا دێت و دڕوات، ئەرکی میدیای حزب لەم حاڵەتەدا دەبێتە خستنەڕووی ئەو دیاردانە و بەدواداچوونانە بێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا خزمەتکردنە بەسیاسەتی حزبەکە، بەمجۆرە لەم سەکۆیەوە رەنگ و رووی حزبەکەی خۆی پیشان دەدات.

**گوڵان:** دوا پرسیار دەگەڕێمەوە بۆ کۆنگرەی حزب، بێگومان کۆنگرەی حزبە دیموکراتییەکان وەك هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی بچکۆلە وایە، کاندیدەکانی حزب وەك کاندیدەکانی پەرلەمان دەچنە بازنــەی پڕوپاگەنــدەی هەڵبژاردن، تەنیا جیاوازییەك ئەگەر هەبێت ئەوەیە حزب کاندیدەکانی خــۆی لە کۆنگرە لە بێژنگ دەدات و لــە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا پشــتگیریان دەکات، ئایا بەڕای تۆ دەبێت هەڵســوکەوتی د یمو کر ا تیا نــە ی کاندیدەکان بۆ ئەم پەرلەمانە بچکۆلەیە چۆن بێت؟

**کاروان ئاکرەیی:** دیارە کۆنگرەی ١٣ی پارتی جیاوازە لە کۆنگرەکانی پێشووی، یەکەم خاڵی جیاوازیش ئەوەیە تەواوی خەڵکی کوردستان و ناوەنــدە جیاجیاکانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش چاویان لە کۆنگرەکــەی پارتییە، ئەمە بۆ؟ رەنگــە هۆکارێکی زۆر هەبێت، ئەمەش واتە وەکو پرۆسەیەکی حزبی دابڕاو سەیر ناکرێت، بەڵکو وەك قۆناغێك سەیر دەکرێت لەوانەیە شتی چارەنووسسازی بۆ وڵاتەکە بەدواوە بێت، ئەمە لایەنێکی، لایەنێکــی دیکەی ئەم کۆنگرەیە ئەو هامشــۆ و هاتووچۆی نێــوان پاڵێوراوان و کادر و ئەندامانــی حزبــە وەك تابلۆیەکی کراوە بــە نەفەســێکی دیموکراتیانەی خۆی دەنوێنێــت، هەروەها هەرچەندە ١١ ساڵ تێپەڕبووە بەسەر کۆنگرەی ١٢، بەڵام رەنگە ئەو تامەزرۆییەی ئێســتا دەبینرێت چــۆن کادرەکان هامشۆی یەکتری دەکەن و یەکتری بەسەر دەکەنەوە، جاری وا هەیە گفتوگۆیەکی بەربڵاو و قووڵ لەسەر ئەو کۆنگرەیە و بەرنامەی ئــەو کۆنگرەیــە و داهاتــووی پارتی دروســت دەبێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا بەدیدی من شــتێکی جوان و ئومێد بەخشــە و زیندوویی پارتی پیشــاندەدات، ئێستا هەر خودی خۆی کەوتۆتە ئامادەکردن و جموجۆڵێکــی زۆر جوان، ئەم جموجۆڵە و ئەم زیندوویەتیەی کادرانی پارتی ئێستا پیشانی دەدەن لەوانەیــە هەر ئەمە ناســنامەیەك بۆ کۆنگرەی ١٣ی پارتی دروست بکات. بەوەی ئــەم کۆنگرە لەچ قۆناغێك و لەچ حاڵەتێکدا هەنگاو هەڵدەگرێت. ئومێدەکەم ئەو جموجۆڵەی ئێستا و ئەو نەفەسە کراوەیەی ئێستای کادرانی پارتی پیشانی دەدەن، لەناو هۆڵی کۆنگرەش رەنگبداتەوەو لەوێش بەم رۆحیەتەو زیاتریشەوە بیر لە چارەنووسی حزبەکەی خۆیان بکەنەوە.

**مەرج نییە کەسی ئەکادیمی سیاسی بێ. مەرج نییە کەسی ئەکادیمی حزبی بێ. بەڵکو کەسی ئەکادیمی دەبێ هانبدربێ و دەبێ هەست بە فشارێکیش بکا لە کۆمەڵگە خۆیەوەو لە حزبیشەوە**

**دەبێت پارتی بەکردەوە کار بۆ ئەوە بکات، حزب ئامانج نەبێت، بەڵکو ئامڕاز بێت**



# نیشتمان..
# ئامێزێک گەورەتر لەشوێنی لەدایکبوون



عەبدولڕەحمان سدیق

وەکو هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە، مافی سروشتی و خواپێداوی خۆمانە کە خاك و نیشـــتمان و زێدی باوو باپیرانی خۆمانمـــان خـــۆش بوێـــت، بەتایبەت کوردستانی ئێمە، کە وێڕای ئەوەی جگە لە خۆمان خەڵکان و گەڕیدەو پســـپۆڕو مێـــژوو نووســـانێکی زۆر، شـــایەدیی ئەوەی بۆ دەدەن کە خاوەنی زۆر سیفات و تایبەتمەندێتـــی جـــۆراو جـــۆرو کەم وێنەیە، خـــوای گەورەش لـــە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ شـــوێنی بەرچاوو هەڵکەوتـــووی کوردســـتان دەکات، وەك خاکێکی پڕ خێـــرو بەرەکەتی نەبڕاوە کە شـــایانی ئەوە بوو، ببێتە شوێنی نەجات بوون و، لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی لە دوای تۆفانی ســـەردەمی (نوح)ەوە – علیه السلام- تا کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەســـەر ئەم زەوییە، بۆیە کوردستان لەو رۆژەوە، لـــە روانگـــەی بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، بۆتە چەق و ســـەنتەری دیمۆگرافی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی .

خوای گـــەورە لە قورئانـــی پیرۆزداو، لەهەردوو ئایەتی (٢٨-٢٩)ی ســـورەتی (المؤمنون)دا دەفەرموێت: [فاذا استويت انت ومن معك علـــى الفلك فقل الحمد للـــه الذي نجانا من القـــوم الظالمين * وقـــل رب انزلني منزلا مباركا وانت خير المنزلين].

لێرەدا، خـــوای گەورە خۆی داوا لە نوح – علیه الســـلام – دەکات کە خوازیاری ئەوە بێت لە شـــوێنێکی پـــڕ بەرەکەت و خێرو نیعمەتی تـــا هەتایی دایبەزێنێت، بۆیە لەبەر ئەوەی ئەم ویستە، ویستێکی خواییە، ئەنجامەکەی هەروا بوو، چونکە خوای گەورە لەســـورەتی (هود)داو، لە ئایەتی (٤٤)دا، دەستنیشانی ئەو شوێنە موبارەکە بە چیای (جـــودی) دەکات: (قيل يا نوح اهبط بســـلام منا وبركات عليك وعلى امم ممن معك).

دیـــارە کـــە (جودی)یـــش چیایەکە لە کوردستان داو، زۆربەی (مفسر)ەکانیش لەســـەر ئەمـــە کۆکن و، ئەوەنـــدە هەیە هەندێکیان دەڵێن لە نزیك (موســـڵ)ەو، هەندێکیشـــیان دەڵێن لـــە نزیکی (دیار بکـــر)ە، دیارە ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە کە کوردســـتانی گەورە پێش پەیماننامەی (ســـایکس بیکۆ) یەك پارچـــە بووەو، سنووری ئیداری شارەکانیشی بەپێی وەخت لە سەر یەك بار نەبووە، جاری وا هەبووە (دیار بکر) بەرەو خوار کشـــاوەو، جاری واش هەبووە (موسڵ) بەرەو ژوور کشاوە، بۆیە لەهـــەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە جێگیر بووە کە (جودی) وا لەنزیك (جەزیرە)و تا ئێستاش چیایەکی کوردستانیە.

لە تەفســـیری – الخـــازن- دا، بەرگی دووەم، لاپەڕە (٣٢٨) دەڵێت: (الجودی: وهو جبـــل بالجزيره قـــرب الموصل) لە تەفســـیری – النســـفی – دا هاتووە: (وهو جبـــل بالموصـــل) . لەکتێبی – قصـــص الانبيـــاء – ی (عبدالوهـــاب النجار)یش دا هاتووە: (جبل الجودى في نواحي ديار بكر من بلاد الجزيرة) وێڕای ئەمەش، کوردستان خاوەنی خێرو بەرەکەت و فەڕی هەمیشـــەییە، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێـــت: [قيل يا نوح اهبط بسلام منا وبركات عليك وعلى امم ممن معك] سورەتی (هود) ئایەتی (٤٨).

هەر لە روانگەی ئەم ئایەتەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە ئەو نیعمـــەت و بەرەکەتەی خوای گەورە بە کوردســـتانی بەخشیوە هەمیشـــەیی دەبێـــت، چونکە وشـــەی (البركة) – وەك لە (مفردات الفاظ القران) ی – الراغـــب الاصفهانـــي- دا هاتووە. واتە: (ثبوت الخير الالهي في الشـــيء) واتە بەرەکەت بریتییـــە لە جێگیربوونی خێرێکی خوایی لەو شـــتەدا هەروەها لە تەفســـیری ئایەتـــی (رب انزلني منزلا مباركا) دەڵێـــت: (أي حيث يوجد الخير الالهي) واتە خوایە لە شـــوێنێکی وا دام بەزێنە کە نیعمەتێکی خوایی هەمیشەیی و نەبڕاوەی پێ بەخشـــرابێت هەر لەبەر ئەمەشە هەر شتێك یان هەر شوێنێك کە خێرو نیعمەتی لە رادە بەدەری لێوە بێت، ناوی (موبارەك)ی بەسەردا بڕاوە، بۆیە لێـــرەوە دەڵێت: (ولمـــا كان الخير الالهي يصدر مـــن حيث لايحـــس، وعلى وجه لايحصى ولايحصر، قيل لكل ما يشـــاهد منه زيادة محسوســـة هو مبارك، وفيه بركة).

بەدەر لـــەم هەمـــوو تایبەتمەندییە کەم وێنەیەی کە نیشـــتمانی ئێمە هەیەتی، نیشـــتمان و زێدی باب و باپیران لەلای هاوڵاتیانی هەمیشـــە خۆشەویســـتەو، مرۆڤ هیوای هەموو خێرو خۆشـــییەك بۆ نیشتمانی خۆی دەخوازێت، ناچاریش

نەبێت یان نەکرێت، زەحمەتە نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێ، هەر کاتێکیش لە نیشتمانی خۆی دەر بکرێت، ئەوا هەمەوو ساتێ گەڕانەوە بۆ وڵات بە ئاوات دەخوازێت.

بۆیە کاتێك کە دەسەڵاتدارانی قورەیش، پێغەمبەر – صلی الله علیه وسلم – و هاوەڵانیان لە (مەککە)وە دەرنا، پێغەمبەر – صلی الله علیه وسلم – لە دوا خاڵی سەر سنووری (مەککە)دا ڕووی کردە شارەکەی خۆی و، فەرمووی: (والله انك لخیر ارض الله واحب ارض الله الی الله، ولولا اني اخرجت منك لما خرجت) رواه احمد والنسائي والترمذي وقال حدیث صحیح.

تەنانەت پێغەمبەر- صلی الله علیه وسلم - ئەوەندە لەبیری شاد بوونەوە بە (مەککە) بوو، ئەو کاتە دڵنیا و ئارام بوو کە خوای گەورە بەڵێنی گەڕانەوەی پێدا بە ئایەتی: [ان الذي فرض علیك القران لرادك الی معاد] القصص (٨٥).

لرادك الی معاد: واتە ئەتگێڕینەوە بۆ (مەککە).

هەر لێرەوە موژدەیەکی گەورە هەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەسەر خاکی خۆیان دەردەکرێن، کە ڕۆژێك دادێت بە ژوانگەو نیشتمانی خۆیان شاد ببنەوە، چونکە خوای گەورە ناوی ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایدا لە دایك دەبێت بە (معاد) ناو دەبات واتە ئەو شوێنەی کە بۆی دەگێڕیتەوە، بۆیە شێخ – حسنین محمد مخلوف – لە (صفوه البیان لمعاني القران)دا دەڵێت: (وسمي بلد الرجل الذي كان فيه : معادا، لانه عادة يتصرف في البلاد ثم يعود اليه).

جا لەبەر هەموو ئەمانەو، لەبەر ئەوەی ئەوە ویستی خوایەو ئیرادەی خوایە کەهەر مرۆڤێك لە شارو شارۆچکەو گوندێکی دیاری کراودا لە دایك دەبێت، بۆیە خۆش ویستنی نیشتمان خوا کردە، ئەوانەش کە خەڵکی لەسەر خاك و ماڵی خۆیان دەردەکەن، تاوانێکی گەورە بەم کارەیان ئەنجام دەدەن و، خۆیان لە قەرەی کارێك دەدەن کە خوای گەورە حەرامی کردووە: [ثم انتم هؤلاء تقتلون انفسكم وتخرجون فريقا منكم من ديارهم تظاهرون عليهم بالاثم والعدوان وهو محرم علیکم اخراجهم] سورەتی البقرة – ئایەتی (٨٥)

چونکە گەلی بێ خاك و نیشتمان، گەلێکی ڕوو لە مردنە، دەرچوونی خەڵکی لە خاکی خۆی یانی هەڵبژاردنی مردن، بۆیە، ئەوانەی لەترسی تاعوون و مردن، وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت، هەر بەو کارەیان مردنیان هەڵبژارد، بۆیە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: [الم تر الی الذین خرجوا من دیارهم وهم الوف حذر الموت، فقال لهم الله موتوا، ثم احیاهم..]سورەتی البقرة- ئایەتی (٢٤٣). بۆیە بێ نیشتمانی و دەرکردنی خەڵکی لە خاکی خۆی، بەرامبەرە لەگەڵ کوشتنی ئەو کەسەدا، وەك بڵێی چ کوشتنی هاووڵاتی یان دەرکردن لەخاکی خۆی، بۆیە خوای گەورە بە ئیشارەت بۆ ئەم هاوکێشەیە، ئاگادارمان دەکاتەوە لە ئایەتی (٦٦)ی سورەتی (النساء)دا: [ولو انا کتبنا علیهم ان اقتلوا انفسکم او اخرجوا من دیارکم ما فعلوه الا قلیل منهم]. ئەم ئایەتانە گەرچی لە (سیاق)ێکی مێژوویی و تایبەت بەهەندێ نەتەوەو، هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا هاتوون، بەڵام لەهەموویان دا ئەو هێماو ئاماژانە دەردەکەون و وەردەگیرێن کە دەرکردنی هاووڵاتی لە خاکی خۆی حەرامەو، ئەنجامدانیشی بکەرەکەی دەخاتە بازنەی تاوانێکی گەورەوە.

بۆیە خوای گەورە هەڕەشەی سەخت لەو دەسەڵاتدارو کاربەدەستانە دەکات کە پێغەمبەران و شوێن کەوتوانیان لە خاکی خۆیان دەرکردووە، بۆیە خوای گەورە لە ئایەتی (١٣) و (١٤) سورەتی (ابراهیم) دا دەفەرموێت: [قال الذین کفروا لرسلهم لنخرجنکم من ارضنا او لتعودن في ملتنا فأوحی الیهم ربهم لنهلکن الظالمین * ولنسکننکم الارض من بعدهم ، ذلك لمن خاف مقامي وخاف وعید].

هەروەها لە سورەتی (محمد)یش دا لە ئایەتی (١٣) دا دەفەرموێت: [أو كاين من قرية هي اشد قوة من قريتك التي اخرجتك اهلكناهم فلا ناصر لهم].

لەبەر ئەوە دەبێت هەموو مرۆڤێك دژی ڕاگوێزانی خەڵکی دی بێت و، قبوڵ نەکات بخرێتە جێگەی خەڵکانی دی، چونکە خوای گەورە ڕێگەی داوە بە مرۆڤی زوڵم لێکراو کە ئەو کەسە دەربکات کە ئەمی لە شوێنی خۆی دەرکردووەو شوێنی پێ لەق کردووە، بۆیە دەفەرموێت: [واخرجوهم من حیث اخرجوکم] سورەتی البقرة – ئایەتی (١٩١).

تاوانێکی دیکەش کە لەئاستی تاوانی ڕاگوێزان دایەو، بگرە گەورەتریش ئەویش گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی گەلانە، چونکە ئەوە ئیرادەی خوای گەورەیە کە هەر مرۆڤێکی خستۆتە بازنەی نەتەوەیەکی دیاری کراو و، زمانێکی تایبەتیشی پێ بەخشیوە، بۆیە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی گەلان و، گۆڕینی زمانیان، وەستانە لە دژی ئیرادەی خوای گەورە، چونکە (ڕەنگ) و (دەنگ)ی گەلان نیشانەیەکە لە نیشانەکانی باڵادەستی خوای گەورە: [ومن ایاته خلق السموات والارض، واختلاف السنتكم والوانكم ، ان في ذلك لايات للعالمين] سورەتی الروم – ئایەتی (٢٢) . لەبەر ترسناکی هەردوو مەسەلەی ڕاگوێزان و گۆڕینی ناسنامەی گەلان، هەر یەکەیان لەپاڵ مەسەلەیەکی گرنگ و سەرنج ڕاکێش دا هاتوونەتە باسکردن.

(ڕاگوێزان) لە قورئاندا خراوەتە پاڵ شەڕ کردن لە دژی دین، بۆیە مەرجەکانی گرێدانی پەیوەندییەکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ بێ باوەڕاندا، دوو مەرجن، یەکەم: شەڕی دینمان لەگەڵ نەکەن، دووەم: لەخاك و نیشتمانی خۆمان وەدەرمان نەنێن: [لا ینهاکم الله عن الذین لم یقاتلوکم في الدین، ولم یخرجوکم من دیارکم ان تبروهم وتقسطوا الیهم، ان الله یحب المقسطین] الممتحنة (٨).

بە هەمان شێوەش هەڵبژاردنی (دەنگ) و (ڕەنگ)ی هەر نەتەوەیەکیش لە قورئان دا خراوەتە پاڵ نیشانەیەکی تری باڵا دەستیی خوای گەورە، کە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوییە، وەك بڵێی سڕینەوەی (دەنگ) و (ڕەنگ)ی هەر نەتەوەیەك وەك هەوڵدان بێت بۆ سڕینەوەی ئاسمانەکان و زەوی، کە ئەمەش ئەو پەڕی وەستانەوەیە لە دژی ئیرادەی خوای گەورە.



دکتۆر دلاوەر عەبدولعەزیز لەدایکبووی شاری (کۆیە) یەو خێزاندارەو خاوەنی سێ منداڵە، کۆلێژی پزیشکی لەبەغدا تەواوکردووە، دوای ئەوەی پسپۆرایەتی لە بەریتانیا بەدەستهێناوەو لەپاشان لەساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی نۆتینگهام لە شاری نۆتینگهام و لەساڵی ١٩٩٤ بووەتە مامۆستا لەزانکۆی ناوبراو، لەساڵی ٢٠٠٢ پلەی زانستی لەبواری پزیشکی گەیشتۆتە پرۆفیسۆر، سەرپەرشتیاری خوێندنی ماستەرو دکتۆراو گرووپێکی زانایانی کردووە.

### دکتۆر دلاوەر عەبدولعەزیز وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ (گوڵان):

# لەزانکۆکانی کوردستان بیرکردنەوەو تیڕوانین و سیاسەت داڕشتن و راوێژکاری بۆتە کارێکی لاوەکی



## بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە کە دەبێت دامەزراندن لەسەر بەهرە و بڕیاری وەزارەت بێت، بەبێ ئەوەی دەستێوەردان هەبێت

وەزیری خوێندنی باڵاو زانستی لەم دیمانەیەی (گوڵان) دا ئاماژەی بەگرنگترین ئەو گۆڕانکاری و چاکسازییانە کرد، کە لەبواری خوێندن و مامۆستاو پێوەندییان لەگەڵ قوتابی پەیڕەو دەکرێت. بەڵێنی گۆڕانکاری بنەڕەتیشی دا لەبواری خوێندن لەپەیمانگاکان، میکانیزمێکی نوێش بۆ وەرگرتنی ماستەرو بەخشینی دکتۆرا دانراوەو مەرجی تەمەن هەڵدەگیرێت و هەرکەسێك ئارەزووی خوێندنی هەیە بەپارە دەتوانێت بخوێنێت لەمەودوا، سەبارەت بەکردنەوەی زانکۆ بەڕێزیان پێی وایە لە کردنەوەی زانکۆ ئەهلی و حکومی دا پلان نەبووەو تاکو ئێستا میکانیزمی هاوکاری نێوان وەزارەت و زانکۆ ئەهلییەکان نییە، پرۆسەی هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان بەزانکۆ ئەهلییەکانیش پرۆسەیەکی جیددی و بەردەوام دەبێت.
سەبارەت بەقوتابی و رۆڵی لەپرۆسەی خوێندندا دکتۆر دلاوەر عیزەدین جەختی کردەوە لەسەر رۆڵی قوتابی لەناو پرۆسەی خوێندن و دابڕانکردنی قوتابی لەچاکسازییەکان بە گەورەترین شکست دانا، بۆیە وەزیری خوێندنی باڵا دەڵێت نابێت چی تر لەجیاتی قوتابی بیربکەینەوە بەڵکو چەقی بیرکردنەوە خوودی قوتابی دەبێت.
لێرەدا پوختەی دیمانەکە بڵاودەکەینەوە.

**نەبوونی پێوانەیەک بۆ دیاریکردنی مامۆستای باش و خراپ گرفتێکی گەورەیە**

بووین و پرۆســەیەکمان ئەمســاڵ پیادە کردووە پێی دەڵێن: پرۆسەی زانستیخوازی بــەردەوام کە تێیدا هەموو مامۆســتایەك لەهەفتەیەکدا یەك کاتژمێرو لەساڵێکدا ٥٠ کاتژمێر گوێبیستی زانستی نوێ دەبێت، یا خۆی زانســتی نوێ پێشکەش بکات. هەر مامۆستایەك کەمتر لە ٥٠ کاتژمێری بۆ وەرگرتنی زانســتی نوێ تەرخان کرد ئەوە مامۆســتا نییــەو ئیمتیازاتەکانی لێدەبڕین و بەشداری لەچالاکی ئەکادیمی نامێنێت، بەمەش مامۆستا باشترین زانست پێشــکەش دەکات، هاوکات پێوەرێکی تر هەیە قوتابی مامۆســتا هەڵدەسەنگێنێت و ئــەدای وانە وتنەوەو لایەنی زانســتی و ئاســتی فێرکردنی و. هەمــوو پێوەرە بۆ هەڵســەنگاندنەکە. هەر مامۆستایەك نەیتوانی لــە٨٠٪ی قوتابیان رازی بکات واتە گرفتــی هەیە دەبێت یارمەتی بدەین بۆ ئەوەی خۆی چاك بکات.

**لەهیچ وڵاتێکی دنیا زانکۆیەک نییە، پێی بڵێن نوخبە سەرکەوتوو بووبێت، تەنانەت بۆ نموونە زانکۆیەکی وەکو زانکۆی ئۆکسفۆردیش هەمووی نوخبەوی نییە**

## گۆڕانکاری لەتەوەرەکانی ناو زانکۆ دەستی پێکردووە

**گوڵان:** باسی گۆڕانکاری و چاکسازیت کرد ئایا لەبوارەکانی مامۆستاو قوتابی و خوێندن بەنیازن چی چاکسازییەك ئەنجام بدەن؟

**وەزیــری خوێندنی بــاڵا:** دەکرێت ژیانی نــاو زانکۆ بەســەر چەنــد تەوەرەیەکدا دابــەش بکەین کە بریتین لــە:( خوێندن و توێژینــەوەو وەبەرهێنــان و هەیکەلــی کارگێــڕی و بەڕێوەبردن و مافی مرۆڤ و..) لەهەیکەل شــتێکمان کردووەو بووەتە ئەولەوییــەت لەخوێنــدن، پرۆســەیەکی تێروتەســەل و ئاڵــۆز هەیە پێــی دەڵێن پرۆســەی دڵنیایی جــۆری، کە دڵنیات دەکاتەوە کە مافی قوتابیت پاراســتووەو باشترین زانستت پێشکەشکردووە، تەنانەت پەیوەندی نێوان مامۆســتاو قوتابیش ڕێك دەخات و پرۆگرامی خوێندن پێش دەخات. هەروەها شــێوازی بەخشــینی دکتۆراش گۆڕانکاری بەســەردا هاتووە، لەلایەکی ترەوە بۆ ژینگە بەڕێوەبەرایەتی نوێمان بۆ سەلامەتی و تەندروســتی دروستکردووە، ئەمە جگــە لەپێشــبرکێکردنی قوتابیان لەســەر بنەمای بەهرە کە بــۆ دادوەری کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی توانســتی مرۆیــی زۆر گرنگە. ئەم گۆڕانکارییانە لەتەوەرەکانی ناو زانکــۆ بەرەو لوتکەمان دەبات و بەهاوکاری هەموو لایەك رۆژێك لەرۆژان زانکۆکانمان دەگەیەنێتە لیســتی باشترین ٥٠٠ زانکۆی جیهانی.

**گوڵان:** تۆ بروات بەزانکۆی (نوخبە)هەیە یاخــوود زانکۆکانی (جەمــاوەری)؟ بۆ وڵاتی ئێمە کامەیان باشترو کاریگەرترە؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** ئاراستەی ئێستای حکومەت بۆ زانکۆ نوخبەیی نییە، دوای ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی هەموو زانکۆکان، ئێســتا لەناو هەمــوو زانکۆیەکدا لایەنی بەهێــزو بێهێزیان زۆرە، لایەنــە بەهێزەکان زیاتر ســوودی لێوەردەگرین بۆ داهێنانی زیاتر، من بڕوام بــەوە هەیە لەناو هەموو زانکۆیەکدا چەندین چەقی داهێنان و بەهێز هەبێت، کە وەبەرهێنان و بیرو هزرو ژێرخان، لەتوێژینەوەیەدا لە چەقی داهێنانەدا بێت، لەهیچ وڵاتێکی دنیا زانکۆیەك نیە، پێی بڵێن نوخبە ســەرکەوتوو بووبێت، تەنانەت بۆ نموونــە زانکۆیەکی وەکــو زانکۆی ئۆکســفۆردیش هەمووی نوخبەوی نییە. نوخبە ئەوەیە کلتووری بەردەوامی داهێنان لەنــاو چەقێکی پســپۆرایەتیدا گرنگی و بەردەوامــی پێ بدرێــت، لەبەرئەوەی کاریگەری لەسەر رەوتی زانست دەبێت

## پەیمانگاو کۆلێژە تەکنیکییانە دەکەینە زانکۆ

**گوڵان:** زۆرجار گوێبستی ئەوە دەبین کە بەپێی پێویســت گرنگــی بەپەیمانگاکان نەدراوە، پێــت وانییە کاتی ئەوەهاتووە ئەو شێوازە بگۆڕدرێت؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** لەمەودوا پەیمانگاو کۆلێژە تەکنیکییــەکان گرنگی تایبەتی پــێ دەدرێت؛ ئــەم پەیمانــگاو کۆلێژە تەکنیکییانــە دەکەینە زانکــۆ بۆ ئەوەی بتوانیــن لــەو کۆلێژانــەوە بەهرەمەندی تەکنیکــی وا بەرهەمبهێنین کە ڕێگایان لێ نەگیرێت، لەهەرێــم زۆرترین قوتابی لەم پەیمانگانــە وەردەگیرێت و کەمترین

**لەمەودوا پەیمانگاو کۆلێژە تەکنیکییەکان گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت؛ ئەم پەیمانگاو کۆلێژە تەکنیکییانە دەکەینە زانکۆ بۆ ئەوەی بتوانین لەو کۆلێژانەوە بەهرەمەندی تەکنیکی وا بەرهەمبهێنین کە ڕێگایان لێ نەگیرێت**



ئارەزووی لەسەرە و مامۆستاکانمان ناچنە ئـەوێ، ئێمە بەرنامەمان لەبەردەســتدایە تاوەکو بارودۆخەکــە پێچەوانە بکەینەوە. تاوەکو پەیمانگاکانمان زۆرترین ئارەزووی لەسەر بێت و باشترین قوتابی و مامۆستای بۆ بچێت.

## تەکنەلۆژیای بازاڕ زۆر لە پێشترە لەو وانەو تەکنەلۆژیایەی لەزانکۆ بەکاری دەهێنێت

**گوڵان:** ئەگــەر زانکــۆ و پەیمانگاکانی کوردســتان کارگەی پێگەیاندنی کادری ناوەراســت و بــەرز بێــت، بۆ لــەدوای دەرچوونیــان قوتابیان بێــکار دەمێننەوە بەتایبەتــی لەکەرتی تایبــەت؟ بۆچی هەوڵنادرێت هاوسەنگییەك دروست بکرێت لەنێــوان بازاڕی کارو رێــژەی وەرگرتنی قوتابیان لە کۆلێژەکان؟

**وەزیــری خوێندنی باڵا:** گرفتەکە لێرەدایە ئەو تەکنەلۆژیایەی لەبازاڕ بەکاردێت زۆر لەو وانە و تەکنەلۆژیایە پێشترە کە قوتابی لە زانکۆ دەیخوێنێت یا بەکاری دەهێنێت، ئەمــە وایکــردووە لەبــازاڕ زۆر ئارەزوو لەسەر دەرچووانی پەیمانگا تەکنیکییەکان نەبێت..

## لەکردنەوەی زانکۆ ئەهلی و حکومییەکان تاکو ئێستا پلانێکی ستراتیژی ناوەندی نەبووە

**گوڵان:** وێــڕای کردنەوەی ئــەم هەموو زانکۆ ئەهلییانە، بەڵام دیســان هەســت ناکرێت بەستایلێکی نوێ کار بکرێت؟ ئایا پێوەری دامەزرانی زانکۆ ئەهلی چییە؟

**وەزیــری خوێندنی بــاڵا:** پێــم وایە تا ئێســتا لەکردنــەوەی زانکــۆ ئەهلی و حکومییەکان پلانێکی ستراتیژی ناوەندی نەبووە، کاتێك ســەرۆك وەزیران یا وەزیرێك ســەردانی ناوچەیەك دەکات خەڵکی ئەو شــارە داوای دامەزرانــی زانکۆ دەکەن، تەنانەت شــارۆچکەمان هەیە نزیك یەکە لەبەرئەوەی لە شــارۆچکەکەی تەنیشتی زانکۆ کراوەتەوە بۆیە ئەویش داوای زانکۆ دەکات. پێویستە بەپێی پێویستی هەرێمەکە زانکۆکان و کۆلێژەکان بکرێنەوە، تەنانەت قوتابیان لەکۆلێژو بەشــەکانی بەو پێوەرە وەربگیرێن.

**گــوڵان:** بەنیاز نین ژمــارەی وەرگرتنی قوتابیــان لە کۆلێژەکانــی مافی ئێواران کەمکرێتەوە؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** یەکێك لەو کارانەی بڕیارمان لەســەر داوەو زانکۆ ئەهلییەکان پێیان ناخۆشــە ئەوەیە گەر لەبەشی یاسا، مامۆســتایان زۆر بێت یاخود کەم، نابێت لە ٧٠٠ قوتابــی زیاتر وەربگرن، ئەمەش دوای ئەوە هات کەبۆمان دەرکەوت لەکۆی ١٣ هەزار قوتابی کە لەزانکۆ ئەهلییەکان دەیانخوێند ٧ هەزاریان لەبەشی یاسا بوو. تۆ سەیربکە ئەو هەموو دەرچووانەی بەشی یاســا لەکوێ دادەمەزرێنرێت، لەکاتێکدا تاکو ئێســتا شــارەزامان لەبواری یاسای گرێبەســت ( قانون العقود ) نییە، یەکێك لەو گرفتانــەی کە رووبەرووی حکومەت دەبۆوە، ئەوەبوو کاتێك کۆمپانیایەکی بیانی دەهاتە ئــەم وڵاتەو گرێبەســتی لەگەڵ وەزارەتێکدا دەکرد،لەبەرنەبوونی کەســێکی شــارەزا لەبواری یاسای گرێبەست دەیەها فێڵمان لێدەکرا. کاتی ئەوە هاتووە کۆلێژێك بکەینەوە کە رەوتی زانســت و کرانەوەمان بەرووی دەرەوە پێویســتمان پێی بێت، واتە نابێ تەنیا ژمارە زیاد بکەین، بەڵکو دەبێت پســپۆڕی ئەو بوارەی کەموکورتی تێدایە چارەســەری بۆ بدۆزینەوە، ئەمانە پێوەرن بۆ زانکۆ کردنەوەو دەبێ پێوەریشــمان بۆ نرخی خوێندن لەزانکۆکانی ئەهلی هەبێت و نەهێڵین نەشــیش بســوتێ نە کەباب. بۆ هەڵســەنگاندنی نرخیش پێویســتیمان بەمیکانیزمێك هەیــە، زانکۆ ئەهلییەکان بەشێکن لەئێمەو هاوکارییان دەکەین .

**گوڵان:** ئایا پەیوەندیتان لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوە لــەهیچ ئاســتێکدایە، دەکرێــت ئەو پەیوەندییانــە ببێتــە هەنگاوێــك بــۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆکانی ئێمەش؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** لەرابردوودا لەئاکامی دوو گەمــارۆ بەتەواوەتی لەدنیای دەرەوە دابڕابووین، ئێســتا بارودۆخەکە گۆڕاوەو چوونە دەرەوەی ئێمەو مامۆستایان و هاتنی شاندی زانکۆکانی دەرەوە لەزیادبوونەوە



گرفتەکە لێرەدایە ئەو تەکنەلۆژیایەی لەبازاڕ بەکاردێت زۆر لەو وانەو تەکنەلۆژیایە پێشترە کە قوتابی لە زانکۆ دەیخوێنێت یا بەکاری دەهێنێت، ئەمە وایکردووە لەبازاڕ زۆر ئارەزوو لەسەر دەرچووانی پەیمانگا تەکنیکییەکان نەبێت

تا ئێستا لەکردنەوەی زانکۆ ئەهلی و حکومییەکان پلانێکی ستراتیژی ناوەندی نەبووە، پێویستە بەپێی پێویستی هەرێمەکە زانکۆکان و کۆلێژەکان بکرێنەوە

یەکێک لەو کارانەی بڕیارمان لەسەر داوەو زانکۆ ئەهلییەکان پێیان ناخۆشە ئەوەیە گەر لەبەشی یاسا، مامۆستایان زۆر بێت یاخود کەم، نابێت لە ٧٠٠ قوتابی زیاتر وەربگرن

**لەکۆی ١٣ هەزار قوتابی لەزانکۆ ئەهلییەکان ٧ هەزاریان لەبەشی یاسا بوون. بەڵام تاکو ئێستا شارەزامان لەبواری یاسای گرێبەست ( قانون العقود) نییە**

پێوەندییەکانیشمان ئاستی بەرز بۆتەوە، تەنانەت ناردنە دەرەوەی قوتابی لەتۆڕی تواناسازی پەیوەندییەکانی فراوانتر کردووە، بەڵام لەرووی پرەنسیپەوە پێویستیمان بەداهێنانی میکانیزمێك بوو، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای بەهرەو شەفافییەت، خەڵك هەڵبژێردرێت، بۆیە بوونی میکانیزمی شەفاف دەستکەوتێك بوو بەگشتی جێگای پێشوازی بوو، هاوکات دەرگای سکاڵاش کراوەتەوە، بۆیە سکاڵایەکی زۆرمان بۆ هات و بەیەك بەیەکی سکاڵاکان چووینەوە نەمانهێشت مافی کەس پێشێل بکرێت.

## نابێت چی تر لەجیاتی قوتابی بیربکەینەوەو غەدر لەقوتابی بکەین

**گوڵان:** زۆرمان سەبارەت بەلایەنی مەعریفی و مامۆستایانی زانکۆ باسکرد با کەمێك بێینە سەر قوتابیان لە شەستەکان لەفەرەنساو ئەڵمانیا قوتابیان چاکسازی زانکۆیان کرد، ئایا ئەو جۆرە قوتابیانە هەیە کە داوای چاکسازی بکەن تاچەند گوێیان لێ رادەگیرێت؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** بەبێ قوتابی هیچ چاکسازییەك بەچاکی سەرکەوتن بەدەستناهێنێت، دەبێت قوتابی بهێنینە ناو میکانیزمی چاکسازییەکەو بەشێکی دانەبڕاو بێت لەچاکسازییەکانی زانکۆ، دەبێت ئەمەش بەدەست تێوەردان و تێنەگەیشتن نابێت، ئەوەی شکست بەپرۆسەکە دەهێنێت ئەوەیە کەتۆ بۆ قوتابی هەوڵ دەدەیت، بەڵام ئەو ئاگاداری ئەوە نییە و خۆت وادەزانیت کە لەو باشتر دەزانیت، نابێت چی تر لەجیاتی قوتابی بیربکەینەوەو غەدر لەقوتابی بکەین، لەبواری دادپەروەریشدا دەبێت هەنگاو بنێین بۆ نموونە پێشتر رێنماییەکان وابوو هەر قوتابییەك دەرنەچوایە تەنیا کۆ نمرەکانی ناو دەفتەرەکەی سەیر دەکرا ئێستا ئەم بارودۆخەمان گۆڕی و قوتابی دەرنەچوو دووچار سەیری دەفتەرەکەی دەکرێت و بەشەفافییەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**دەبێت قوتابی بهێنینە ناو میکانیزمی چاکسازییەکەو بەشێکی دانەبڕاو بێت لەچاکسازییەکانی زانکۆ، نابێت چی تر لەجیاتی قوتابی بیربکەینەوەو غەدر لەقوتابی بکەین**

## کەمپی زانکۆ دەخرێتە تەندەرەوە

**گوڵان:** پرۆژەی دیزاینی کەمپی زانکۆ کە ٤ ملیۆن دۆلاری تێچووەو پرۆژەکە یەك ملیار دۆلاری تێ دەچێت، بەکوێ گەیشت؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** کەمپەکەی زانکۆی سەلاحەدین بۆتە یەکێك لەئەولەوییاتەکانی حکومەت، لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسمکردووە، داوای هاوکاری و تەمویلم کردووە، لیژنەیەکی تایبەت بەئەندامیەتی سێ وەزیرو سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پێکهاتووەو تاوتوێی پرۆژەکە کراوەو بڕیار وایە خۆمان پرۆژەکە قۆناغ بەقۆناغ دروست بکەین، ئێستاکە دارشتنی بیرۆکەکەو دیزاینەکە کراوەو ئەمجارە دەخرێتە تەندەرەوە.

## کۆنگرەکە بۆ توێژینەوەو دەستکەوتی زانستییە

**گوڵان:** لەدیسەمبەر بەنیازن کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی زانستی سازبکرێت، تاچەند گەشبینیت لەدەرئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە ئایا هەروەکو هەمووکۆنگرەکانی تر دەبێت؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** کۆنفرانسەکە بۆ بانگەشەو دەنگ دەربڕین نییە، ئامانجی زۆر سەرەکی تێدایە، بۆ ئاڵوگۆڕی و رۆشنبیری نییە، دەبێت هەموو ئەندامێکی زانکۆ لەکۆنگرە ئامادەبێت، هەوڵ دەدەین مامۆستایانی دەرەکی و ناوەوە بەیەکتر بناسێنین و ئاشنای زانستی نوێ بین، لەم کۆنگرەیە ئەو دەرفەتە بۆ چەند مامۆستایەك رێك بکەوێت ئەوەش دەستکەوتە، تۆڕی زانایانی



**بۆچی ئامادەیی پیشەییەکان نەچنە کۆلێژ؟، دەرچووی پیشەیی هەقی خۆیەتی بەرەو زانکۆو بگرە ماستەریش بڕوات**

**لەساڵی داهاتوو مەرجی تەمەن بەتەواوەتی هەڵدەگیرێت و نامێنێت و هەموو کەس دەتوانێت لە زانکۆ بخوێنێت**

کوردســـتان دەبێ ئەوەندە بڵاوبکەینەوە کە ڕەنگ بداتەوە لەبڵاوکراوەکانیاندا. کۆنگرە بۆ ئەوە نییە بڵێین کۆنگرەکەمان ســـازکرد بەڵکو بۆ دەســـتکەوتەو بۆ سوودی وڵات و توێژینەوەو دەســـتکەوتی زانستییە ئەم دەستکەوتانەش بەپێوەر حساب دەکرێت.

**گوڵان:** بۆچی تەمەن لەپرۆسەی خوێندن حســـابی بۆ دەکرێت، ئایا بێت وانییە ئەم مامەڵەکردنــە لەجیهانی پێشـــکەوتووی پرۆسەی خوێندن بوونی نییە؟

**وەزیری خوێندنی باڵا:** لە زانکۆ و وەزارەت لەکاتی دەستبەکاربوونم بۆم دەرکەوت زۆر شـــت پێوەری لەگەڵ نییـــە، ئەگەر وەکو حکومەتیـــش ســـەیری واقیعەکە بکەیت دەبێت لەســـۆز دەربچیت، دەبێت بپرســـیت ئەو تەمەنە بۆچی لەخوێندن حســـابی بۆ دەکرێـــت و بۆچی ئەو هێڵە ڕاکێشـــراوەو ئەگەر لاببرێت چـــی ڕوودەدات؟ بۆچی ئامادەیی پیشـــەییەکان نەچنە کۆ لێـــژ ، دەرچووی پیشـــەیی حەقی خۆیەتی بەرەو زانکۆو بگرە ماســـتەریش بـــڕوات، بۆیە بڕیارماندا خەونی تەمەندارەکانیش بهێنینە دی، بەڵام بەپارەو لەسەر حسابی خۆیان، لەمســـاڵ لەنامەی ماســـتەر و لەبەشی ڕاگەیاندن بەبـــێ مەرجی تەمەن قوتابی وەرگیرا بەڵام لەســـەر حســـابی خۆیان، لەساڵی داهاتوو مەرجی تەمەن بەتەواوەتی هەڵدەگیرێـــت و نامێنێـــت و بەتەواوەتی لەسەرتاســـەری زانکۆ دەتوانی بخوێنیت لە١٠٪ی کورسییەکان دەستی پێ دەکەین و بەرەبەرە بەرەو زیادبوونی دەبەین،.

**گوڵان:** تۆ ســـتایلێکی نوێـــت بۆ دانانی ســـەرۆکی زانکۆو دانانـــی ڕاگرەکان دانا ئایا تاچەند ئەم ســـتایلە جێی ڕەزامەندی و پێشوازییە؟

**وەزیـــری خوێندنی باڵا:**

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان تەئکیدی لەســـەر ئەوەکردەوە کە دەبێـــت دامەزراندن لەســـەر بەهرە و بڕیـــاری وەزارەت بێت، بەبێ ئەوەی لایەنگری هەبێت بۆ کلتوورو دەســـتێوەردان ئەمە دەستکەوتێکی گەورەو پیـــرۆزەو ســـەرەتای گۆڕینـــی هەموو کلتوورێکیش گرفت دروست دەبێت، ڕەنگە یەکـــەم هەنگاو کەموکورتـــی تێدا بێت و ڕەخنە بگیرێت، بەڵام دواتر خەڵکی پێوەرەکە دەبینێت و متمانە دروســـت دەکات. دەبێت کار لەسەر ئەوە بکرێت بەهرەمەندەکان بێنە پێشەوە تاوەکو وڵات بەباشترین شێوە ببەنە پێشـــەوەو بگەینە قۆناغەکانی پەرەپێدان و بەباشترین شـــێوە خزمەت بە وڵات بکرێت.



# میدیای کوردی و پەیماننامەی شەرەف



بەهات حەسیب قەرەداخی

پەیماننامەی شـــەرەفی کاری ڕۆژنامەوانی، ئەو بەربەســـتە ئەخلاقیەیـــە کە ڕێ لە کەف و کوڵە دەروونییەکان و ئەنگێزە نابەجێکانی تاکی ڕۆژنامەنـــووس دەگرێ و جۆرە سانســـۆرێکی خودییە، تاك خۆی لەســـەر خـــۆی دایدەنێ، بۆ ئەوەی ســـنووری ئازادییەکانی خۆی بزانێ و پێ نەنێتە نێو ســـنووری ئازادیی تاکەکانی تری نێو کۆمەڵگـــەوە . بەم مانایە، من بڕوام وایە بەمۆرکردن و واژۆکردنـــی پەیماننامەی شـــەرەفی کاری ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەنووس خۆی دەخاتە ژێـــر بارێکی ئەخلاقیی گرانەوە و تاڕادەیەکـــی زۆریش لادانـــە ئیتیکییەکان و بەزاندنی ســـنووری ئـــازادی و مافی ژیانی شەخسیی تاکەکان کاڵ و کەم دەبنەوە .

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەمەیە : ئایا پەیماننامەیەکی لەمجۆرە تاچەند پێویســـتە بۆ میدیای کوردی ؟ بەبڕوای من ئەگەر پەیماننامەی شەرەف بۆ ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی تر یەك جار گرنگ بێ، ئەوا بێ شـــك بۆ ئێمەی کورد، لەم ساتە وەختەدا ســـەد جار گرنگتـــرە . چونکە ئێمە، بەداخەوە، ســـەرەتایەکی خراپمان دەستداوەتێ و ئەگەر زوو چارەی نەکەین، چەند ساڵێکیتر کار لـــەکار دەترازێ و پەتای ئەم بێ ســـەروبەری و فەوزایە بەجۆرێك تەشـــەنە دەکات کە ئیدی مەحاڵە بە ئاسانی چارەبکرێت . هەر لەبەر ئەو سەرەتا خراپەیە کە لەنێو کایەی ڕۆژنامەوانی و میدیاکاریی کوردیی ئەم هەرێمەدا، کەڵچەرێك (فەرهەنگێکی) تاعوون ئاســـا، بەخێراییەکی سامناك و کوشندە بڵاو بۆتەوە و جێی بەهەموو بەهـــا و نەریت و پێوەرەکانـــی پێش خۆی لەق کردووەو کردوونییەتە دەرەوەی کایەکە ! مەبەستم فەرهەنگی (هەموو ڕاستیەکان لای منە و تۆش هەمووگیانت هەڵەو چەوتییە) (من فریشتەم و تۆ شەیتان) (من دەستپاکم و تۆ گەندەڵ) (من نیشتمان پەروەرم و تۆ ناپاك و بەکرێگیراو).

سامناکترین دەرهاویشـــتەکانی زاڵبوونی ئەم (فەرهەنگە ـ پەتایـــە) ئەمەیە کە، زۆربەمان ئامادە نیین گوێ لەوانی تر بگرین . زۆربەمان ئامادەنین، لەبریی وشـــەی زبر و توندو تەوس و جوێندان، بەزمانی گوڵ و دۆســـتانە قســـە لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بکەین. خواست ومەیلی شـــکاندن و سڕینەوەی بەرامبەرەکانمان تەواوی پانتایی بیرکردنەوەو داڕشتنمانی تەنیوەو جێی بە ڕەخنەی جیددی و زانستیانەو دڵسۆزانە لەق کردووە !

ئایـــا لـــە ڕەوش و هەلومەرجێکـــی وەهـــادا، ڕۆژنامەنـــووس و میدیـــاکاری ئـــەم هەرێمە ســـازو ئامادەیە بـــۆ داڕشـــتن و مۆرکردنی پەیماننامەیەکی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسی ؟ ئاخـــۆ لەتوانایدایە تا ســـەر، پابەندی وەها پەیماننامەو گرێبەستێکی ئەخلاقی بێ ؟

بەبڕوای من نەخێر ! ئەگەرچی ڕەنگە داڕشتن و تەنانەت مۆرکردنیشی زۆر سەخت نەبێ بەڵام پابەندبوون پێوەی و وەك پێویســـت پیادەکردنی، کارێکـــی زۆر ســـەخت و دژوارە، چونکـــە نەوەیەکی بەرفراوانی میدیاکارو ڕۆژنامەنووس و نووســـەر و تەنانـــەت خوێنەریـــش، لەم ١٠ ســـاڵەی دواییدا، کە پەروەردەو گۆشـــکراوی ئەو جـــۆرە فەرهەنگەین، بەداخـــەوە بووینەتە بەڵایـــەك و یەخەی ئـــەم میللەتەمان گرتووە. زۆربەمان لەســـەنگەرداین بۆ هەموو ئەوانی تر ! زۆربەمـــان بەم کەڵچەرە گۆشـــکراوین و بەم پێوەرانە ڕاهێنراوین وپەروەردەبووین، ئیتر ئێســـتا چۆن پێمان قبـــووڵ دەبێ هەروا کتوپڕ هەموو ئەو فەرهەنگە فەرامۆش بکەین و سانسۆرێکی ئەخلاقیی توند لەسەر خۆمان دابنێین !؟

گەڵاڵەکردن و داڕشتنی پەیمانامەیەکی شەرەف بـــۆ کاری ڕۆژنامەنووســـی و میدیاکاری لە هەرێمـــی کوردســـتاندا زەرورەتێکی مێژوویەو ئیشـــێکی فرەجەمســـەرە و بە بـــڕوای من بۆ سەرخســـتنی پرۆژەیەکی وەها گرنگ، دەبێ جگە لە سەرنووســـەر و ڕۆژنامەنووســـە دیارو بەئەزموونەکانمـــان، هەم کەســـانی پســـپۆڕ و ئەکادیمیی بواری ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی و کۆمەڵناس و دەروونناس و یاساناسی نێوخۆیی و هـــەم هەندێ دەزگای میدیـــاو ڕاوێژکاریی ئەوروپایی (بەتایبەتی ئەسکەندناڤی) بەشدارییان پێ بکرێ، بۆ داڕشـــتنی ڕەشنووســـێکی ئەو پەیماننامەیە، پاشـــان پێویستە بخرێتە بەردەس و چاوی زۆرترین ژمارە لـــە ڕۆژنامەنووس و میدیـــاکاران بۆ گفتوگـــۆو دەوڵەمەندکردنی، دواتـــر ڕاپرســـییەکی لەســـەر بکـــرێ لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا . دواجاریش پاڵپشتێکی یاســـایی لە پەرلەمانەوە بۆ دەربکرێ و ئینجا لە ڕێوڕەســـمێکی شایســـتەدا ڕابگیەنرێ . بۆ پیادەکردنیشی پێویستمان بە کارێکی سەخت و درێژخایەن هەیە لەســـەر دوو ئاست: یەکەمیان لەنێو خودی ڕۆژنامەنووســـان و میدیاکاران و دەزگەکانیاندا، ئەویش بە سازکردنی ۆرکشۆپی ڕاهێنـــان و هۆشـــیارکردنەوەی بەردەوامیان بە سەرەتا و بنەما ئەخلاقییەکانی کارو پیشەکەیان و سەرنجراکێشـــان و ســـزادانی ئەوانەشیان کە لادانی ئەخلاقییان لێ دیاریدەدا. ئاستی دووەمی کارکردنیش لەنـــاو جەمـــاوەردا دەبێ، لەڕێی میدیاکانەوە، لەڕێی پەروەردەو فێرکردنەوە، دەبێ و خەڵك و جەماوەر و نەوەی نوێ بە فەرهەنگی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن گۆشبکەین و لەسەر بنەماکانی پاراستنی کەرامەت و ئازادییەکانی تاك و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەنی ڕایانبێنین . ئەوســـا لەلایەك میدیاو ڕۆژنامەوانیی کوردی لەو پاشـــاگەردانی و فەوزایە ڕزگاریان دەبێ و شوێن و پێگەی شایســـتە بەخۆیان دەسێننەوە، لەناو پرۆسەی بەدیموکراسی و بە دامەزراوەیی کردنـــی ئەم کیانە سیاســـی و ئیدارییەماندا . لەلایەکی تریشەوە، هێدی هێدی دەبینە خاوەنی خەڵك و جەماوەرێکی هۆشـــیارو بەپەرۆش بۆ ماف و دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەرپرس لە پاراســـتنی کەشـــوهەوای ئازادیی ڕادەربڕین !

# دادگای حەریری: کش مەلیک!

(١)

(کش مەلیك) لە یاری شەترەنجدا، واتە: مەلیك(شـــا) ی ڕەش یا سپی کەوتە خەتەرەوە، یـــا هەمووڵایەکی لێبڕایەوە و. مرد!

هەڤاڵێك، نـــاو بەنـــاو، ئەگەری ئەنجامـــی بارودۆخـــی بارێکـــی لێدەپرســـیم، هەر وەختـــی بمگوتبا، کش مەلیـــك!.. ئـــەوە دەیزانی کار تەواو، کێشەکە بە بنبەس گەیشتووە، شەهید سامی عەبدولڕەحمان حەزی لە بیســـتنی ئـــەم زمانە بـــوو بۆ شیکردنەوە!

- ئەمجارەیان دەربـــارەی بڕیاری مەزەنەکراوی دادگای تیرۆری ڕەفیق حەریری، ســـەرەکوزەیرانی پێشووی لەبنان، ئێژم: کش مەلیك!

- چونکە وا دیارە هەر کە ئەو بڕیارە دەرچێـــت وەکو ئەوەیـــە جووڵانەوەی مـــۆری شـــەترەنجەکە بەرەو(کـــش مەلیك) دەچن.

جووڵانەوەی هەر مۆرێکی ڕەش یا سپی شەترەنج کاریگەری ڕاستەوخۆ دەخاتـــە ســـەر مۆرەکانـــی دیکەی هەردوولا.

لە شـــەترەنجدا مۆری سەربازی، فیل، ئەســـپ، قەڵا، شـــاژن و، شا دادەنرێن، لە ئەنجامدا دەبێ یەکێك لە شـــاکان بکوژرێت، چ ڕەش یا سپی، ئەمجارەش (شا) یەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،(کشـــی لێدەکرێـــت)، ئەم شـــایە مەرج نییە مەلیك بێ، ڕەنگە ســـەرەککۆماری یـــا سیســـتەمی ڕژێمی (یا چەند ڕژێم پێکەوە) ببێت.

(٢)

دەرچوونی بڕیارە چاوەڕوانکراوەکەی دادگای نێودەوڵەتـــی تیرۆری حەریری ڕەنگە ببێ بە گرنگترین جووڵەی یاریی شەترەنجی ئەمجارە..

کە مۆرەکان یەك بەدوای یەکدا دەمرن تا بە(شا) دەگات.

دانیشـــتنی ســـەرانی پەیمانی ناتۆ لە(لەشـــبوونە) هەرەشـــەی لە(شـــا) دەربڕیوە، واشـــنتۆن و فەرەنسا و گشت یەکێتی ئەورووپا پشتیوانی پتەوی خۆیان لـــە دەرچوونی بڕیاری دادگاکە پیشانداوە تا(عەدالەت جێبەجێ) ببێ و (هیچ پیاوکوژ و تیرۆریســـتێك)لە سزا دەرباز نەبێت!

ئەســـپ و چەنـــد ســـەربازی تیپی بەرامبـــەری شـــەترەنجەکە جووڵانەوە و هاتنە دەنگ تـــا بەڵکو وەڵامی(ناتۆ) بدەنەوە، بـــەڵام ئیدی درەنگ داهاتووە، واپێدەچێت کار لە کار ترازاوە.

ئەگەر هەندێ سەرانی ناتۆ بەم وتارەی من بزانن باش دەزانن چیم گوتووە!

لـــەوە کەمتر یا زیاتـــر نەگوتووە کە ئەوان بۆی چوونە، وەختێك یاری بە(کش مەلیك) بـــگات ئیتر مۆڵەتی پێنادرێت چونکە یارییەکە هەڵناوەشێتەوە.

(٣)

جوانی یاریی شـــەترەنج لەوەدایە کە بە بێدەنـــگ دەجووڵێتەوە تـــا هاوار لە شا(مەلیك) هەڵدەسێنێ!

لە یاریی ئەمجارەدا قیرەو فریاد و ناڵە و ئامان لـــە چەندین لایەنی دیکەوە بە چەرخی فەلەك دەگات وەلێ بێهوودەیە!



**فەلەکەدین کاکەیی**

# ژێرخانێک بۆ دروست کردنی بڕیار لە کوردستاندا



دکتۆر ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی *

ســـەرەڕای ئەم واقیعــە ناوازەیەی کوردســـتان و دەرکەوتنــی ڕۆڵــی پێشــکەوتووانەی هەرێمەکە بۆ ناوچەکــە، ئەمــەش خراوەتەچوارچێــوەی دەوڵەتی ناوەندی عێراقــەوە، دوا ڕۆژی کیانی سیاســیانەی هەرێمەکــە پابەندبووە بەو توانا سیاســیەی کەلەگەڵ خاڵە پەنهانەکانی هێــزدا یەکانگیرە، هەروەها لەگەڵ خاڵــە لاوازەکانــی فاکتەرە دەرەکیەکانــدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەتایبــەت مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەحەدیــات و لەمپەڕ شــاردراوانەی لــە فاکتەری دەرەکیدا هەن....

هەر بۆیە ئەمــڕۆ لە جاران زیاتر پێویســـتمان بە پەرەپێدانی میکانیزمە گونجاوەکانە هەروەها لەمیانەی پێڕەوکردنــی ژێرخانێکــەوە بۆ بڕیارە سیاســییەکان پێویســـتیمان بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەستەبژێری سیاســییە بــۆ پێشــهاتەکانی فاکتــەرە ناوەکی و دەرەکیەکان.

قسەکردن لەســـەر ژێرخانێ بۆ بڕیاری سیاسی بە واتای سازدان و ئامادەکردنی دەستەبژێری خاوەن فکر و ئەزموون لە داڕشتنەوەی بڕیاری سیاسی پڕ زانیاری هەروەها بۆ شــیکردنەوەی گونجــاوی زانیاریەکان لە ڕووی زەمەن و شوێنەوە.

بەهەرحاڵ ئەمە سازدانێکی کەشوهەوای فیکریی دەیەوێــت بەهۆی نزیك خســـتنەوەی دروســـتکارانی بڕیاری سیاسی و دەســـتەبژێرانی خاوەن ئەزموون لە یەکترەوە، ئەمەش لە دوای دروســـتبوونی هەلومەرجی بەدامودەزگایــی کردنــی ناوەنــدەکان و بونیادنانی تواناسازی تاکەکانەوە دێنە دی، ئەو ڕێبازە زانستیانەی کە لە شــیکارکردنی پیشەسازی بڕیارە سیاسییەکاندا لەم ســەدەیەدا بەکاردێــن بۆ چنینــەوە و گرێچنی بڕیارێکی سیاسی، وردەکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی پێویستن، ئامانجی ستراتیژی لە بڕیاردا نەهێشــتنی ئەو کەلێنــە بەرینەی نێوان کوردســـتان و جیهانــی دەرەکییــە، جیهانێك لە ناو شۆڕشــێکی زانستیانەدا دەژیی کە تژییە بە گۆڕانکاری ڕۆژانەی بزاڤەکانی (کەلوپــەل و خزمەتگوزاری و کەســەکان و زانیارییەکان) لە زەمانێکدا کە بە زەمانی جیهانگیری دەناسرێت...

هــەر خوێندنەوەیەکــی وردی واقیعــی جیهانی ئەمڕۆ هاندەرە بۆ ســـازادانی دەســـتەبژێری خوێنەوار تا بە کردارەکی لە بونیادنانــی بنەماکانی دەوڵەتیی هاوچەرخ لە کوردستان پاڵپشت بن کە ئەمەش پێویستی بە داڕشـــتنەوەی بڕیاری سیاســـی هەیە و چەندین چارەسەری گشتگیری تر بایەخیان پێویستە لە پێناوی مانــەوە و بەردەوامیدان بە کیانێکی سیاســـی وا کە سیستەمی دەوڵەتداری هاوچەرخ پێویستی پێی هەیە، ئەم بابەتە پەلکێشمان دەکاتە ناو شیکردنەوەی چەمکی شارەزا و ڕاوێژکار بەواتا هاوچەرخەکەی ئەمڕۆ کە ئەو دوو پسپۆڕایەتییە واتە(شـــارەزا و ڕاوێژکار) پێویستە ئەزموونی کەڵەکە بوونیان لە بواری ئەکادیمی خۆیاندا هەبێت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەوڵەمەند بن هەروەها ئەزموونێکی کرادرەکییان لە پسپۆڕێتی خۆیاندا ئەنجام دابێت، ئەمەش ڕێگە خــۆش دەکات تا لەم خاڵانەی خوارەوەدا هاوبەشی بکەن.

١- وەرگێـــڕان و پاڵپشـــتی کردنــی تێڕوانینــی سیاسییانەی کوردستان لە بواری پەرەپێدانی ئابووریدا بەشێوزاێکی هاوســـەنگی وا کە ئەندازەیەکی سیاسی هەبێ بۆ پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەی ژێرخان و سەرخان، لەم ڕووەدا ئامانجی باڵا وەدی دێت کاتێ ئاسایشــی نەتەوەیی پڕ بە پێســـتی وشەکە بناغەیەکی مەتین و بەهێز بۆ کوردستان مســـۆگەر بکات، کە ئەمەش لە ڕێی پەرەپێدانی ئەم بوارانەی خوارەوە دێتەدی.

أ- هێزی ســـەربازی (بابەتێکە دواتر و لە دیالۆگی تردا لێی دەدەوێین)

ب- هێـــزی ئابـــووری کـــە بناغەکـــەی لە ڕێی ئەنجامدانی ئەم خاڵانەوە دێتەدی.

١- ئاسایشی خۆراکی.

٢- ئاسایشی وزە

٣_ئاسایشی ئاو...

٢- چارەســـەرێك بۆ فەرامۆشــکردنی ناوخۆیی ســـەرچاوەکانی مرۆیی لە کوردســـتان و بونیادنانی ژێرخانێك بتوانێ ئــەم لاوازییەی ئەدای جێبەجێکردن بگۆڕێــت بە ئەدایەکــی بەرهەم هێنــەر، پەرەپێدانی مرۆیــی داواکراویــش کاتــێ دێتەدی کـــە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوســـەنگ بکرێنەوە وەك داواکاریــەك بۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی تەحەدیاتی سەردەم...

ئەمـــەش لە ڕێی نەخشـــەدانان بۆ ئـــەم بوارانەی خوارەوە:

أ- داڕشـــتنەوەی سیاسەتی پەروەردە و فێکردن بۆ گەوران و منالان لە ڕێی ئامانجێکی ســـتراتیژی کە بەهۆیەوە هێزی کاری ئەکتیف و چالاك و پڕ زانیاری و شارەزا بە ڕەوشتی کارکردن و پسپۆڕایەتی وەدی بێت بۆ کارکردن لە بازاڕدا....

أأ- داڕشـــتنەوەی سیاســـەتێك بـــۆ چاودێـــری تەندروستی لە کوردستان کە بتوانێ ژینگە(تەندروستی سروشت) بپارێزێت و ئامرازەکانی چارەسەریشی لابێت و ئاگاداری تەندروستی گشتی کۆمەڵگە بێت چونکە تەندروستی باش لەسەر فاکتەری بەرهەم هێنانی تاك و کۆمەڵگەی تەندروست ڕەنگ دەداتەوە.

أأأ- داڕشـــتنەوەی سیاســـەتێك بـــۆ وەبەرهێنان و ئامادەکردنی هاووڵاتی وەك هۆکارێکی بونیادنان نەك وەك هۆکارێکی ئیســـتهلاکی کە مشەخۆر بێ لەسەر ژێدەرەکانی سروشت.

٣-پتەوکردنـــی دینگەکانـــی هونـــەر و فیکر بۆ دەوڵەمەندبوونی ناســـنامەی کەڵچەری کۆمەڵگەی کوردســـتانی کە هاریکار دەبێ لە پەرەپێدانی خیتاب و دیالۆگی ناوخۆو دەرەوەدا بەتایبەت لەگەڵ جیهانی مەدەنییـــەت، هەروەها هاریکارە بـــۆ دەوڵەمەندکردنی هۆشیاری گشتی و پاراستنی بەهاو مێژووی فیکر و ڕە□شـــنبیری لە کوردستان و گەیاندنی ئەم پەیامانە بە پێداویستییەکانی مۆدێرنە و دواتر بوونیادنانی هێزی نەرم( soft power )) لەناو هەموو کۆمەڵگەی کوردیدا.

٤- نەخشـــاندنی دەروازەکانی گۆڕانکاری پێویست لە کوردســـتان و تێپەڕاندنی لەم ئاســـتە تەقلیدی و نزمەی ئابووری ئێستایەوە بەرەو ئابوورییەکی پەرەپیدەر و پلــە بەرزی مەعقوڵ و نزیك بـــە ئازادی ئابووری بازاڕ بەشێوەیەك پێکدان لە نێوان پەرەپێدانەکانی گوند و شار دروست نەکات.

بۆ مســـۆگەرکردنی دانانی ئەم نەخشەســـازییەش پێویستە ئەم هاوسەنگیە وەدی بهێنرێت:

أ- بەڕێوەبردنێکی دادوەرانە بۆ سەرچاوەکانی نەوت و کانزاکان کە زامن کراوبن.

أ-بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان بە زەمانەتی گۆڕانکاری ئابووری- کۆمەڵایەتی و گواســـتنەوەی لە ئابووری کشـــتوکاڵیەوە بۆ قۆناخی پیشەســـازی خۆراکی سوکەڵە.

٥- دەست نیشانکردنی مەترسییەکانی دەرەوە کە لەم سەدەیەدا ڕووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە، ئامادەکردنی تاك و کۆمەڵ بۆ کێبەرکیەکی فەرهەنگی لە زەمانی جیهانگیریدا.

٦-دەســـت نیشـــانکردنی هەڵکەوتەکانی دەرەکی کە واقیعی جیهانگیری دەیڕەخســـێنێ،و ســـوود لێ وەرگرتنی بۆ بەرژەوەندی گشتی، بەمەش ڕێگە خۆش دەبێـــت بۆ پەرەپێدانی توانای ناوخۆ تا لە پرۆســـەی دیموکراتی خۆرهەڵاتـــی ناوەندا ڕۆڵ بگێڕێت و بەرەو بازاڕی کراوەی نێودەوڵەتی بکرێینەوە.

٧- پتەوکردنی پێوەندی ئاڵۆگۆڕ لە نێوان دامودەزگا و بنکەکانی توێژینەوەی ســـتراتیژی نێو دەوڵەتی کە زامنی یەکگرتنی نێوان پێکهاتەکانی ژێرخانی بڕیاری سیاســـی و ئابوورییە لە کوردســـتان وەهەروەها کرانەوە لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بە گشتی.

دیمـــانەی تایبەت
گوڵان
ژمارە (٨٠٧)
٢٠١٠/١١/٢٩

# بەشداریکردنی سیاسی وەک بنەمایەکی دیموکراسی



**کنێر عەبدوڵڵا**

ویڕای جەختکردنەوەی ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی گرنگی بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە نێوەندەکانی بڕیارسازیدا، بەڵام بەگشتی پێواری ژنان لەم بوارەدا بۆتە واقعێکی بەرجەستە و جەختکردنەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانیش لەم بارەیەوە مشتومڕ و دەرئەنجامی زۆری لێکەوتۆتەوە . چەسپاندنی «کۆتا» لە نێوەندی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانییەکاندا بەڵگەی هەوڵەکان دەسەلمێنێ ویڕای ئەوەی لەمەدا نەوەستاوە، بەڵکوجەختکردنەوەی ژنان بە زەرورەتی بوونیان لە نێوەندی پۆستە باڵاکانی پارتەکاندا دەستکەوتێکی تری کارەکانە کە لەو نێوەندەدا ڕەنگدانەوەی دەردەکەوێت، لەکاتێکدا خەسڵەتی گشتی پارتە سیاسییەکانی سەرتاسەری کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لاوازی و پێواری ژناندا خۆی دەبینێتەوە کە بە بەرزبوونەوەی بەرپرسیارێتی و پۆستەباڵاکان لە حزبدا ڕێژەی ژنان روو لە کەمی دەکات لە کاتێکدا تا لە دامەزراوە بنکەییەکانەوە نزیك بینەوە ڕێژەکە لە بەرزبوونەوەدا دەبێت . لە ڕاپۆرتێکی » یونفێم» دا کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەرچووە هاتووە :»ئەگەر بوونی ژنان لە پەرلەمانی وڵاتە عەرەبییەکاندا سنووردارە، ئەوا بۆ کۆمەڵە فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە :بوونی ئیرادەیەکی سیاسی ڕاڕا و جیاجیا هەروەها لاوازی بەشداریکردنی ژنان و نوێنەرایەتیکردنیان لە پارتە سیاسییەکاندا « بەدەر لەوانەش بێگومان ئەقڵیەتی پیاوسالاری وخێڵەکی، دابونەریتی کۆمەڵگە، ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان،شێوازی حوکمڕانی لە وڵاتدا،جیاکاری جێندەری و خودی ژنانیش بەربەستن لەبەردەم پێواری ژنان لەو نێوەندەدا، لەم ڕوانگەیەوە گرنگە هەوڵی : گۆڕینی سستمی جیاکاری بە سستمی یەکسانی، ڕێزگرتنی دووسەرە، گۆڕینی ئەقڵیەتەکان بەرامبەر بە ژنان،سەپاندنی سستمێکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر یەکسانی بونیادبنرێ و بە یاسایەکی یەکسان، لە نێوەندی خێزانەکانەوە دەستپێبکات چونکە دواتر ئەمەیە دەبێتە گۆڕینی سستمی باوکسالاری لە کۆمەڵگەدا جگە لە پیاچوونەوە بە یاسا و دابونەریتە جیاکارییەکان کە پیرۆزی دەبەخشێ و لەسەر سەرچاوەی ئایینی بونیادنراوە و ڕێگرە لەبەردەم بەرزکردنەوەو گەشکردنی ژنان، بەدەر لەوەی هەموو ئەوانە گرێدراوی پێواری دیموکراسیی و تێکشکانی باوەڕ و متمانەیە لە دامەزراوە سیاسییەکاندا،هەروەها بۆ چاککردنی دۆخی ژنان لە پارتە سیاسییەکاندا پێویستە هەوڵی : چاککردنی دۆخی گشتی بدرێ لە وڵاتدا، هێنانەدی چاکسازی دیموکراسیەت کە پێویستی بە دەوڵەتێکی یاسایی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەکان هەیە، جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان،سەربەخۆیەتی دادوەری، گەشەدان بە کاری حزبی و پیاچوونەوەی یاساکانی تایبەت بە پارتە سیاسییەکان و ئازادکردنیان لە بەربەستەکان، گۆڕینی فەزای پارتە سیاسییەکان لە فەزایەکی نێرینەوە بۆ تێکەڵ، هۆشمەندکردنەوەی ئەندامانیان بەوەی بەشداری ژنان بە مانای بەشداریکردن دێت بۆ هێنانەدی پەرەپێدانی مرۆیی لە وڵاتدا جیاوازی نەکردنیان بەوەی تەنیا ئەرکە کۆمەڵایەتی و ژنانییەکانیان بخرێتە ئەستۆ،بەڵکو تێکەڵکردنیان بە گشت مەسەلە ئابووری و سیاسییەکانەوە . ماوەتەوەبڵێم ڕاستە وەك قۆناغێکی کاتی «کۆتا» یەکلاکەرەوەیە بۆ چاککردنی دۆخی ژنان، بەڵام لەوەش گرنگتر کە تەواوکەری ئامانجە ڕاستەقینەکەیە هەڵبژاردنی ژنانێکە کەتوانا ولێهاتوویی و شارەزایی و ئەزموون و هۆشمەندی سیاسییان ببێتە پێوەری هەڵسەنگاندن نەك دەستەگەری و ناسین و خزمایەتی ودواجار تەنیاهێمایەك بن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان .بێگومان ئەوەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی پارتەکان کە زەرەر بە پرۆسەکە بگەیەنن یان بە پێچەوانەوە.